
# پیاوەکەی ئەشکەوتی لاسکۆ

و

# مەتەڵی بیرەکە

Jean-Loïc Le Quellec



تەرزمانی لە فەرەنسییەوە: سەردار حەمەڕەش

# پیاوەکەی ئەشکەوتی لاسکۆ

## و

## مەتەڵی (بیر)ەکە

**l’homme de Lascaux et l’énigme du puits**

**Jean-Loïc Le Quellec : ژۆن لۆیک لوکلێک**

**تەرزمانی لە فەرەنسییەوە: سەردار حەمەڕەش**

ژۆن لۆیک لوکلێک(**Jean-Loïc Le Quellec** )، بەڕێوەبەری گەڕان لە توێژینەوە خەرجیەکانە لە (*CNRS*). شارەزا لە هونەری ئەشکەوت، چەندەها وتار و کتێبی لەسەر میتۆلۆژی و هونەری پێشمێژوو نوسیوە .

**ئەوە ئەفسانەكانمان،**
**چەوتیەكانمان كە هێندە ئازاریان داین**
**بە بەگژداچونەوەیان بەرامبەر بە هەڵەكانی پێشومان.**

**پۆل ڤالێری، پرۆژەی پێشەكی**
.(Paul Valéry, Projet de préface)



**ئەشکەوتی لاسکۆ (دۆردۆین، فەرەنسا). Grotte de lascaux.( Dordogne)**
**کلێشە Centre National de préhistoir - MCC - N. Aujoula**

پیاوەباڵندەکە مردوە و  بیزۆنەکە دەمرێت
جەستەی درێژی کە بە پەرۆشەوە پێداگر بوو
هەنووکە ستونە بە زامی دژواری.
ئای ! کوژراوی  بێ هەناو!

ڕۆنێ شار ( René Char)

یەکێک لە دیمەنە هەرە دێرینە ناودارەکان << پیاوی ئەشکەوتەکە >> یە، ناوبانگیەکەشی کەمتر نیە لە <<  شانۆی بیر >> ی ئەشکەوتەکە. بۆتە << کەسایەتیەکی هەرە ناوداری **پالیۆلیتیک**[1] >>،  بە لێشاو مەرەکەبی ڕشتووە، لەوەتەی ساڵی 1940 دۆزراوەتەوە. بێ شک ئەم فیگورە، لە هەموو هونەری ئەشکەوتا زۆرترین ڕاڤەی بۆ کراوە، سەمەرە ترینیان ئەوەی فێلسیسیتا گۆدمان (Félicita Goodman)ە، کە وەهای باوەڕە گەیشتن بە توانای حاڵ بەستراوەتەوە بە پلە گۆشەی جەستەوە بە پێێ ستونیەکەی، بە پشتبەستن بە فۆتۆگرافی بەگومان گوایە پیاوی بیرەکە بە 37 پلە لار بۆتەوە، ئەمەش بە بیری ئەو لەبارە بۆ خۆ خستنە حاڵەتی حاڵ...کەواتە ئەو پیاوە دەتوانێت تەنها **شامان**[2] ێک بێت!

شانۆی بیرەکە بریتیە لە کۆمەڵە ڕەسمێکی بچوک، دەستەواژەی بۆیەکاری لە ڕاستیدا هەڵەی زمانەوانیە، نەخشەکە بە خەتی ڕەش و بە ئۆکسیدی مانیێز(Oxyd de magnése) کراوە. ئەو نەخشانەی کە لە ناو <<  بیر >> ە کەی لاسکۆدا کراون، پێنج مەتر لە قوڵاییدان و ڕۆشتنە ناو شوێنەکە ئاسان نیە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو قوڵاییە ڕووکەشە، چونکا لە بنەڕەتەوە <<  بە هۆکاری ئەو بنمیچەی کە دروستبووە، لە ناو کەوانەی، بەڵخی قوڕەسورە لماوییەکەوە کە لە تەختاییەکەوە هاتووە >>  دەنا لە راستیدا بنی ئەو بیرە نزدیکە لە ئاستی بەرزایی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەشکەوتەکە.
پشکنینەکان کە بۆ لێدوانەکان لەسەر بابەتی ئەم نەخشە کراون، جیاوازیی بۆچوونەکانمان لە سەر  هونەری پێشمێژوو بۆ ڕوون دەکەنەوە...هەروەها هەڵەکانیشیان.

---

**[1] پالیۆلیتیک: سەردەمی وەدەرکەوتنی یەکەم مرۆڤۆچکەیە، سێ ملوێن ساڵ لەمەوبەر هەتا شۆڕشی کشتوکاڵی. وشەکە بە مانای بەردین دێت، واتە سەردەمی بەردین. نێۆلیتیک بە مانای ؛ بەردینی نوێ دێت، مەبەست لە سەردەمی کشتوکاڵییە.(وەرگێڕ)**

**[2] شامان : ئەو کەسیە کە پەیوەندی دەبەستێت لەگەڵ جیهانی غەیب، جیهانی سەرو، جیهانی ڕۆح بە تەکنیکی زکر و حاڵ و ئێسکستاز،...تاد. لە هەندەک کۆمەڵگەی ئاسیا و ئەمەریکا بە نمونە.(وەرگێڕ)**

ساڵی1941، لابێ بغۆی (l’abbé Breuil)، ئاوا قسەی لەسەر ئەم پێکهێنە کرد:

<< لەو شوێنەدا [...] بیرێکی حەوت مەتری قوڵ هەیە، لەناویا نەخشێکی تێدایە، پیاوێک پیشاندراوە کەوتووە بە پشتاو مردووە، بە تەنیشتییەوە، ڕمەکەی کە بەکاری هێناوە بۆ کوشتنی بیزۆنەکە، کەوتووە، بێ شک لەوەوبەر برینداری کردووە و بیزۆنەکە بەرامبەری وەستاوە بە چۆقدان، ئەتوانم بلێم هۆکاری هەڵنەهاتنی لەبەر ئەوەیە کە ورگی هەڵدڕاوە، بەڵام باوەرم بەوە نیە تەنها بە یەک ڕم توانیبێتی ئەو کارە ئەنجام بدات، بۆیە وەهای بۆ دەچم بە دەستە راستا ئەکتەری سێهەممان هەیە؛ کەرکەدەنەکەیە کە لەوان خۆی جودا دەکاتەوە، پێ دەچێت ئەو پیاوەکەی کوشتبێت و ورگی بیزۆنەکەشی هەڵدڕیبێت، بە ئەسپایی دەروات وەک ئەوەی زۆر ڕازی بێت لەو کارەی ئەنجامی داوە. >>

لە هەمان ساڵدا لابێ بغۆی، زیاتر لەسەری ئەدوێت و لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ ئەکادیمیەک بە ناوی (Acadèmie des inscriptions et Belle-Lettres):

<< پیاوێک، وادیارە مردوو، لە پشودایە لە نێوان، بە ڕاستیا، بیزۆنێکی برینداری پڕ هەڕەشە و کەرکەدەنێکی مودار بە چەپیا. پاشماوەی بیزۆنێکی بچوکتریش دەبینین تۆزێک خواروتر لە بیزۆنەکە. پیاوەکە بە هێڵکاری دەستنیشانکراوە، بە لاری کەوتووە بە پشتا؛ سەری، بچکۆلە، لە هی باڵندەیەک دەچێت بە دەنوکێکی قوتەوە؛ باڵەکانی، بەملاو لایدا بڵاوبونەتەوە، بە دەستێکی چوارپەنجە کۆتاییان دێت؛ سنگی درێژبوەوە، بە دوو خەتی تەریب کراون کە لە ئاستی کەمەریدا ئەستور دەبن، بە یەکتری دەگەنەوە بە نیوەبازنییەوە، لەو دووڕێیانەدا، لەویادا کە سێکسی تێدایە، خۆی دەبینێتەوە بە ئاسۆیی بەرامبەر بە بیزۆنەکە [...] لەژێر پێیدا [ پێیەکانیا] ئۆبژەیەکی کورت دەبینین بە قولاپێکەوە، بەوسەری تریەوە کە وەک خاچە، لە **هاوێژەر**[3]ێک دەچێت. یەکلایەنەیە کە ڕمەکەی خاوەنی نوکێکی تیژە، لە بیزۆنەکە دەدات؛ دوو لەسەر سێی هڵدڕاوە لە ئاستی کەمەریدا. لە سکی بیزۆنەکەوە ڕیخۆڵەکانی هاتونەتە دەرەوە، شکڵی شوێنەواری چاڵێکی گەورەی چوارلایەنە پێکدێنێت. بیزۆنەکە وەستاوە، بە خەتی ڕەش نەخشکراوە لەسەر شڵپەیەکی زەردی سروشتیی، بە کارامەیی هەڵبژێراوە بۆ نەخشێکی دوو ڕەنگی. قاچەکانی، بە ڕوانگەیی چەماوەن، شایەتی هیچ بزاوتنێک نادەن، هەرچەندە دەربڕینێکی کاریگەری هەیە بە سەر و بە چۆقی تیژ و پڕ هەڕەشەی بەرامبەر بە پیاوەکە [...] کلکی بەرزەوەبووی ڕادەوەشێنێت وەک ئەوەی توڕە بێت. ئەگەر وەها بیردەکەمەوە، لەبەر ئەوەی تۆزێک مەیلم بەلای ئەوەدا دەچێت کە بە تەنها بە لێدانی ڕمێک توانیبێتی ورگی بیزۆنێکەی هەڵدڕیبێت، بوونی کەرکەدەنێک بە چەپا بە هەنگاونانێکی لەسەرخۆ ئەوە ڕوندەکاتەوە؛ وادیارە کە دوردەکەوێتەوە، ئارام دیارە، ئەوەی تێکشکاندووە کە نیگەرانی کردووە [...]، فیگورێک ماوە ڕوونی بکەینەوە، دارێک لەبنەوە توکاوی، تاجەکەی سەری، باڵندەیەکی ئاسایی بە

[3] **هاوێژەر، یان پاڵنەر( propulseur) : بریتیە لە چەکێک بۆ ڕاوکردن، یان شەڕکردن لەسەردەمی پالیۆلیتیکی ژوروودا، بۆ تورِدانی ڕم یان شتی تر بەکارهاتووە.(وەرێر)**

بێ قاچ و بە بێ کلکی لەسەرە. بیری داری تەرمناشتنی هندیەکانی ئاسکیمۆی ئالاساکای ڤانکوڤەری خستمەوە. گرنگە کە بزانین ئایا ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن نادۆزینەوە لە بەردەم ئەو بۆیەکاریەدا، بێشک پێ دەچێت ڕیوڕەسمی ڕوداوێکی نەخوازراوی ڕاوکردن بێت. >>



**وێنەی 01 : ئەو وێنەیەی لە پەیوەندیەکانی لابی بغۆیدا بۆ نیشاندانی دۆزینەوەی نەخشی لاسکۆ نێردراوە بۆ ( l’Académie des inscriptions et Belle-Lettres ) لە ساڵی 1941 دا : سێکسی شێوەمرۆڤەکە کوژاوەتەوە، پێکهێنەکەش وەها پیشاندراوە کە شیوەمرۆڤەکە بە ئاسۆیی ببینرێت ( Breuil 1941 : 368 ).**

بۆمان هەیە پرسیار لە مەبەستی << **پاپای پێش مێژوو** [4]>> بکەین بەو وێنەیەی کە ناردبووی بۆ ئەکادیمی لەگەڵ نوسراوەکەیدا. بە پرماناترین کارەکتەری کوژاندنەوەی: سێکسی پیاوەکە بە جوانی کوژاوەتەوە! هەر خێرا هاتوهاوار بڵاوبویەوە لەسەر دیارنەبوونی سێکسی، یان بە پێچەوانەوە لەسەر بوونی دەوری لەو ڕووەوە، هەروەها لەسەر قەبارەی، وەک لابێ خۆی شایەتی دەدات.

<< ئایا نەمان گووت کە پیاوەکەی لاسکۆ، وەک لە فۆتۆگرافی ساڵی1940ی میشێل ئێشاک (M.Ischac)، کە لە کاتی خۆیدا کۆپی کردەوە لە ئیلوستراسیۆنەکەدا، ئۆرگانی پیاوانەی بە ئاستەم دەبینرا، لەگەڵ زەمەندا بە تەواوی گەشەی سەندووە؟ شایەتی حالەتی شتەکان بووم لە ڕۆژی دۆزینەوەیەوە، دەتوانم بڵێم شتێکی وەها گرنگ نیە، هەروەوەها ئیلوستراسیۆنەکە ئەو وردەکاریەی سڕیوەتەوە، بۆ شاردنەوەی لە بەردەم بینەری شەرمندا. دەبوایە بیری لێ بکرایەتەوە! >>

---

[4] **پاپای پێش مێژوو: نوسەر بە توانجەوە لابێ بغۆی (l’abbé Breuil ) بە پاپای پێش مێژوو ناودەبات. لەبەر ئەوەی لابێ بغۆی، یەکێک بوو لەو قەشانەی کە ڤاتیکان وەک خوێندەوار و زانا لەو سەردەمەدا دەیانخستنە ناو کۆمەڵگەوە لە هەموو بوارێکی زانستیدا بە مەبەستی بەلادابردن و داگیرکردنی نێوەندی ڕۆشنبیری بەلای فکری کەنیسەدا. (وەرگێڕ)**

راستە، لە نێو فۆتۆگرافیە سەرنجڕاکێشەکانی میشێل ئیشاک (M.Ischac) لەو بڵاوکراوەیەدا، ئەوەی شانۆی بیرەکە نیشان دەدات، بنی نێرتکەکە بە جۆرێک سڕاوەتەوە، تەنها پارچەیەکی وەک خەتێکی جودا لە جەستەی دەبینرێت **(وێنەی 02)**. ئەمەش ڕوونکراوەتەوە لەلایەن میشێل ئیشاک خۆیەوە.



**(وێنەی02) یەکەم فۆتۆگرافی پیاوەکەی لاسکۆ، لە لایەن فۆتۆگرافەر M.Ischac، بڵاوکرایەوە لە 4.01.1941 لە L'illustration دا،بەبێ ئەوەی ڕەتوشیک نێرتکی داپڕاندبێت بە تەواوی لە باقی جەستەی، بەبی ئەوەی هەمووی بکوژێنێتەوە ( M.Ischac 10: 1940 ) .**

<< لە نزدیک کەرکەدەنێکەوە بە کەلەکی توکناویەوە، پیاوێک بە نیوە هێڵکاری— سەری وەک دەنوکی چەتر، جەستەی بە دوو خەتی تەریب کراون، چوارپەلی وەک نەخشی منداڵان کرون، بەڵام بە چوار پەنجە، پێ دەچێت بە ویست بووبێت — بە لێدانی بیزۆنێک ئەکەوێت بە پشتا، کە تیرێکی گەورەی نوکتیژی تێ چەقاندووە و ڕیخۆلەکانی دێنە دەرەوە بە وێنەی ئەسپی شەڕی گا؛ لەبەردەم پیاوەکەدا، هاوێژەرەکەی کە بەکاری هێناوە بۆ هەڵدانی ڕمەکەی، کەمتر ڕوونە، باڵندەیەکیش بە شێوازی نەخشێکی دیاریکراو لەسەر دارێکی چەقیو. >>

کەواتە لابێ دەبێت بێ تاوان کرابێت، لە هەمان کاتا پاش ماوەیەک خەتابار دەکرێت بە نابینایی تەواوی لە بەردەم نێرتکی گیرەبەندکراوی << **خانمی سپی** [5]>> ی براندبێرگ

---

**[5] خانمی سپی : بۆیەکاریەکی ئەشکەوتییە، ساڵی 1918 دۆزراوەتەوە لە Brandberg لە وڵاتی Namibia، لەنێو هەزارەها بۆیەکای تردا بەناوبانگترینیانە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 2000 ساڵ لەمەوبەر، لەلایەن بوشمانەکانەوە نەخش کراوە. دەستەواژەی "خانمی سپی" لە کولتووری ئەوروپای مۆدێرن بە مانای کەسایەتیەکی تۆقێنەر دێت، لە فیلمە ترسناکەکاندا دەیبینین، وەک لای خۆمان کاتێک باسی کەسایەتی ساحێب دەکەن لە لادێکانی کوردستان، گوایە بە جلکی سپیەوە شەوانە دەگەڕێتەوە. نەخشی فیگورێکی ئەو ئەشکەوتەش بۆ هەندەک لێکۆڵەرەوە بە خانمی سپی چوێندراوە، نوسەر بە توانجەوە وەک هاوبەندیەک لەگەڵ نەخشی پیاوەکەی لاسکۆ باسی دەکات. (وەرگێڕ)**

(**Brandberg**) ... لە راستیدا  نە سپیە نە خانم. دوای ئەمە سێکسی پیاوی لاسکۆ دەبێتە ئۆبژەی ڕاڤەکردنی جیاواز، بەڵام دەستکاریکردنێکی تری ئەم نەخشە کاریگەرییەکی زیاتر و درێژەخایەنی دەبێت: ئەویش بریتیە لە گۆڕینی باری ڕووی نەخشەکە، گۆراوە بۆ ئەوەی پیاوەکە بکەوێتە باری قنجییەوە، باری ستونیەوە، بەڵام دوو ئۆبژە دەبینین بە تەنیشت پیاوەکەوە دانراون، کەواتە لە ڕاستیدا وەها نیە. بەڵام بە داخەوە خراپەکاریەکە کراوە: ڕاکشاو لەسەر پشت، ڕەپ بوون یان نا، ئەو پیاوە بە شێوەیەکی گشتی وەک مردوو بینرابوو، لەوانەیە بە لێدانی لەلایەن بیزۆنە بریندارەکەوە، نێرتکی دەبێتە جێگای ڕاڤەکردنی زۆر سەمەرە وەک ئەمەی خوارەوە:

<< پیاوەکەی لاسکۆ، پەنجەکانی تەنها چوار پەنجەی کورتن، زۆرباش بڵاو بونەتەوە هەتاوەکو بە ویست وبە ئاگاییەوە هێڵکاری جەستەییمان تێ بگەینێت؛ لەوانەیە ئەمە تەنها کارەکتەری ڕەپبوونی نێرتکیمان بۆ ڕوون بکاتەوە، هەموو ئەمانەش بە پەیوەندی ئەندامەکانی بەشی سەرەوەی جەستەی >>.

ئاوا، ئەم نەخشە هیچ ئامانجێکی تری نەبووە جگە لە هێڵکاری ڕونکردنەوەی جەستەیی؟ وەک لابێ بغۆی دەیووت: << چۆن بیری بۆ ئەوە چووە ! >> بەهەمان شێوە بۆ ڕونکردنەوەیەکی تری وەک ئەوەی  ئالان بۆردیک (Alain Bordrick) کە نوسیبووی << نێرتکی کە بە ڕەپی نیشاندراوە، ئەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بە پچراندنی بڕبڕەی پشتی مردووە >>.


زۆر لە سەرنجبێژان، وەک بەرهەمی گێرانەوەی ڕوداوێکی نەخوازراوی ڕاوکردن ڕەچاویان لەم نەخشە کردووە، هەندێک وەهای بۆی دەچن کە بیزۆنەکە پیاوەکەی پلیشاندبێتەوە، هەندێکی تر بە پێچەوانەوە، وەک ژۆرژ لوشلێر(George Lechler)، وای باوەڕە کە پێ دەچیت کاری کەرکەدەنەکە بێت. لەم ڕوانگەیەوە، جێی سەرسوڕمان نیە کە باڵندەی سەر چڵە دارەکە نزدک لە پیاوە ڕاکشاوەکەوە: پێ دەچێت هاوێژەرەکەی بێت، لە دەستی دەرچووبێت کاتێک ڕاوکەرەکە کەوتووە بە پشتا. زیاد لەوەش، ئایا لە بەردەم ئەشکەوتی سێ برا (Trois frère) لە ئارێیژ (Arège)، سەری هاوێژەرێکمان نە دۆزیەوە وەک **شێوەباڵندە**[6] یەک ڕازاوە بە باڵندەی بچووک  لە تەنیشتەکانیەوە بۆ سازاندنی باڵەکانی؟ بە بیری ژۆرژ لشلێر ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە << باڵندەکە، بە جادویی، لێرەدا باش دیاریکراوە، لەبەر ئەوەی ***mana***[7] کەی دەتوانێت باڵ بدات بە

---

**[6] شیوەباڵبدە : (Ornithomorphe) شکڵی بونەوەرێک نزیک لە شێوەی باڵندەوە.(وەرگێڕ)**

**[7] Mana : مانا، بریتیە لە کۆڵەکە و سەرچاوەی جادوگەریی و دین، سەرکەوتنی هێزی سپیریتوێلی گروپ و کۆمەکی یەکگرتنەوە دەدات.(وەرگێڕ)**

ڕمەکەیی و توانای باڵندەی پێ بدات و وەک ئەو بفڕێت >>. لێرەشدا جارێکی تر تەنها تێفکرانی بەسە. لەگەڵ ئەوەشدا ئاندرێ لوغوا گوغا (Andre Leroi-Gouran)، بەلای هەمان ئەو نزدیککردنەوە تەکنەلۆژیەدا دەیشکاندەوە و دوپاتی دەکاتەوە:
<< نیشانەکان ماون، بیرم کردەوە کە ئەوەی لە بەرپێی پیاوەکەدا دانراوە ڕمەکەیەتی، دارەکەی بەسەری باڵندەوە، ئەویش هاوێژەرەکەیەتی [.....] ( نمونەی جۆرێک لە کەڵەشیری برویێر (Bruyére) کە لە ماس دازیل (Mas d’Azil ) دۆزراوەتەوە، لە ئێستادا زۆر سوور نیم >>. **(وێنەی 03).**



**(وێنەی 03 ) هاوێژەر بە دیکۆری شێوەباڵندە لە ماس دازیل Mas- d’Azil ( بە پێی Vayson de Pradenne 1934 pl.2,n°1).**

هەندەک کەسی تر ڕوونکردنەوەی جیاوازیان بۆ کردووە، بەهەمان شێوەی (F.de Daniel) کە ئەو وێنەیە زیاتر تەکنیکی ڕاوکردنە و بەندە لەسەر فێڵ، کە ڕاوکەرەکان دەیکەن بۆ نزیککردنەوەی نێچیرەکان لە خۆیان.
لە گەڵ زەمەندا خوێندنەوەی زۆر جیاواز زێدە دەبن. رایمۆند لانتێر (Raymond lantier) دەڵێت : << ئەو پیاوەی مردووە، هاوێژەرەکەی بە قولاپێکەوە لەبەر پێیدا بە تەنیشتیەوەیە، لە نێوان کەرکەدەنێک و بیزۆنێکدا، دەربازبوونیان بە مەبەستی خۆ رزگارکردنیانە بە دەرکەوتنی ڕاوکەرەکە >>. داننان بە کارەکتەری << ناوازە >> و ڕوننەکراوەی ئەم کۆپێکهێنە. بەڵام ئانێت لامینگ (Annette Laming) هەوڵی داوە بیبەستێتەوە بە چەمکی تەوتێمی پێشمێژوو:

<< ئەگەر ئەو پیاوە بە سەری باڵندەوە، جادوگەرێکی شاراوە بێت یان ڕاوکەێکی وەرچەرخاو. کەواتە بونەوەرێکی هەقیقی و زیندووە، ناتوانین رێگری لەو پرسیارە بکەین کە ڕووبەرومان دەبێتەوە؛ بۆچی بەو شێوە رەمزییە نیشان دراوە، پێ دەچێت لە ژێر شکلی مردویەکدا [ ...] لەو ڕوەوە ئێمە دورین لە کۆنسێپتی جادوی دۆستانە. لێرەدا ئێمە

ڕووبەڕووی کارێکی زۆر جیاواز دەبینەوە لە چۆنایەتیدا. نە بیرۆکەی خواوەندێک، نە هیچ جۆرە بونەوەرێک لە سەرو سروشتەوە بۆ ئەو مرۆڤە سەرکەوتووە دەگونجێت. ئەگەر فاکتەرەکانی تر بخەینە ناو کەوانەوە، دەتوانین بلێین کە نەخشەکەی لاسکۆ پێ دەچێت بوونی تەوتێمی پێشمێژوومان بۆ باس بکات، یان بەلانی کەمەوە مرۆڤی پالیۆلیتیک ئاشناییان بە چەمکی بەشداریکردن هەبووە، واتە یەکایەتی لە نێوان جیهانی مرۆڤ و جیهانی ئاژەڵ، ئەم یەکایەتیە وەک شتێکی نا هەقیقی و ڕەمزی ڕەچاوی لێ کراوە. بە نەبوونی دۆکیومەنتی تر، دەبێت ڕازی بین بەوەی کە ئەم نەخشە لەوە زیاترمان پێ نالێت. ئایا ئەمە شانۆیەکی میتۆلۆژیە یان مێژوویی؟ ئایا مردنی پێشینەیەکە یان دوژمنێک؟ بە هیوای داهاتوویەک یان ڕووداوێکی بەسەرچوو؟ ناتوانین دانی پێدا بنێین. >>
ئاندرێ رۆزنفێلد (André Rosenfld) و پیتەر ئیوکۆ ( Peter Ucko) کە بە شێوەیەکی گشتی تۆزێک کەم قسەن لەسەر شیمانەی لێکدانەوە، دوودڵن لەسەر ئەوەی کە نزدیکببنەوە لە بۆچوونی تێمی شامانیک یان تێڕوانینێکی فراوان، تەنها ئەوە نەبێت کە وێنەکە لەوانەیە ڕەمزی سێکسوێل بێت، وەک بۆچوونی ئەندرێ لوغوا گوغا ( André Leroi-Gourhan):

<< ئەگەر وەک رەمزیی ڕەچاو لە هەموو هونەری پالیۆلیتیک بکەین، دەتوانین بەم شێوەیە لێکدانەوە بۆ ئەم نەخشە بکەین: کۆمەڵێک باڵندەی شەڕانی هێرشیان کردۆتە سەر کۆمەڵێک بیزۆن، لەناوبراون لەلایەن کەرکەدەنێکەوە کە خۆی دەرباز دەکات >> . یان بۆچونێکی تر: << باڵندەی سەر چڵەدارەکە چوێندراوە بە مرۆڤێک ئەویش بە کەرکەدەنێک؛ هەموویان ڕەمزی نێرینەن لە پەیوەندیدان لەگەڵ بیزۆنەکە کە رەمزی مێینەیە >> . ئەندرێ برۆدریک ( Alan Brodrick)، کە ناومان برد، بووە ژیاننامەنووسی لابێ بغۆی، شتەکان بەجۆرێکی تر دەبینێت:
<< پێکەوەنانەوەی ئەم چیرۆکە "تراژیدیایە پێشمێژوو"ە ئاسانە : پیاوەکە چووە بۆ ڕاو بە ماسکی باڵندەوە بە خۆی ( لەوانەیە) و هاوێژەرە شیوەبڵندەکەیەوە. بیزۆنێکی بە تیرەکەی بریندار کردووە. بیزۆنە بریندارەکە هەڵگەراوەتەوە بەرامبەر بە پیاوەکە و بە چۆق کوشتویەتی؛ لە کاتێکدا دەیەوێت پیاوەکە لەتوپەت بکات، کەرکەدەنێکی توکناوی دێت و چۆقێک دەدات لە گامێشەکە بە چۆقە درێژە دژوارەکانی . >>

سالی 1957 ژۆرژ باتای (george Bataille) دەڵێت: < بابەتی ئەم نەخشە بەناوبانگە [...] پێ دەچێت کوشتن وگیاندانەوە بێت >>. دوای ئەوەی ساڵی 1961 لێکدانەوەیەکی تر ئەدات لەسەر نەخشەکە بە هێشتنەوەی بەشیکی زۆری مەتەڵەکە:

<< پیاوێک مردووە وەک ئەوەی دەردەکەوێت، کەوتووە لەبەردەم ئاژەڵێکی گەورەی بێ جووڵە و پڕ هەڕەشە. ئەو ئاژەڵەش بیزۆنێکە، هەرەشەکەی کە دەیکات زیاتر دەمانخاتە باری دڵەڕاوکێوە: ژێر سکی هەڵدڕاوە و بریندارە، ریخۆلەکانی هاتونەتە دەرەوە.
وایدەبینین ئەو پیاوەی کە راکشاوە و لە ئاژەڵەکەی داوە بە تیرەکەی مردووە... بەڵام پیاوەکە پیاوێکی ئاسایی نیە، سەری وەک سەری باڵندەیە و دەنوکێکی هەیە. هیچ شتێک لە

گشت ئەمانەدا هەقیقەتی پارادۆکسی نێرتکی ڕەپی ناسەلمێنن. لەم شانۆیەدا کارەکتەری ئێرۆتیک بوونی هەیە؛ ئەو کارەکتەرەش ڕاشکاوانەیە، ڕوونە و بە ڕوونی دەستنیشانکراوە، بەڵام رونکردنەوەی نیە. >>

فیلیپ سۆلەر (Philippe Sollers ) یش ئاوا لێدوانی لەسەر دەدات:
<< بیزۆنێک بریندارە و توڕەیە، پیاوێک بە سەری باڵندەوە کەوتوە و نێرتکی ڕەپە، بالندەیەک لەسەر چڵی دارێکە، کەرکەدەنێک دوردەکەوێتەوە ... کە چۆتە خوارەوە تەنها جارێک و پاشان بۆ هەتایە مۆرککراوە بە هاوارێکی بێ دەنگ. ژۆرژ باتای، لە ئەشکەوتێکدا بە وێنەی قەحبەخانەیەک، بەردەوام بوو لەبینینی ئاسمانی پر لە ئەستێرە . >>
دواجار لێدوانەکەی بەم جۆرە تەواو دەکات :
<< درامایەکی ڕاو، کەواتە. بیزۆنێک بە خراپی بریندار بووە، ( باڵندە- مردن) ێک کە ڕەپ دەبێت، بەڵام ئەو خۆی دەهاوێژێت بۆ ژیانەوەیک لە بەرگی کەرکەدەندا. هاوکێشەیەکی مێتامۆرفۆزە. " دابەزین بۆ بیر"ە کە، بە یارمەتی گوریسێک، لەوانەیە ڕێوڕەسمێکی ناسراوبێت. شامانەکە- بە- دەنوک وەدەستی دەخات، لەناو قوڵایی داخراودا، شوناسی کۆمەڵە ئاژەڵێک بە ئازادی لە سروشتا. >> فرانک بوردیێر( Franc Bourdier ) هەندەک جار وەک << زۆرانبازی گای پالیۆلیتیک >> دەیناسییەوە لە << بیزۆنە بریندارەکە >> دا بە تەنیشت << پیاوە ڕاکشاوەکە بە نێرتکی رەپیەوە >> هەندێک جاریش وەک << سەفەری شامانیک بەرەو بیزۆنێکی گەورە >>. بەڵام دونیز ڤیالو ( Denis Vialou) کە لە سەرەتاوە لێدوانی سنوردار کردبوو بە ناوهێنانی وەک << پیکهێنێکی " شانۆیی" ناوازە لەناو هەموو هونەری دیواریی پالیۆلیتیکدا >> . لە ساڵی 2017 دا، جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر ئەو پێکهێنە، بەوەی کە کلکی << ڕاوەشاو >> ی کەرکەدەنەکە << لەوانەیە تەنکە خەیاڵیکی مێتافۆری ڕەحەتبوونێکی سێکسوێلی پراتیککراو بێت >>. کۆتایی پێ دەهێنێت بەوەی کە نیشانەی شەش خاڵەکە لە پشتیەوە << رووکەشی ڕیالیسمی ئەو ئەکتەرە بەهێزە تەنها ماسکێکە بۆ داپۆشینی چیرۆکێک، لەوانەیە تاریک و بە سێکسیش پەڵەدار کرابێت >> بۆ پیاوەکەش:
<< لە سەرمەقولاتداندایە: بە پێچەوانەوەیە و هێشتا پاڵنەکەوتووە و نەمردووە. نێرتکی، نیمچە ئاراستەکراوە، لە حاڵەتی نێوەندایە، لەوانەیە کاردانەوە، لە نێوان ئەوەی بوە و ئەوەی دەبێت، لە ئاراستەی ژیان یان مردندا؛ مردنێک کە هێشتا بڕیاری لەسەر نەدراوە بۆ ئەو، بە پێچەوانەی ئەوەی وادەردەکەوێت بۆ بیزۆنەکە. قاچە سەمەرەکانی، وەک ئەوەی ڕەپیی پێ درابێت، بەند دەبوو لەسەر پلانێکی خەیاڵی ئەگەر کەسایەتیەکە لە سەرمەقولاتداندا نەبوایە. دەستەکانی، بە هەمان شێوەی قاچەکانی ئاسایی نین، ئاماژە بە ئەنیمەیشنێک دەکەن بە هاوپەیمانی لەگەڵ نێرتک و باڵەکانی بە نیوە کراوەیی. سەری دانەنەویوە، بەڵام بە پێچەوانەوە جێگیر بووە لەسەر جەستەی ناسکی هەردەم قوت. سەرێکی نەشیاو، هەروەها کەمتر سروشتیی، وەک دەنوک کراوە ، خۆشی بەبێ کارەکتەرێکی ئەناتۆمی: لەوانەیە زیاتر پێشنیاری سێکسی مێینەمان بۆ بکات >>.

ئەم نەخشە بەناوبانگە << دارِشتنەوەی رۆمانتیک >> یشی بۆ کراوە بە قەڵەمی میشێل ڕوسۆ( Michel Rousseau)، کە خۆی بڕیاری بەسەردا دەدات و دەڵێت: << بە

تەواوی قایلکەر و بێ کەموکوڕیە >>... دوابەدوای  گەشەدان بە بیرۆکەکەی، ڕێگەمان پێ دەدات بەرشتی شکی لێ بکەین:
<< ئەو ڕۆژە، باڵندەی دەشتەکی، چاکترین ڕاوکەری ئەو دەڤەرە، بە تاقی تەنیا ڕۆشتبوو، بە پێێ سەرکێشی هەمیشەیی، بۆ دۆزینەوەی بیزۆنێک. چەکبەشان، چەند ڕمێک و دوو هاوێژەر: ئەوەی کە شانازی و هیزی بوون، وەک شکڵی باڵندە نەخشکرابوو بە (باڵندە- گەورە)، ئەوەی باوانی؛ ئەوەشی کە ڕازابوویەوە بە خاچێکی سادە، لای پەسەند بوو بە سوکی و هاوسەنگیی، کاریگەریی هاویشتنی. بە دەستیەوە، چەکێکی درێژ. مێگەلەکە زۆر دور نەبوو, هەروەها، بەهۆی شانسییەوە، نێرەیەکی کەتە بە جیا لەولای مێگەلەکەوە وەستابوو. نزدیکبوونەوەی لێی بەرامبەر بە با، بە خۆڕاکشاندنی لە ناو گژوگیای تۆزێک بەرز. لە کاتێکدا کە ڕمەکەی خەریک بوو دەگەشت بە دڵی، ئاژەڵە زەبەلاحەکە کەوتە بزاوتن. یەکەمیان، گوێی لە نزدیکبوونەوەی کەرکەدەنە توکنەکە بوو،  هەمیشە نابینا و هەمیشە توڕە. بەڵام تازە دێرە بۆ خۆلادان لە هەڕەشەی. بیزۆنەکە بە دوو چۆقە کوژەرە ناقۆڵاکەی تلێری کردبویەوە. ڕیخۆڵەکانی دەهاتنە خوارەوە  بەسەر پێیە لەرزۆکەکانیا. پاشان ڕاوکەرەکەی بینی. لە شپرزەییدا، (باڵندەی- دەشتەکی) هاوێژرەکەی سوکیی گوومکردبوو، ئەوی تریشی چەقیو لە زەوی، هاواری بۆ باوانی کرد. دەی ویست بە هەردوو دەستی ڕمە درێژەکەی بگرێت. بەڵام تازە بیزۆنەکە بە مردوویی کەوتبوو. پێش ئەوەی خۆشی بگەوزێت . >>

وەک لەو بەشەی ئەشکەوتەکەدا کە ناونراوە ئەبسید << **Abside** [8]>> لە بەشی سەروی بیرەکەوەیە، سەدەها نەخشی ئاژەڵ و نیشانەی تێدا هڵچنراون، ئەندغێ لوغوا گوغا ( André LeRoi-Gourhan) پرسیاری لە خۆی دەکرد کە ئایا ئەم کۆمەڵە پێکهێنەیە پەیوەندی بە <<  شانۆی مردنی پیاوەکە و بیزۆن>> ەکەوەیە، وای بەبیردا دەهات کە ئەو نەخشە دەیتوانی بە جۆرێک << کارەکتەری ئێکس ڤۆتۆ ( **ex-voto** [9]) >> بێت.

بەڵام ئایا ئەو بیزۆنە بە ڕاستی مردووە و ورگی هەڵدڕاوە و ڕیخۆڵەکانی هاتونەتە دەرەوە؟ ئەوە ڕای نۆێێل سمیت ( Noel Smith ) نیە، کەوەهای باوەڕە << سپیرالی هێلکەیی >> کە دەبینرێت لە ژێر ئەو ئاژەڵەوە نیشانەیەکە، نەک خستنەڕووی ڕاستیگەریی،  لەگەڵ ئەوەشدا کە هونەرمەند نیازی رەسمکردنی ڕیخۆلەی ئەو ئاژەڵە داماوەی هەبووە، نۆێل سمیت وەهای بۆ دەچێت کە،
<<  ئەمە پێ دەچێت نوێکردنەوەی ژیانمان دەستنیشان بکات، لەبەر ئەوەی بریتیە لە ئۆرگانێک کە ژیانی ڕووەکی وەردەچەرخێنێت بۆ بیزۆن. مرۆڤ ڕووەک هەرس دەکات و

---

[8] **Abside : نیوە کەوانەی پشتەوەی کەنیسەیە، لە پشتی ئەو بەشەی کە پێی دەڵێن دڵ. (وەرگێڕ)**

[9] **ex-voto : کەل و پەل و هەر جۆرە ئۆبژەیەکی تر کە دادەنرێت لە کەنیسەدا بە مەبەستی بەدی هێنانی ئاواتێک یان سوپاسگوزاری .(وەرگێڕ).**

ئاژەڵان دەبن بە کەسایەتی. بەڵام، " گەدە" نیشانەیەکی زیادە ترە بۆ وەرچەرخاندنی شکڵێکی ژیان >>.

هەمان نوسەر سڵ لەوە ناکاتەوە کە ناوازەیی باری سەری بیزۆنەکە بە ڕێکەوت نەبێت. دەتوانین وەهای دابنێین لاملی دەلێسێتەوە، بەڵام ئەوەی زۆرتر شیاوە بە پێی گووتەی نۆێل سمیت ئەوەیە کە << چۆقەکانی بەکار دەهێنێت بۆ گواستنەوەی هێز و بەپیتیی نێرینە بۆ شێوەمۆرڤە ڕەپبووەکە >> — بەڵام دەبێت سوربین لەوەی کە ناوبراو لە حاڵەتی ڕەپبووندایە، وەک دەبینین لە دواییدا. بۆ باری سەری << دژی قانونی ئەناتۆمی >> یە، ڕاشکاوترین ڕووکردنەوە ئەوەی ئاندغێ لوغوا گوغانە کە وەهای باوەڕ بوو ئەوە تەنها ناکارامەیی هونەرمەندە. ناوبراو لەگەڵ ئەوەشدا بە خراپی << خستنە ناو دیوار >> ی ئەم نەخشەی کردووە، یەکەم جار نەخشی شیوەئاژەڵەکەی کردووە، پاشان جەستەی بیزۆنەکە، پێش ئەوەی هەست بەوە بکات — بەڵام دوایی ! — کە دەزانێت جێگای پێویست نەماوە بۆ باش نیشاندانی سەری ئاژەڵەکە.

بۆ بابەتی شیردەرەکەی تر، کلۆد گێرا ( Claude Guérin)، شارەزا لە کەرکەدەندا، ئاوا پرسیار دەکات:
<< ئایا پەیوەندیەکی هەقیقی هەیە لە نێوان پیاوەکە، دارەکە و بیزۆنەکە و کەرکەدەنەکە؟ ئایا کوژراوە لە لایەن بیزۆنەکەوە یان کەرکەدەنەکەوە؟ ئایا بیزۆنەکە ورگی هەڵدڕاوە، ئەوەش لەلایەن پیاوەکەوە ئەنجامدراوە یان کەرکەدەنەکە؟ پیاوەکە لەم یان لەوی تریانی دوو ئاژەڵەکەی داوە؟ >>

بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی هەموو ئەو پرسیارانە بکەین خۆیی و مارتین فۆر( Martine Faure ) ی پالیۆتۆلۆگ بە هەمان شێوە شارەزا لە شیردەرەکان و **کارتونێر**[10]وەک **ئارکیۆزۆلۆگ**[11] لە پالیۆلیتیکدا، سەلماندویانە کە لە سەردەمی پالیۆلیتیکی ژوورودا، ڕاوکردنی کەرکەدەن بە پێی تەکنیک مەحاڵ بووە. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر ڕاوکردن دەبینین لە نەخشی بیرەکەدا، کەواتە پەیوەست نیە بە بیزۆنەکەوە.

با بگەڕێینەوە بۆ ساڵی 1996، بۆ مەتەڵی پیاوێکی ڕاکشاو بەڵام وادیارە نێرتکی ڕەپە، شارەزایەک لە خەودا، میشێل ژۆڤ ( Michel Jouve) ، کورتی دەکاتەوە بەوەی کە نەمردووە، بەڵام خەوتووە، لە قۆناغی خەوتنی پاردۆکسالدایە.

<< هونەرمەند ویستویەتی خەون بینین، لە هەمان کاتا کۆنسێپتی خەون و ناوەڕۆکی خەونمان بۆ ڕوون بکاتەوە. ئەمرۆ دەزانین کە بەستنەوەی نێرتکرەپبوون لەکاتی خەوتنی

---

[10] **کارتونێر (Quartenaire) : یان سەردەمی کارتونێر، سیستەمی کارتونێر نوێترین سێهەم سەردەمی جیۆلۆجییە، سەردەمی مێژووی زەوی،** دواهەمین **2.6 ملوێن ساڵ.(وەرگێر).**

[11] **ئارکۆیۆزۆلۆگ : شوێنەوارناسانی ئاژەڵانی دێرین.(وەرگێر).**

پارادۆکسالدا یەکسانە بە چالاکی خەیاڵەوە لای پیاو. ئەم ڕەپبوونە بە جۆری خەونەکەوە نەبستراوەتەوە، ئێرۆتیک بێت یان نە. باوانمان 20 هەزارساڵ لەمەوبەر ئەم دیاردە فیزیایە جەستەییەیان دەستنیشانکردووە کە لە ساڵی 1965 دا دۆزراوەتەوە لە لایەن شارل فیشەر( Charle Fischer) ەوە. دارەکەی کە باڵندەیەکی لەسەرە باسی ڕوونکردنەوەی خەون دەکات. لە کاتی خەون بینیندا، ڕۆح ( لێرەدا بە باڵندە چوێندراوە، وەک با ( Ba ) لە میسری دێریندا) جەستە جێ دەهێڵێت. لەوانەیە بیزۆنە بریندارەکە بە تیرەکە وێنەی خەونئاسایی خەونبینەر بێت. >>

ئەم نوسەرە ڕێگای کردەوە بۆ ڕاڤەیەکی فرۆیدیی، بە خێرایی وەرگیراوەتەوە لە لایەن فرانسیس ساکۆ( François Sacco ) پزیشکی دەرونی منداڵان و شیکاری دەروونیی:

<< ئەگەر پیاوەکەی لاسکۆ بە تەواوی بەرامبەر بە بیزۆنەکەیە، ئەگەر هەردووکیان لە ناو ئاڵ وگۆڕی دوولایەنەدان کە جێگایەک بۆ هەر یەکێکیان مسۆگەر دەکات بە دەبڵ شەوقدانەوە، جیاوازی مامەڵەی وێنەداریی نایان خاتە هەمان شوێنی فیزیاییەوە، لەبەر ئەوەی بوونی پشکی ڕەمزیی بە تەنیشت پیاوە ڕاکشاوەکەوە جێگایەکی فیزیایی تری پێ دەدات >>.

میشێل گرانژۆن ( Michel Grangeon )، بە هەمان شێوە دەروون شیکار، بەڵام **لاکان[12]ی**، وای باوەڕە کە << بیزۆنەکە بە شێوەیەکی سروشتیی دژ بە پیاوەکە دەوەستێتەوە و بەهێڵکاریی ڕوونکراوەتەوە، ئاژەڵ بە شێوەیەکی گشتیی بە وێنەی فیگورێکی خوداییە، بەڵام لە هەمان کاتا ئاژەڵبوونە بە بوونی مرۆڤەوە >>. ئەم بیرۆکەیەی بە پشتبەستنە بە پەرەگرافێک لە کتێبی گاڵتەجاڕی سێکس(Mascarade des sex) ، ئەو کتێبەی کە برۆتۆن ستێفان( Broton Stéphane ) دەقێکی کوشتن و گیاندانەوەی ژۆرژ باتای ئازیزی تێدا دوبارە دەکاتەوە:

<< مردنی پیاوە ڕەپبووەکە بە ماسکی باڵندەوە، بەشێوەیەکی هێلکاری گرنگ نیشاندراوە، تۆزێک ئەبستراکت، بە کۆنتراستی لەگەڵ بیزۆنێکی ورگهەڵدڕاودا، کورتکراوەتەوە بە جۆرێکی ریالیسمی زۆر بە ئەمەک. بەڵام زۆرتریش هەڵدەگرێت: لەم نەخشەدا مرۆڤ هەردەم "ڕووکەشی گەورەیی ئاژەڵەکەی وەرگرتووە" [....] ئۆبژەی یەکەمین ترانسگرێسیۆنە (سنورتێپەڕاندن. وەرگێڕ) وەک ژۆرژ باتای دەڵێت، کە لەم سروشتە بە ناسروشتکراوەدا ڕووکەشی ڕۆحی بنەڕەتی دەبینێت، واتە ئاژەڵی خودایی >>. بە پێچەوانەوە ئەم باوانەی **ئەنیوبیس** (Anubis)[13] ی برۆنز، مێگەلی مانگای ڕەش و گای

---

[12] **لاکان : دەروونناسی بەناوبانگی فەرەنسیە دوای فرۆیدا. (وەرگێڕ).**

[13] **ئەنیوبیس (Anubis) : خواوەندێکی ڕێوڕەسمی ناشتنە لە میسری دێرین، سەری وەک چەقەڵە.(وەرگێڕ)**

سور وەک خواوەند و پاشای کۆمەڵگەیەکی باڵاتر دەردەکەوێت، کە بە ویستی خۆی دەچێتە ژێر دەسەڵاتی ڕمی قوربانی ڕاوکەرەکە. بە ئاژەڵکردنی واقیعی مرۆڤ، بەکۆمەڵایەتیکردنی شانشینی سروشتیی، مارەکردن بنیاتنەری کوشتن و توڵەکردنەوە: ئەشکەوتەکانی لاسکۆ، لە سەرەتای نیشاندانی وێنەداریی کە مرڤایەتی بەرجەستەی کردووە، پێشوازی لە یەکەم ڕەنگدانەوەی ڕەمزیی دەکەن. >>

دانیەل فابر (Daniel Fabre) زیاتر خوێندنەوەی سێکسوێل بۆ نەخشەکە دەکات:
<< جیاوازی سێکسوێل بە تەواوی بوونی هەیە بەڵام بەکۆد کراوە لە دژایەتیکردنی دوو فیگورەکە:
بیزۆنەکە، بریندارییی و نیشانەی هەندەسیی بەربڵاوی مێینەن، کەرکەدەن و ئەسپ و چەک و شکڵی خاڵخاڵی نیشانەی هێڵ، نێرینەن. لە قوڵایی بیرەکەی لاسکۆدا ئەم نوسینە لە ناوگۆڕیوانیکردن دەچێتە دەرەوە کە لەسەری بنیاتنراوە، ئەو دیوالیسمە دەچێتە دژایەتیکردن، ئەو بەیەکبوونە لە نێوان کردە و هەتا جوتبوون کە ڕوودەدات، لەوانەیە >>.

ئەو ئەگەری جوتبوونەیە کە درێژە بە بۆچوونی ژۆرژ باتای دەدات، زۆر لەوەوبەرتر لە لایەن کریستیان زێرڤۆس ( Christian Zervos) ە وە پێشنیارکرابوو، کە پیاوەکەی دەبینی << لە حاڵەتی خۆبەختکردن و بەجێهێنانی کردەیەکی بنیاتنەر >> دەرونشیکار ئالان ڕۆژێ ( Alain Roger ) پەرە بەم بۆچوونە دەدات، لەلایەن ئاندرێ لوغوا گوغا ( André LeRoi-Gourhan ) نەوە وەردەگیرێتەوە << بە رێکەوت نیە کە ریخۆلەی دەرهاتووی بیزۆنەکە شکلی هێلکەیی و سپیراڵی داخراوی هەیە >>. هەروەها ئەو دەرون شیکارە تەنها یەک رەپبوون نابینێت بەڵکو << سێ دانە ڕەپبوون دەبینێت: دەنوکی راوکەرەکە، نێرتک و قاچی جوڵاوی ناڕاستەقینەی >>. بۆ ئەو بوونی باڵندەکە بە پەنابردنە بەر فرۆید ڕووندەبێتەوە:
<< نێرتکە باڵدارەکانی دێرین، دەستەواژەی ( *Vogeln*: باڵندە) کە بە ئەڵمانی ڕەشۆک بە مانای چالاکی سێکسوێلی پیاو دێت، ناوی ئوسێل *ucelle* ( باڵندە) لە لایەن ئیتالیەکانەوە بۆ ئەندامی پیاوانە دەستنیشانکراوە؛ هەموو ئەم پارچە پارچانە پیکهێنێکی گەورەن و تەنها ئارەزوی فڕینمان بۆ باس دەکەن لە خەونەکانماندا و هیچی تر، هەتا هەوەسی دژواریی گونجاوبێت بۆ کردەی سێکسوێل. >>

ئالان ڕۆژێ ( Alain Roger) سڵ ناکاتەوە لەوەی دەستێوەردان بکات و پاشان ژیلیوس ئێڤۆلا ( Juluis Evola)، کە کەسێکی باتنی فاشیستی بەلایەنی کەمەوە شەیتانییە، دەیگووت:
<< لە هەندێک تێکستی هەڕەمەکاندا بە هەمان شێوەی ژنەخواوەندی ئیسیس ( Isis) خۆی، لەبەر ئەوەی وەها ڕوونکراوەتەوە کە خواوەند لەگەڵ براکەیدا جووت دەبێت و لە کنیەوە [...] لەسەر پشت راکشاوە، وەک مردوو بەڵام ڕەپبوو: ژنەخواوەند دێتە سەری وەک مێچکە بازێک [...] هەتا راکشێ لەسەری و تۆوەکەی ببات >>.

شیکارە دەرونیەکە ئەم بۆچونانەی دەگوازێتەوە بۆ گشت نەخشەکانی لاسکۆ و دەڵێت:
<< بالندەکە، بیزۆنەکە، (ئیسیس و بیزۆن) و ژیزەن ( **Le gisant**[14]) ە ڕەپبووەکە >>.
گوێمان لە دەرونشیکارە هاواردەکات << بێ گومان، وەهایە و سورم! >> ، پێش پشنیارە ئەنجامگیریەکەی :

<< تەرجومەکردنی شانۆی بیرەکە بۆ زمانی "مۆدێرن" شتێکی لاوەکی نیە: دوای یەکەم گوشینی، کاتێک پیاوەکە دەوری چالاکی بینیوە، ژنەکە دەچەمێتەوە بەسەریەوە بۆئەوەی دەستپەڕی بۆ بکات ( یان ئۆرگاسمێک بە هەڵەوگێڕاوەیی ). بەڵام هەردوو "کۆبونەوەکە" بە فەنتاسم کراون: بە ئاژەڵیی بە دڕندەیی [...] پرسیار لە خۆم دەکەم ئایا لێرەدا شتێکی سەرسورهێنەرمان نیە یەکسان بێت بە (مۆدێلی سەرەتایی؟) بە "بەیەک گەشتن" ی بەرەنگاربوونەوەیی، کە پیاوەکە خۆی بە ئاژەڵ دەکات بە کەڵەشێری ( بالندە... ) ژنەکەش بە مانگا (بیزۆنەکە... ) . >>

ئەم جۆرە لێکدانەوانە، وەک لێکدانەوەی پییێر مارک بیازی ( pierre Marc de Biasi ) بە وێنەی ژۆرژ باتای و چەند دێرێکی لێکدانەوەی پەخشانی باتای خزاندۆتە لێکدانەوەکانیەوە:

<< ئاراستەی شکلی نەخشکراو لە ژێر ورگی بیزۆنەکەوە بە بێ شک بریتیە لە بەرەمزکردنی گرافیزمی سێکسی مێینە: بیزۆنەکە مێینەیە و دەیەوێت سواری پیاوەکە ببێت، کە پالکەوتووە و چاوەڕوانی ئاکتی سێکسوێلە، تیروکەوانەکەش بە مەبەستی دەبڵ سەمبۆلی رەپبوونە، (....) بەرامبەر بە (ژن- بیزۆن )، (پیاو- بالندە)، پیاوەکە بە هیچ جۆرێک لە گیانەڵاندا نیە، چاوەڕوانی ئەوە دەکات خۆشەویستی پێ بدرێت لە لایەن بیزۆنەکەوە و چوکی رەپی، هەوەسی نێرینەیی دەستنیشان دەکات. ئەوە نیشانەی پێداگریە لە نێرینەیی و رەسمی تیروکەوانەکەی بە تەنیشتیەوە ئەوە یەکلایی دەکاتەوە، دەبێت ئەمەش وەک ئیدیۆگرام تێ بگەین: هاوشێوەیی نێرینەی فیگوری سێکسی مێینە کە شکلێکی هاوکێشەیی ( بیزۆن – ژن) پێکدێنن. >>

بۆ ئەم هاوهێزیەی بیزۆن بە مێینە، دونی ڤالو ( Denis Valou ) پاڵواتایەکی پزدانی بۆ زیاد دەکات:
بە بیری پۆزەتیڤیستەکان و قایلبووەکان، ئەوانەی باوەڕیان بەوە هەیە کە دەیبینن، ڕیخۆڵەکانی ئاژەڵە ورگهەڵدڕاوەکە ڕوبەرووی فکرەی زامی کوشندە و مردنیان دەخاتەوە ( چونکا بیزۆنەکە وەک پیاوە سەمەرەکە هێشتا زیندووە). بەڵام لەو دیوی ئەوەی کە دەردەکەوێت، پشتڕاستکردنەوەی دیوالیتیی سێکسوێل یان نێرەموکیی ئاژەڵەکە کە لێرەدا بەو گیرفانە پیشاندراوە، لە هەمان کاتا پزدانی یان زاوزێیی. >>

---

[14] **Le gisan : پەیکەری ناشنتی هونەری مەسیحییە، بریتیە لە پەیکەری کەسایەتیەکی ڕاکشاو لە بارێکی شاگەشەیی یان بە خەندە، لەسەر گۆڕی کەسایەتیەکە دادەنرێت. (وەرگێڕ)**

ئەم جۆرە ڕاڤەکردنە، لەو ئاستەی کە ئاندرێ لوغوا گوغا ( André LeRoi-Gourhan) کۆتایی پێ هێنابوو، وەک نارەوا، یان سەریشی سوڕماوە لە بوێری خۆی، مشتومڕی لەسەرکراوە لەلایەن دەقەکانی ژۆرژ باتای، بە پێچەوانەی پییر مارک دو بییازی ( Pierre-Marc de Biasi ) ەوە
ئاراستەی شکڵەکان کە ڕەسمکراون لە ژێر ورگی بیزۆنەکە، هیچ شکی تێدانیە. بریتیە لە بەڕەمزکردنی گرافیزم بۆ دیاریکردنی سێکسسی مێینە: بیزۆنەکە مێچکەیەکە، ئامادەیە سواری پیاوەکە ببێت، دەتوانین ڕەمەکە  بخوێنینەوە وەک ڕەمزی بەدەبڵکردنی ڕەپبوون.
[...] بەرامبەر بە (بیزۆن- ژن) ، (پیاو- باڵندە) ڕاکشاوە، لەبەر ئەوە نیە کە لە گیانەڵادایە: چاوەڕوانی پێدانی خۆشەویستی دەکات لە لایەن بەرامبەرەکەیەوە، سێکسی بەرزبووەوەی مانای هەوەسی پیاوەتیەتی. ئەوە مۆرکی ئەرێنی شوناسی نێرینەیە، ڕەمەکەی نەخشکراو بە تەنیشتیەوە ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە، کە دەبێت وەک ئیدۆگرامێکیش تێی بگەین: بە هەمانشێوەی نێرینە لە شێوەی سێکسی مێینە کە هاوکێشەی ( بیزۆن= ژن ) ی پێک دەهێنا.
>>

لێدوانی بریقەدار و ڕوونکردنەوەی پەراوێز، بەرەبەرە ئاڵۆزکردنی  ڕوونکردنەوەی دەروونناسی پێویستی بە پەرەپێدانی تیۆلۆژیە لەسەر سێکسی فریشتەکان: بەکارهێنانی ژیریی و وردیی ئارگیومەنتی سەرچاوە کەڵچەریەکان، بە شێوەیەکی سادە لەبیربردنی ئەوەیە  کە هیچ ئێلێمەنتێکی بەکارهێنراو لەو (شیوە- نمایشت) ەدا، بە هیچ جۆرێک نەسەلمێنراوە. هەرچەندە  **ئێرمێنۆتەکان** [15] بەهێج جۆرێک خۆیان سەغڵەت ناکەن بە پێدانی ئارگیومەنتی هەقیقی، هیچ کەسێک لەوان دڵفراوان نیە بە شک: وێنەکان دەخوێننەوە بە ڕوونی<<  **بە ئەشکەوتی کراوە** [16]>>  وەک شتێکی ڕێتێچوو. دواهەمین دووانی خۆی << ئاراستەی شکڵەکان کە لەژێر ورگی بیزۆنەکەدا کراون هیچ شکی تێدا نیە >>  ئەوە کوزی بیزۆنێکە کە وورووژاوە بە بینینی نێرتکی پیاوەکە! تەنها کێشە ئەوەیە کە بۆ کەسی تر، کەمتر سور نیە کە بریتی بێت لە هەناوی بیزۆینێک لە ژانێکی دژواردا.

ئەوی تر ڕوونکردنەوەی ژۆرژ شارییێرەن ( Georges Charrièrent ) ە — کە وەها دیارە زیاتر ماندوکەرە بە گوێرەی ئەوەی پێشوو، بە بۆچوونی ئەو <<  بیرەکە گازی

---

**[15] ئێرمێنۆت Herméneut ؛ بریتیە لە تیۆری خوێندنەوە، ئێرمنۆتەکان ئەو کاسانەن لە یەکەم سەتەی سەرەتای مەسیحیەتا، راڤەیان بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز دەکرد، دەستەواژەکە بە توانجەوە بەکارهاتووە لەلایەن نوسەرەوە. (وەرگێڕ)**

**[16] بە ئەشکەوتی کراوە: گۆڕینی دەستەواژەی " بە ئاسمانی کراوە" یە  لەزمانی فەرەنسیدا، لە لایەن نوسەرەوە بە مەبەسی یاریکردن بە زمان بەکار  هاتووە بۆ هاومانایی دەگەڵ باسی ئەشکەوتی لاسکۆ، دەستەواژەی بە ئاسمانی کراوە،  بە مانای : "بەڕوونی، بە بی شاردنەوە" دێت.(وەرگێڕ)**

کاربۆنی لێ دێتە دەرەوە، چەندایەتیەکەی هێندەیە کە توانای لەهۆشچوونی کەسێکی هەیە، بەوبۆنەیەوە هەڵئاوسانی ئۆرگانی سێکسوێل و دڵ و پێ دەچێت گیانلەدەستدانیش >>.
کەواتە مەبەستی ئەم نەخشە تەنها باسکردنی دژواری و ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەیە کە سەردانی ئەشکەوتەکە دەکەن. نەک تەنها ئەم ڕووکردنەوانە بێ مانا و بێ بنەمان، هیچ ڕووناکەنەوە، لەبەر ئەوەی هەموو بەشەکانی تری نەخشەکە دەخەنە لاوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەن دکتۆر میشێل ڕوسۆ( Michel Rousseau ) موە بەردەوامی پێ دەدرێت:

<< ئەم چڕییە و ئەو دوکەڵانە لە ناو بیرێکی داخراوی بێ هەوا " بێ ئۆکسجین " بێ شک پڵیتەکانیانی کوژاندونەتەوە و بۆتە هۆکاری ژەهراویکردنیان و پاشان پێ دەچێت مردنیان بە خۆڕاوەشاندن و ئازارچەشتنەوە. گەشەسەندنێکی خاویش ڕێی تێ دەچێت لەگەڵ وەهمکردنی هەندەک جار دڵگیر، بینراو و بیستراو. هەروەها رەپبوونی وەک پیاوە باڵندەکەمان و ئەوەی ئەشکەوتی **ئەلتامیرا**[17]. >>

ژۆن کالۆت (Jean Clottes) کە یەکێکە لەوانەی خوێندنەوەی شامانیک دەکات بۆ نەخشی پێشمێژوو، دەیبەستێتەوە بە حاڵ و بە وەهمکردنەوە. ئەویش ئەم نەخشە دەبەستێتەوە بە قاڵبوونەوەی رێژەی چڕیی$CO_2$ ، لە شانۆی بیرەکەدا و بانگهێشتی پیاوەکەی لاسکۆ دەکات بۆ دڵنیاکردنی بۆچوونەکانی، بە وەرگرتنی هەمان بۆچوونی ژۆرژ کاریێر ( Georges Charrièrent) بە هۆکاری چڕی $CO_2$ . وەهای باوەڕە کە، لە شانۆی بیرەکەدا << تێمی باڵندە و مردن هەردووکیان دوو جار نیشاندراون >> بەم جۆرە باسی وردەکاریەکانی دەکات:
<< شانۆی بیرەکەی لاسکۆ دەمێکە ناسراوە. دوو کۆنسێپتمان دەداتێ: ئەوەی باڵندەکە ( باڵندەیەکی نیشتو هەروەها پیاوێک بە سەری باڵندەوە) ئەوی تر مردن ( ئەو پیاوەی کەوتووە بە پشتا لە بەردەم بیزۆنێکدا لە هەمان کاتا کە ڕیخۆڵەکانی دێنە دەرێ ڕووبەرووی دەبێتەوە) بەڵام بە هۆی چڕیی زۆری گازی کاربۆنەوە، پێ دەچێت بوبێتە هۆکاری لەهۆشخۆچون و وەهمکردن. لەبری گێرانەوەی ڕوداوێک ئایا نابێت وەک ئاگادارکردنەوەی میوانەکان لێی بڕوانین؟ تێمی باڵندە، بەرزبونەوەی رۆحە، هەقیقەت (مردن ) یان مێتافۆرێک (حاڵ) پەلەدەکەین لە ئاڵۆزییەکدا کە خۆیمان لێ دەربازدەکات. >>

ئەگەر شەپۆلی خوێندنەوەی شامانیک کە لەم دوایانەدا بۆتەوە بە مۆد، بەهۆی کەوالیتێی زانستیەوە نیە، بەڵکو بەهۆی جۆرێک لە هاودەنگی دەگەڵ شەپۆلی نێۆەشامانیزمدا، هەروەها بۆ بەهارمۆنیکردنیەتی لەگەڵ زەختی دەزگاکان و لایەنگرەکانی، بەهیچ جۆرێک نوێ نین، لەبەر ئەوەی خراوەتە ڕوو لە دواهەمین هەوڵدانی ڕوونکردنەوە بۆ هونەری پێشمێژوو. لەوەوبەر لە لایەن ئێمیل کارتاییاک ( Émilie Cartailhac ) و لابێ بغۆێ

---

[17] **ئەلتامیرا، ئەشکەوتێکی سەردەمی پالیۆلیتیکە لە ئیسپانیا، نەخشی زۆر گرنگی پێش مێژووی تێدایە ساڵی 1879 دۆزراوەتەوە.(وەرگێڕ)**

دەربارەی مۆنۆگرافی لەسەر ئەشکەوتی ئەلتامیرا کە بڵاوکرایەوە لە ساڵی 1906 دا، هەموویانیان لە ناو بەندێکی گەورەدا کۆکردبویەوە کە بەر هەمی لێکۆڵینەوە بەربڵاوەکانیان بوون بۆ دۆزینەوەی، لەناو ئەدەبی ئێتنۆگرافی جیهانیدا، چەند ئەلیمەنتێک کە بتوانێت نەخشی ئەشکەوتەکان ڕوونبکەنەوە بۆ نمونە لای << ئاسکیمۆکان، گۆێنلەند، باکوری ئەمەریکا، چوکچیەکانی باکوری ئاسیا و هیپەربۆرێیەکانی تر>>. وایان باوەڕبوو کە ئەلیمەنتی زۆر سەلمێنەریان دۆزیبێتەوە. لە هەمان کاتا بە هۆشداریدان لەسەر کۆتا بڕیار لە ژێر ناوی بەیەککگەشتنی تەکنەلۆژی لەنێوان کەڵچەری پێشمێژوو و هەنوکەدا، دوای ئەوەی هەموو ڕوونکردنەوەیەکیان ڕەتدەکردەوە، لەسەر ئەو پرەنسیپەی کە، لەسەر بنەمایەکی وەها، دوو هەمیان دەهێنێتە خوارەوە بۆ ئاستی یەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیان پێ دەکرد: << بە مەبەستی گەڕان [...] بە ئاگاداریەکی زۆرەوە بۆ بەیەکگەیاندنی پیشەسازی و هونەر >> بەجۆرێک << هانی بۆچوونە بەردەوامەکان لای مرۆڤی سەرەتایی هەنووکە بدات، ئەوانەی کە لە سەردەمی **Quartenaire** دا حوکمیان دەکرد لە نێو ڕاوکەرە ڕۆژئاواییەکانماندا >>، لە بەڵگەنامەکاندا کە کۆیاندەکردنەوە بەم شێوەیە دەردەکەوت << پێترۆگلیف و پیکۆتۆگرافی هندی >> ئەمەریکا، هەروەها نەخشی بەردی سیبریاییەکان کە << ڕۆبێکی شامانی تونگوز بە کڵاوێکی ئاسن ڕازاوە بە شاخی ئاسکە کێوی >>. لە لێدوانەکانیاندا، ناوی << دانسی شامانیک >> یان دەهێنا یان جادوگەری پەلەفرتە، سەریان داپۆشراو بە ڕوویەکی ئاژەڵیی >> هەروەها << لای ئاسکیمۆکان دانسی شامنیک بە سەری ورچەوە [ کە] سوجدەیان بۆ تەوتێم دەبرد هەتا نێچیری زۆر وەدستبخەن ( **وێنەی04**).



***وێنەی 04 << نەخشی هەڵکۆڵراوی ئاسکیمۆ بۆ پیشاندانی دانسی شامانیک >> یەکێکە لەو دۆکیومەنتانەی بەکارهێنراوە لە لایەن کارتاییاک(Caraailhac) و لابێ بغۆی (L'abbé breuil) ، وە بۆ ڕونکردنەوەی وێنەی هاوشێوەیی لە ئەشکەوتی ئەلتامیرا ( Cartailhac 1906 : 165,fg.127 ).***

بەبێ ئەوەی خوێندەر ببەن تەنها بەلای دیاردەی شامانیکدا، بغۆی و کارتییاک لە لێکۆلینەوەکانیاندا ئاراستەیەک دەدەن بە بۆیەکاریی پالێۆلیتیک، بەم کارەیان، بوون بە یەکەم کەس کە پەیوەندیەک وەدەستخەن، پاشان چەندەها جار دووبارە بۆتەوە — بە تایبەتی لە لایەن هێنری بێگوێن (Begouën Henri ) ەوە، کە پێشنیار دەکات گوایە ئەو نیوەئاژەڵە ( Thérantope) ی ئەشکەوتی سێ برا ( Trois frére) ( **وێنەی05**) لەوانەیە << جۆرێک لە کەسایەتی سەردەمەکەمان بێت وەک شامانی خێلی سەرەتایی سیبریا >> پاشان سیستەماتیک کراوە لە لایەن چەند نوسەرێکی ترەوە.



***وێنەی 05. "جادوگەر"ە بەناوبانگەکەی ئەشکەوتی سێ برا "Trois frére" لە Montesquieu-Avantès کە لە لایەن لابێ بغۆی ( L’abbé Breuil ) ەوە دیاریکراوە و هەردەم بۆ ڕاڤەکردنی شامنیک دەستنیشانکراوە لە هونەری پێشمێژوودا (DAO Breuil 1952f : 166 : fug.130 ).***


یەکەم کەس هۆست کیشنەر (Horst Kirchner) بوو، سەرەتای ساڵانی 1950. دەگەڕا بە دوای ڕوونکردنەوەیەکدا بۆ شانۆی بیرەکەی لاسکۆ، گوایە کاتێک نەخشی لاسکۆی بینیوە وای زانیوە کە شانۆیەکی شامانیکە: شامانێک بە ماسکی باڵندەوە کەوتۆتە حالەتی کاتالەپسیەوە، حاڵەتی شەلەلەوە ( بۆیە وەها رەق بووە) و کەوتووە بە زەویدا بە تەنیشت رۆحی هاوەڵەکەیەوە هەروەها ئاژەڵێکی قوربانیکراو بۆ بەخشینی بەو بۆنەیەوە:

<< لە شانۆکەدا وا پیشاندراوە (بە بێ کەرکەدەنەکە) شانۆیەکی ڕیالیستی سەرنجراکێشی شامانێک دەبینین، تەواو ناسراو لەگەڵ جۆری **شامانیکی نێکرۆمانسی**[18] (**nécromancie**)، دەگەڵ شامانەکەدا، رۆحی هاوەڵ و قوربانی، کە هونەرمەند هەستی پێکردووە لە لوتکەیدا: شامانەکە، ماسکێکی بالندەی بە سەرەوەیە، کەوتۆتە حاLەتی زکر و حاڵەوە لە کۆتاییدا کەوتووە بە لە دەستدانی کۆنترۆڵ؛ جەستەی بە زەویدا کەوتووە، لە کاتێکدا ڕۆحی کۆچ دەکات بەرەو ئەوەو دنیا، بە پێی دیاردەیەکی ناسراوی شارەزایان لە مانیفێستی شامانیکدا >>.

بۆ کیشنەر( Kirchner)، باڵندەی سەر چڵەدارەکە، دەبێت پێناسەی ئۆبژەی باڵداری بۆ بکرێت کە شامانەکانی یاکوت بەکاری دەهێنن وەک یەکێک لە (ڕۆح- یارمەتیدەر)ەکانیان (**وێنەی06**).

---

18 **شامانیکی نێکرۆمانسی ( nécromancie ): لە بنەچەوە بەمانای لێپرسینەوە دێت، بە مەبەستی غەیبزانی، کەسانی مردوو پەیوەندی دەکەن بە زیندووەکانەوە.(وەرگێڕ)**




***وێنەی 06، << باڵندەی خودایی >> لە لایەن شامانەکانی یاکوتەوە بەکار هاتووە، لەلایەن هۆرست کیشنەر ( Horst Kirchner) ەوە نزدیکراوەتەوە لە نەخشی << باڵندەی سەر چڵەدارەکە>> ( ؟) ی ئەشکەوتی لاسکۆ ( DAO ( d’après Kirchner 1952 : fig.1***

ئەم ئاڵوگۆڕەی کە ئەنجامدراوە، ئاسانکاریی بۆ کیشنەر کرد بە دۆزینەوەی ئەلیمەنتی تر کە دەیتوانی بەناوبانگیی بدات بەو خوێندنەوەیە، بەتایبەتی فیگورێکی ئەلتامیرا، کە وەک نیشاندانی شیوەمرۆڤێکی تری دەبینی بەسەری باڵندەوە **( وێنەی 7).** چەند گرافیزمێکی دەگمەنی تر وەک << پیاو – باڵندە >> کراون بەتایبەتی لە ئەلتامیرا، کە بەیاننامەکانی کارتییاک و لابێ بغۆی بەڕاستی شایەنی ئەوەن کە پێداچونەوەیان بۆ بکرێت، هەرچەندە هەردەم بەکاردەهێنرێن **( وێنەی8).**




***وێنەی 7 : فیگورێکی ئەلتامیرا وەک << پیاو- باڵندە >> یەکەی تر راڤەی بۆکراوە، لەلایەن کیشنەر (Kirchner) ەوە، هەروەها دەربڕینەکانی شایەنی ئاگادارین ( d’après Alcalde del Rio 1911 : 197 ;fig 201 )***



***وێنەی 8 : کۆی شێوەئاژەڵەکانی ئەشکەوت ئەلتامیرا کە لەلاین مارک گۆرنین (Marc Gronen) ەوە وەک <<***
***بونەوەری پکهاتوو بە سەری ئاژەڵەوە ڕەچاوی لێکراوە >> ( D’après Cartailhac 1906 : 56-58 ; fig. 41-***
***43 ; cf. Groenen 2016 :54,fig 37 )***

نەخشەکانی کۆبرانت (Cobrante) لە شانتابری (Chantabrie) بە هەمان شێوە وەک << پیاو- باڵندە >> ڕەچاویان لێ کراوە **(وێنەی9)** ، هەرچەندە بۆ, مارک گرۆنێن ( Marc Groenen)، کارەکتەری یەکێک لەوان << هیچ شکێک ناهێڵێتەوە لە سووربوون لەوەی کە وەک پیاو- باڵندە بێت >>، زۆر دوورن لەوەی کە ڕازیم بکەن، بەهەر چۆنێک بێت، هەموو ئەو شانۆیانە هیچ پەیوەندیەکیان نیە بە شانۆی بیرەکەوە، نە بە ڕووکەشیان نە بە کۆنتێکستەکەیان.



***وینەی 9 : دراوەتە پاڵ << پیاو- لاسکۆ >> (Cobrante en Cantabrie ( Ispagne ) d’après Malpelo***
***( Garcia 2010 : 197 ;fig,20 .***

<< سەری باڵندە >> ی پیاوەکەی لاسکۆ، هەر چۆنێک بێت خوێندنەوەی تری بۆ کراوە، وەک ئەوەی میشێل ڕوسۆ (Michel Rousseau)، کە ئەو لێکنزیکبونەوەیە بەگومانەی کردە جێی باوەڕ لەگەڵ ئەلتامیرادا و تێیدا << تەرجومەی [...] گیانگۆڕکێ کە بونەوەری مرۆڤی دەگۆڕی لە کاتی مردنیا >> دەبینی .

کیشنەر (Kirchner) بە هەمان شێوە << جادوگەر >> ی ئەشکەوتی سێ برای نزدیککردەوە لە نەخشێک کە شامانێکی تونگوز پیشاندەدات، لە کتێبی *Nord en Oost Tartarye* نیکۆلا وێستن ( Nikolaas Wisten ) (Amesterdam، 1705) ئەو نەخشەی چەندەها جار کۆپی کراوەتەوە بە هەمان شێوە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی بەراوردکردن **(وێنە10)**. دەبێت ئەوە بزانین کە هیچ سودێک لەم وێنەیە وەرناگرین لە مشتوڕێکدا لەسەر پرۆسەی **ترانس- فۆرماسیۆن**[19](حاڵ – پێکهاتن. وەرگێڕ) وەک هەندەک نوسەر حەزیان پێیە بەو جۆرە بینوسن لە کاتی شرۆڤەکردنی هونەری شامانیکی ئەشکەوتیی) چونکە بریتیە لە نەخشێک کە لە دواییدا کراوە، نەخشکەرەکە، لە بەردەم شکڵێکی سروشتیدا نەیکردووە، بە خەیاڵ لەبەر گێڕانەوەی سەفەرێکی یاسبرانت ئایدێس(Yasbrants Ides)، ئەمباسادەری پیێر لوگراند( Pierre le Grand ) دا کردویەتی، گۆڕانکاری کردووە لە شاخی ئاسنینی ئاسکە کێویەکە و قژی شامانەکە، قاچەکانی گۆڕیوە بۆ قاچی ورچی ڕاستەقینە بە چڕنوکی ڕازاوە و جلکوبەرگی ڕێوڕەسمیی.



***وێنەی 10 ئەو گرافیزمەی بڵاوکراوەتەوە لەلایەن نیکۆلا وێتسن ( Nicolas Witsen ) ساڵی 1705 گوایە شامانێکی تونگوزە... کە خۆی هەرگیز نەیبینیوە ( d'après Witsen 1705 : 663)***

[19] **ترانس – فۆرماسیۆن (Transformation): حاڵ - پێکهاتن ، وشەیەکی لێکدراوە، بە مانای وەرچەخاندن دێت، لە دوو بڕگە پێکهاتووە، Transe = حاڵ ، Formation = پێکهاتن. وەک نوسەرباسی لێو ەدەکات، هەندێک مێژوونوس دەیکەن بە دوو بڕگە بە مەبەستی ئامانجی گونجاندنی دەگەڵ بیرۆکەکانیاندا. هەتاوەکو بڕگەی (حاڵ) ی لێوە دەرکەوێت. (وەرگێڕ)**

پاشان داری کونکراو وەک ئەوەی ئەشکەوتی پلاکارد (Placard) لە شارەنت ( Charente) ، بەڕای کیشنەر بەکاردەهێنرا بۆ لێدانی تەمبوری پێش مێژوو کە هیچ شوێنەوارێکیان نەماون، چونکا لە دار و لە پێست دروستکراون بۆیە نەیان دەتوانی هەتا ئەم سەردەمە بمێننەوە — ئەم دواهەمین بیرۆکەیە وەرگرتنەوەی گریمانەیەکی زۆر ڕەوابوو لە ساڵی 1900 ەوە لە لایەن پۆل ژیرۆد (Paul Girod) و ئێلی ماسێنا (Eli Massénat )ەوە، کە دەیان نوسی: << بەرواردکردنی ئەو پارچانە لەگەڵ داری دوولپە ( چیڵەمەیی. وەرگێڕ) کە لاپۆن **(Lapons )** [20]ەکان بەکاریان دەهێنا بۆ لێدانی تەمبور لە کاتی ڕێوڕەسمی جادوگەری ترادیسیۆنێلدا[...] شیوەی شکڵەکەی ڕێگە بەو جۆرە لێکدانەوەیە دەدات. >>

مێژووناس و نوسەری پێشمێژووی هونەر هێبێرت کون (Hebert Kühn) بە یاوەری لەگەڵ کیشنەردا، ئاوا وەسفی شانۆی بیرەکە دەکات:

<< بیزۆنێک بریندارکراوە بە پلەی مردن — تیرێکی پێدا چەقیوە [...] بە تەنیشت ئاژەڵەکەوە فیگوری پیاوێک بە شێوازێکی دیاریکراو بە پێوە[...] سەری وەک سەری باڵندەیەکە. ماسکێکی بە سەرەوەیە. بە تەنشتیەوە، لەسەر چلێک دار، باڵندەیەک دەبینین. ڕێیی تێ دەچێت لێرەدا جۆرێک لە جادو و نوشتەی شامانیک بێت[...]، جادوگەرەکە بە حاڵەوە کەوتووە بە پشتا، دەیهێنێتە پێشچاوی خۆی لە خەویا ئاژەڵێکی کوشتووە. باڵندەی سەر چڵەدارەکە ڕەمزی گۆڕانکاری حاڵەتی سپیریتوێلی جادوگەرەکەیە. >>

بەڵام ئاندرێ گلۆری ( André Glory ) وادیارە کە کیشبەری نەخوێندۆتەوە، هەرچەندە لێکۆڵینەوەیەکی تەرخانکردووە لەسەر داری کونکراو، باسی ڕاڤەی ناوبراو ناکات تێیدا لەگەڵ ئەوەشدا ڕاڤەکەی دەیتوانی یارمەتیدەری بێت. بە دژایەتیکردنی دەستەواژەی شامانیزم، بە باشتری دەزانێت دوای دیمیتری کۆستەنتینۆڤیچ زێلێنین (DimitrKonstantinovich Zélénine) بکەوێت کە کتێبەکەی لەسەر ئەو باسە وەرگێڕابوو بۆ فەرەنسی لە ساڵی 1952 دا بۆ باسکردنی لێکان ( Lékane) و پەرستنی ئۆنگۆن (ongones) وێنە **(A,10)**. یەکەمیان بریتیە لە فیگوری بچووکی شێوەمرۆڤ یان شێوەئاژەڵ کاتێک جلکی لەبەردەکەن و دەی ڕازێننەوە، وەک بونەوەری زیندوو و ڕۆحلەبەر رەچاوی لێ دەکەن و دەبنە: ئۆنگۆن (ongones) . لە دوای هەڵمژاردنێکی درێژەخایەنی کەڵچەری جیاوازی پراتیکە کراو لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەی سیبریا بە پەیوەندییان بەم ئۆبژانەوە، بڕیار دەدات کە << فیگورەکانی پێشمێژوو لێکانن>>. دوای سەرنجدان لە وتارێکی دوور و درێژی کە دوو جار بڵاوبویەوە، پوختەی دواهەمین بۆچوونی بوو لەو ڕووەوە، نەخشەی بچوکترین بەڵگەی سەلماندن ناخاتە ڕوو. بە تەنها نمونەیەکی << بەڵگەکانی >> بەسە بۆ تێگەیشتن لە کۆی بۆچوونەکانی. گەڕان

---

**[20] Lapons : گەلی ئەوروپین، بە شێوەیەکی گشتی لە بازنەی جەمسەری باکوردا ژیاون.(وەرگێڕ)**

به دوای ڕوونکردنەوەی لیکۆرن << **licorne**[21]>> ی لاسکۆ بە << هەژدیهایەک >> ی **بۆم لاترۆن** (Baum Latrone)[22] لە گارد (Gard)، ئاوا پرسیار دەکات: << ئایا باوەڕداریی سیبریایەکان ڕونکردنەوەیەکی لەسەر دەدەن ؟ >> ئەمەش بە تەواوی وەڵامەکەیەتی :



**نمونەیەک لە ئۆنگۆن وێنە (A,10)**

<< بە بۆچوونی لۆپاتین (Lopatine)، گۆڵد ( Golde)ەکان ترسیان لەو ڕۆحانەیە لە دەوری ژیوارەکانیاندا دێن و دەچن، ڕۆحی کەسەکانی "دەرەوەی ماڵبات"، ئۆنگۆن ڕازی نیە، پاشان ستێرنبێرگ (Sternberg) دەڵێت هەندێکیان کە ڕازی نین و دڵتەنگ دەبن، دەچنە ناو ڕۆحی کەسەکانەوە و ئەشکەنجەیان دەدەن هەتاوەکو "لێکان" یکیان بدەنێ. ئەو لێکانە بە بیری جێۆرجی (Georgi)، لە *Merrkwurdigkeiten* ە کانیدا (1777)، بە گوێرەی ئیلهامی شامانەکە شکڵی جیاواز وەردەگرێت، لێکانی مرۆڤ، ورچ، یان هەر فیگورێکی تر بێت. >> بەم جۆرە، لابێ گلۆری (L’Abbé Glory) هێندە بەختەوەرە بە ڕەوایی پەیوەندیەک لە نێوان ئەو دوو ئۆردەرەدا، بەوەی کە لە سەرێکەوە وێنەی پێش مێژوویین و لە سەرێکی ترەوە، زانیاریە ئێتنۆگرافیە وەرگیراوەکانی شامانە سیبریاییەکانن، کە بە سیستەماتیکی پەیوەندی نێوانیان سەلمێدراون. ئاندرێ لوغوا گوغا (Andre Leroi-Gourhan) هەولدانەکانی ڕێکدەخات بە یاریەک کە << بریتیە، لە بەردەم لێکچوویی هەندەک جار بە ناوەڕۆک و هەندەک جار بە ووردەکاری، بە گۆکردنی نەک وشەی " ئێسپری" بەڵکو ووشەی ئونگۆن (Ongone) [ کەواتە بە] کۆپیکردنەوەی بە بچووکیی کە بوو بە ووشەکانی (تەوتێم)، ( تابو)، مانا (**mana**[23])، زۆر دوای ئەوە، میهالی هۆپاڵ

---

[21] **Licorne : لیکۆرن، ئاژەڵێکی ئەفسانەیی وەک ئەسپە، بە تەنها چۆقێکەوە لە ناوچەوانیدا.(وەرگێڕ)**

[22] **Baum Latrone بۆم لاترۆن : ئەشکەوتێکی پێش مێژووە لە فەرەنسا.(وەرگێڕ)**

[23] **Mana : دین، توانای سەرو سروشتیی لە هەندێک دینی فرەخواوەندی. (وەرگێڕ)**

( Mihaly Hopal ) پشتراستی دەکاتەوە **بە یەک دەنکە خوێ** [24]**(*cum grano salis*)** کە << بەکارهێنانی ڕەمزیی دەستەواژەی وەک تابۆ، تەوتێم، مانا ( mana) و شامانیزم لەوانەیە وەک نەخۆشییەکی سەرەتایی "شامانیک"ی زانیاریەکانمان بن >>.

دوای تێڕامان، کارەکتەری ناڕاسیۆنێلی ئاندرێ گلۆری (André Glory) مان بۆ دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئارگیومەنتەکانی لەسەر ئەو **پارالۆژیسمە**[25] بەند بوو: هەندەک فیگوری پالیۆلیتیک لە وانە دەچن کە ناومان ناون "ئۆنگۆنەکان"، یان ئۆنگۆن (*ongon*) لە ناوچەکانی کەڵچەری شامانیک، کەواتە فیگوری پالیۆلیتیک ئۆنگۆنن، بەو پێیەش هەموو هونەری پالیۆلیتیک بە ئۆنگۆن و شامانیزم ڕووندەکرێنەوە. لوغوا گوغا (Leroi-Gourhan) کە چەندەها کاری هاوشێوەیی خۆی بڵاوکردبوەوە بەڵام زانیارییەکی قوڵی هەبوو لەسەر ئەدەبی تەرخانکراو ــــ بە تایبەتیی ئەوانەی لە ڕوسیا چاپکراون ــــ ، زۆر وەڕز دەبێت کە دەبینێت ئەم دیاردەیە بە یەکجارەکی بۆتە خولیا، هەروەها ڕێی تێ دەچێت ئەمە بوبێتە هۆکاری بە ڕادیکاڵکردنی هەڵوێستەکانی لە کتێبە بچکۆلەکەیدا لەسەر "دینەکانی پێشمێژوو"، کە لەلایەن جۆرج دومێزیل (Georges Dumézil) ەوە داوای لێکرا بە مەبەستی باسە کۆکراوەکانی کە بەڕێوەی دەبرد لەسە ئەو بابەتانە، ڕاستە کە لێکچوویەکانی لابێ گلۆری (L’abbé Glory) زیاتر بە پاساو بوو بە ڕای ئێڤلین لۆتفالک (Evelyne Lot-Falck) شارەزا لە ترادیسیۆنی سیبریاییەکان، پێویست بەوە ناکات بە سیستەماتیکی << پراتیکی شامانیک>> و << ڕۆح- سەروەر>> کە بە ئۆنگۆن ناونرابوون لای مەنگۆلەکان و بۆریارت (Bouriate) و هەندەک گەلی سەر بە تورکی ئاتالی. لەگەڵ ئەوەشدا سەرنج دەدەین جارێکی تر لە ساڵی 1988، باڵندەی شانۆی بیرەکە وەک ئۆنگۆن ڕاڤەی بۆ کراوە لە لەلایەن دێمۆرێست دێڤەنپۆرت ( Demorest Deavenpport ) و میکائێل ئاجۆشیم (Michael A.Jochim ) ەوە، بۆ ئەوان ئەو پیاوەی کە دەیبینن جارێکی تر نیشاندراوەتەوە لەو کاتەی خەریکی خۆوەرچەرخاندنیەتی بۆ باڵندە.
ئاندرێیاس لۆمێل (Andreas Lommel) ، بەڕیوەبەری مۆزەخانەی ناسیۆنالی تەکنەلۆژی شاری مونیخە, ساڵی 1967 کتێبێک دەردەکات کە تێیدا باسی پێشنیاری گرەدانی سەرچاوەی هونەر دەکات بە شامانیزمەوە. بۆ ئەو، تێریانترۆپ **Thérianthrope**[26] ەکانی ئەشکەوتی سێ برا شامانن، شانۆی بیرەکەی لاسکۆش << هێندە نیشاندانی ڕاو نیە هەتا شانۆیەکی شامانیک >>.

---

[24] **بە یەک دەنکە خوێ: ( *cum grano salis* )، نوسەر بە لاتینی نوسیویەتی، دەسەتەواژەیەکی لاتینیە دەستنیشانی ئەوە دەکات کە سەرنجێک، پێشنیارێک، نابێت بە ئەدەبیانە تێیبگەین، دەبێت وەک جۆرێک لە جیاکاری تێی بگەین،هاو پەیوەند. (وەرگێر)**

[25] **پارالۆژیسم : paralogisme ، پاساودانێکی چەوت بەڵام خۆی بە ڕاست دەناسێنێت.(وەرگێر)**

**Théranthrope**[26] **: خواوەندێکە یان بونەوەری نیوە- خواوەند، نیوە- ئاژەڵ، بەتایبەتی مرۆڤێک کە خۆی وەردەچەرخێنێت بۆ ئاژەڵ و بە پێچەوانەوەش. لە میتۆلۆژی و سپیریتیوالیتێدا.(وەرگێر)**

جێی تێگەیشتنە کە، لە سەردەمەکەماندا، کەس ئەو لێکچووییە بێ بنەمایەی کە ئەندرێیاس لۆمێل (Andreas Lommel) و لابێ گلۆغێ ( L'Abbé Glory ) پەیڕەوی دەکەن بە هەند وەرناگرن. هەروەها ئایا ڕادەچلەکێین بە خوێندنەوەی نوسراو لە ژێر قەڵەمی دانێل ڤازێل (Daniéle Vazeilles) دا (پرۆفیسۆری تەکنە لۆژی لە شاری مۆنتپلیێ لە فەرەنسا)، لەسەر پیاکێشاندن کە دەبینین لە هەندەک ئەشکەوتا لەسەر مل و سەری هەندەک ئاژەڵدا: << پێ دەچیت ڕیتوێلی تۆڵەسەندنەوە بێت، وەک لای لاپۆنەکانی ئەسکەندیناڤ، یان ڕۆحی ئۆنگۆن، لەبەر هۆکاری وەڵامنەدانەوەی لە کاتی خۆیدا بە خۆراک، بە دوکەڵکردن، گۆارنی و سەماکردن، بەخشین بە ناوی دوعاوە، لێدراون، پیاکێشراون، فڕیدراونەتە ناو ئاگرەوە. >>

ڕاستە کە ئەم خوێندنەوە شامانیکە زۆر لە نوسەرانی کەم ڕەخنە رادەکێشیت بەلای خۆیدا، وەک، ڕۆبێرت ڕاییان (Robert Rayan) کە وەهای باوەڕە بیزۆنەکە کراوە بە قوربانی لەلایەن شامانێکەوە لەسەرەتای کۆڕەکەوە:

<< دەتوانین [...] پەی بەوە ببەین کە هەموو ڕەمزەکانی بیرەکەی لاسکۆ یەکدەگرنەوە لەگەڵ دەسەڵاتی باڵادەست بە نوکی باڵندەوە، هاوواتایە لەگەڵ ڕەمزی داری ژیاندا؛ ژیانەوەیەکی تری سەرنمونەیی ئاشکراکردنی ڕمزەکانی بەرزبونەوە بۆ حالەتی حاڵ لە ناو هەناوی ئەشکەوتی دەستپێکەرییدا. بیرەکە خۆی، باڵندە، ڕۆحی فڕین یان حاڵ، پۆشینی شامانەکە بە جلکی باڵندە لە حاڵدا، نێرتکی بە ڕەپیی، بیزۆنەکە بە هەڵدڕاوی و "ئاژەڵانی نەمرێتی" بە کۆبوونەوەی هەموو شانۆکە ڕێزمانێکی یەکگرەوەی ڕەمزی ئونیڤێرسێلیە کە ئێستاکە ئاشناییمان پێی هەیە [...] دواجار بەڵگەنەویستێک دەخەنە بەردەم کە شانۆی بیرەکەی لاسکۆ نیشاندانی شامانێکە بە یاوەری لەکاتی ( مردن- حاڵ) داو وەرچەرخانی لە لایەن بیزۆنی پیرۆزەوە کە بۆ قوربانی بەخشراوە، لە ئێسکتازدا و لە گەڕانەوەیدا بۆ سەرچاوەی ژیان . >>

دژایەتیکردنی خاڵ بەخاڵی هەموو ئەم پتەواندنە بێ بەڵگانە، کە ئەم لێکدانەوەیە بە گەڵتەجار دەکات پێوستی بە دروکەتنەوەیەکی زۆرە لە باسەکەمان، بەڵام ئەوە بەسە لێرەدا وەبیری بهێنمەوە کە بوونی زیاتر نیە لە << ڕەمزی ئونیڤێرسێل>> کە لە << سەرنمونە>> یان << دەرخستنی سەرنمونە>>: هەموو ئەم چەمکانە ئەفسانەیەکی هاوچەرخ دەخەنە ڕوو کە هیچ پەیوەندیان بە میتۆلۆژی خۆیەوە نیە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دێمۆرێست داڤنپۆرت (Demorest Davenport) و میکائێل ژۆشیم (Michael Jochim) هەوڵیان بە بەهێزکردنی خوێندنەوەی شامانیکی شانۆی لاسکۆ داوە بە پێداگریکردن لەسەر ئەوەی کە پیاوەکە تەنها چوار پەنجەی هەیە بۆ هەردەستێکی. بەڵام، بە زیادە ڕۆییەوە بەم جۆرە:

<< چوار، بە ڕەوانی ژمارەی پەنجەی باڵندەیە. جێگۆڕکێکردنی دەستەکانی بە قاچی باڵندە بە چوار پەنجە بە ئەنقەست بووە، بێ شک بریتیە لە فێڵی هونەرمەند بۆ ئەوەی نەخشەکە زیاتر لە باڵندە بچێت [...]

مرۆڤۆچکەکە مرۆڤ نیە، باڵندەش نیە، بەڵا مرۆڤ- باڵنەدەیە، ئەگەرشەکەتکراوە لە لایەن بیزۆنەکەوە، لەو کاتەدا لێیداوە کە لە وەرچەرخاندندا بووە . >>

لێرەدا لە بیربردنەوەی شتێکی زۆر گرنگ، بە هەندنەگرتنیان بەشێوەیکی گشتیی دەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوونیان بە تێزی شامانیزمەوە: بوونی تێرەنترۆپ (**Théranthrop**) ێک ( ئەگەر لێرەدا دانیپێدابنێین کە بریتیە لە پیاو- باڵندە) بە هیچ شێوەیەک تێوەناگلێت لە تێمی شامنیزم، چونکە بونەوەرێکی وەها، نیوە- مرۆڤ نیوە- ئاژەڵ، لە زۆر ترادیسۆندا بوونی هەیە و خاوەنی شامانیزمیش نین. بۆ نمونە زۆر وێنەی دینی کە سینت کریستۆف بە سەری سەگەورەیەوە، لە ژێر ڕووکەشی دەسەڵاتی باڵادەستدایە، نابێتە شامانێک!
سینۆسێفال[27] (**cynocéphale**) ەکان کە نیشاندراون لە وێنە نەخشییەکانی جەژنی پاکی مەسیحیدا ئەوانیش بە همان شیوەن. هەروەها کێ بوێریی ئەوەی هەیە ئەو کەسایەتیانەی کە لە تابلۆکانی ژێرۆم بۆشدا دەیانبینین بە سەری باڵندەوە بە شامان بیان چوێنن؟ هەرخێرا بەستنەوەی هەموو شیوەمرۆڤێک بە سەری باڵندەوە بە هاواری ئەبسوردیتێ. بۆ خۆقایلکردن، تابلۆی سەدەی حەڤدە بە ناوی دکتۆر شنابێل (Docteur Schnabel ) (<< دۆکتۆر دەنوک >>) بەسە: پیاوێکی تر دەبینین بە دەنوکەوە، زۆر ڕەوایە بۆ هەڵگیرسانی خەیاڵ ( **وێنەی 11**)، بەڵام خوێندەنەوەی نوسراوەکە بە دەوری وێنەکەدا دەی سەلمێنێت کە هیچ پەیوەندی بە شامانیزمەوە نیە: دکتۆرێکی ڕۆم نیشاندەدات جلوبەرگێکی لەبەر کردووە کە لە لایەن شارل دولۆرم ( Charles de l’Orme )ەوە داهێنراوە لە ساڵی 1619 دا بۆ خۆپاراستن لە پەتای بیوبۆنیک، دەنوکی پڕکراوە لە گژوگیا و بەهارات. باش تێ دەگەین کە ڕونکردنەوەی ئەم نیشاندانە سەرەڕۆیی دەبوو بە بێ گرنگیدان بە زەمینەی کەڵچەری سەردەمەکە. بەڵام لە ئەشکەوتی لاسکۆ، نوسراوێک نابینین بە تەنیشت نەخشەکەوە، شتێکی ڕوونە، زەمینەی کەڵچەریی بە تەوای نەزانراوە، ئەمەش دەبێت هاندەربێت بۆ ئاگادارکردنەوەمان. سەرباقی ئەوەش، بوونی چوار پەنجە سەلمێنداوە لە فیگوری تری شیوەئاژەڵ یان شیوەمرۆڤدا، بە بێ ئەوەی کە ئەوە ببێتە گرنگیەکی تایبەتی ئەو گۆشەنیگایە : میکی ماوس، بۆگس بۆنی، دۆناڵد و هۆمەر سیمسۆن، وەک ئەوەی بزانم هیچ شامانیزمێکی تایبەتیان تێدا نیە.!

---

[27] **cynocéphale : بریتیە لە شکڵی بونەوەرێک کە دەمی درێژبۆتەوە وەک دەمی سەگ و شێوەی سەگی پێ دراوە. (وەرگێڕ)**




**وێنەی11 : هەموو پیاوێکی باڵندە شامان نیە، وەک ئەو دکتۆرە دەیسەلمێنێت لەو نەخشەی سەتەی حەڤدە، جلکێکی لەبەردایە بۆ خۆپاراستن لە پەتای بیوبۆنیک .**

لەگەڵ ئەوەشدا داڤید لویس ولیام (David Lewis-William) وای باوەڕە کە << بۆچوونەکانی دێڤەنپور (Davenport) و جۆشیم (Jochim)هەموویان بە تەوای نزدیکە پەسەندکراون >> مەبەستی چیە لە << نزدیکە>>؟ چونکا، بە بیری ئەو، وەک بزانم، دەبێت خوێندەنەوە یان ڕونبکرنەوە لەسەر هەندەک خاڵ:

<< سمەکانی [ بیزۆنەکە] بە شەقاریی نیشاندراون، لە بارێکدایە کە وەهای بۆ دەچم بە مانای ئەوە بێت کە ئاژەڵەکە لەسەر زەوی نەوەستاوە، وادیارە بە "هەوا" وەیە لە شوێنێکی سپیریتوێڵدا [...] وای بۆ دەچم کە ڕەپبونی پیاوەکە پێشنیاری مردنمان بۆ دەکات بە دوو ئاراستەدا [...] لە فکری شامانێکدا، "مردن" دەتوانێت سەفەری شامانێک بێت بەرەو جیهانی سپیریتوێڵ، لە حاڵەتی ئاگاییەکی داشکان و گۆڕانکاریدا [...] هەندەک جار سێکسیوالیتێ هاوگرتووە لەگەڵ سەفەری شامانێکدا. شتێکی ڕوونە کە ڕەپبوونی نێرینە باوە لە خەون و لە دۆخی گۆڕانکاریدا [...] مردن ڕێگایەکی هاوبەشە بەرەو پلەوپایەی شامانیک. وتراوە کە شامانەکان دەمرن، پارچە پارچە دەکرێن و دەخرێنە حاڵەتی ئێسکەپەیکەرەوە، جارێکی تر دەژیێنەوە بە کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی ترەوە. >>

دوای ئەم زنجیرە پتەوداریانە کە پەیوەندییان لەگەڵ ئەشکەوتی لاسکۆدا زۆر دورە لەوەی کە ڕێتێچووبن، نوسەر دەیدات بە گوێماندا کە قاڵبوونی $CO_2$ لە ئەشکەوتی لاسکۆدا دەیتوانی ببێتە هۆکاری << حاڵەتی ئاگایی داشکاو >> لای مرۆڤی پێشمێژوو، کە بە

بەردەوامی دەچێتە ژێر باری ئەو حاڵەتە، ژۆن کالۆ (Jean Claotte) یش هیچی تر ناڵێت:

<< ئایا بیرۆکەی مردن پەیوەندی بەو گازە کاربۆنە ژەهراویەوە نیە کە بە بەردەوامی بوونی هەیە لە ئەشکەوتەکەدا؟ لەم گۆشەنیگایەوە، تێمی باڵندە باسی فڕینی ڕۆحە و پێداگریی لە پەیامەکەدا دەکات. دەتوانین زیاتریش بڕۆینە پێشەوە و بیهێنینە پێش چاومان کە چەمکی مردن شتێک نیە کە جێگەی بایەخ بێت بە پلەی یەکەم، پلەی دووهەمە و ئاماژەیە بە حاڵ و کۆچی شامانێک. >>

هەموو ئەم بیرۆکانە بەسەرچوون. بینیمان کە چۆن هاوبەندیەک لە نێوان شانۆی بیرەکەی لاسکۆ و $CO_2$ — هەلیسیناسۆنێک بە سودی شامانێک دەشکێتەوە — کە پێشتر پێشنیارکرابوو لەلایەن ژۆرژ کاریێر (Georges Charriére)ە وە. پاشان داڤید لویس ولیام ( David Lewis-William) و ژۆن کالۆت ( Jean Calottes) سەرلەنوێ ئەم بیرۆکەیان بوژاندەوە. بەم پێیە، یەکەمین نوسەر کە دەستپێشخەری کرد لەوەی کە شانۆی بیرەکەی لاسکۆ پەیوەندی هەیە بە چڕیی $CO_2$ ەوە لە بەشێکی ئەشکەوتەکەدا، وەهای باوەڕبوو << حاڵەتی ئاگایی داشکاو>> دووهەمیان دوای کەوت بە پێداگریی لەوەی کە شانۆی ناوبراو پێ دەچێت << پەیوەندی لەگەڵ کاریگەری بوونی زیانی گازی کاربۆنە کە بە بەردەوامی لە دووهەم بەشی ئەشکەوتەکەدایە >> — دەرئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئەم بۆیەکاریە لەوانەیە بەرجەستەکرابێت بە << حاڵ و سەفەری شامانێک، لەو کاتە نائاساییەدا کە ڕۆح جەستەی سەرەک ڕێوڕەسمیی جێ دەهێڵێت بۆ گەیشتن بە جیهانی سەروسروشتیی و دەگات بەو ڕۆحەی کە حەزی پێیە پەنای بۆ ببات >>

<< سورم لەوەی [Jean Calott نوسیبووی]، کە بوونی گازی کاربۆنی، لە هەندەک بەشی ئەشکەوتەکەدا، ڕۆڵی بینیوە لەو کارانەی کە تێیدا بەرجەستە کراون. کاتێک لەگەڵ ولیام لویس داڤید [ Williams Lewis- David]، لە کتێبەکەماندا ***شامانەکانی پێشمێژوو***، باسی پێکنەگرتنەوەی نێوان گالەری لاسکۆ "گەورەکەیان" و ئەو بەشەی نەخشی لەسەر کراوە، گریمانەی ئەوەمان خستە ڕوو کە تەسکبوونەوە و شوێنی کەلەبەر بووبێتە جێگای گەڕان بەدوای خەوندا. ئەم گریمانەیەش بەهێزتر کراوە بە چڕی گازی کاربۆن کە نابێت ئاسانکاری نەکردبێت و نەبوبێتە پشتیوان. [...] بیرۆکەی مردن [ کە شانۆی بیرەکە بۆ نوسەر پێشنیار دەکات] ئایا نابێت بخرێتە پەیوەندیەوە لەگەڵ زیادبوونی گازی کاربۆنی بەردەوام لە قوڵایی ئەشکەوتەکەدا؟ >>

بەڵام ئەم بیرۆکەیە، کە سی ساڵێک لەمەوبەر لە لایەن جۆرج کاریێر( Georges Charriére) ە وە بڵاکراوەتەوە، بە تەواوی هەڵەیە، چەند توێژینەوەیەکی شارەزایانی $CO_2$ دەیسەلمێنن، وەک دەرئەنجامی سەنتێزی دکتۆر ژێل دولویک (Gilles Delluc).
کۆبونەوەی گازی $CO_2$ لە ئەشکەوتەکاندا بێ شک کاریگەریان لەسەر ئۆرگانیزم هەیە.
<< هەناسەسواری کاریگەرتر دەبێت بە کردوکۆش، ژانەسەری [...] دڵەتەپە و بەرزبونەوەی فشاری خوێن، ئارەقدەردان [...] لاوازیی جەستەیی و خاوی خەیاڵکردنەوە (

کاردانەوەی نەشیاو یان ترسناک، وون کردنی زاکیرە بە ڕاستەوخۆ، ئاراستە وون کردن)، هڵێنجدان و ڕشانەوە، هەندەک جار هەست کردن بە چوزانەوەی چاو و قورگگیران و هەستکردن بە تامێکی تاڵ لە دەمدا، حاڵەتی وەنەوز یان هەڵپەهەڵپ، دڵڕاوکێ یان هەندەک جار سەرخۆشی. >>

خراپرتیش لەوە، لیستەکە بە << کەمبونەوەی هەستەوەری، گێژی، کەوتن و بورانەوە>> تەواو دەبێت، << بەڵام هەرگیز باسی هالیوسیناسیۆن نەکراوە. بە پێێ خستنەڕووی پێوابوویەک << کارەکتەری هالیسۆنێژێنی ئەشکەوتی قوڵ >> ژۆن کالۆت و داڤید لویس ناوی ئەو بڵاوکراوانە دەدەن باسی هالیسۆناسیۆن دەکەن کە ڕویانداوە لە نێو ژێرزەمینەکاندا، بەڵام ئەوە بە هۆی ئەوپەڕی هیلاکی ئەشکەوتناسەکانەوە ڕوویداوە و باسیان کردووە، پێ دەچێت دوای بەسەربردنی ماوەیەکی زۆر لە ژێرزەمیندا ڕیتمی شەو و ڕۆژیان تێکچووە. لە بری هالسیسیناسیۆنی ڕاستەقینە، ئەمەیان بریتیە لە خەون بەهۆی خەولێخەرییەوە، وەک ئەوەی کە پێش خەوتن ڕوودەدات، ئەگەر پەنا ببەینە بەر تویژینەوەی وردی دۆکتۆر دیلوک (Delluc) کە دەرئەنجامەکەی ناتوانێت لەوە ڕونتر بێت:
<< $CO_2$ هەگیز درەگێکی هالیسۆناسیۆن نییە>> پێداگریکردن بە قسەکردن لەسەر << هالیوسیناسیۆن>> لەم حاڵەتەدا، وە ک ئەوەی ڕویدا لە 2003، 2009،2004، ئەمە تەنها یاریکردنە بە ووشە، یان تێگەشتنی هیوایە بۆ هەقیقەت.
بۆ پزیشکی ئاژەڵانی پێشمیژوو میشێل روسۆ (Michel Rousseau) ، بە وەرگرتنی بیرۆکەکانی جۆرج کاریێر (George Charriére)، پیاوی بیرمەکە نە مردووە، نە لە ئێکستازی شامانیکیشدایە: لە نێوان مردن و ژیاندایە << تۆقیو>>، << بێ جوڵە>> ، << جێگیر>> بە نیوە << مردوو لە ترسا >> ، << وەک باڵندەی سەر دارەکە >>، قەدەرەکەی بە تەنها لەوەدا دەبینێتەوە بە << خۆ بەمردو نواندن، چونکا باڵندەکان ( وەک ڕێوی ) توانای ئەو فێڵەیان هەیە، لەوانەیە لە حاڵەتی شەلەلیدابێت ( قاچەکانی بە حەواوە) بەسودی ئەو دەشکێتەوە >>.
لابێ گلۆری (L’abbé Glory)  بەراوردی << پیاو- باڵندە >> ی لاسکۆی بە فیگوری تری ئەشکەوتی پێش مێرل ( Peche- Merle )  و کۆنیاک (Cougnac) و لۆت ( Lot) و ڤیلار (Villars) دەکرد، بەم جۆرە نەخشەکەی دەدایە بەر پرسیار:
<< پێ دەچێت ڕۆحی خراپەی وەک ئەوەی بوسێوو " boussiéou " بێت، خۆی وەرچەرخاندبێت بۆ پیاو، بۆ چوارپا، بۆ باڵندە بە چڕنوکەکانیەوە، بە چەقاندنی لە جەستەی مرۆڤ و نەخۆشی دەخات؟ [... ] ڕێگەپێنەدراو بوو ئازاری ئاژەڵان بدرێت و ئاژەڵی زیاد لە پێوسیت بکوژرێت بە مەبەستی ئابوری کۆمەڵگەکەیان. لە دۆخی سەرپێچیکردندا، ڕۆحی پارێزەری ئاژەڵ، ئۆنگۆنەکەی، ڕاستەوخۆ تاوانبارەکەی سزا دەدا بە ناردنی نەهامەتیەک یان نەخۆشیەکی کوشندە. پیاوەکەی بە پشتا دەکەوێت، باڵەکانی بڵاوە بوو، بەرچۆق دراوە لە لایەن بیزۆنێکی ورگهەڵدڕاوی نەخشکراو لە لاسکۆ، وادیارە سزادانێکی هاوشێوەییە، ئەمەش دەستنیشانکردنی بوونی قانونی خێڵەکیی پێویستە بۆ هەموو گردبوونەوەیەکی بەکۆمەڵ. >>

لەم دوایيانەدا، ژۆن هاليفاكس (Joaan Halifax)، لە ناو بیرەكەدا << بە قوربانیكردنی گایەكی بیزۆن و شامانێک لە ئێكستازدا >> دەبینێت، پێش ئەوەی ڕۆمانە ڕاستەقینەكەی بنیات بنێت:
<< بە چەپا، لە ژێر شامانەكەوە، بەسەر گۆچانەكەیەوە باڵندەیەک دەبینین. ڕۆحی شامان و بیزۆنەكە هەردووكیان ئازاد كراون، ئەمیان بە حاڵ، ئەوی دییان بە مردن، پەیوەندیەک دروست دەبێت لە نێوان سروشت و كەڵچەردا، لە نێوان پوخت و ناسروشتیدا. ئێكستازی شامانەكە دەبینرێت بە باری ڕاكشاوی و بە نێرتكی ڕەپیەوە . ڕۆحی خودنوێكردنەوە لە ئەزمونی ئێكستازدا. >>

سەرنج دەدەین نزدیككردنەوەكان كە روونكراونەتەوە لە لایەن میرسێیا ئێلیاد ( Mircea Eliade ) لە ساڵی 1952 دا بە بەردەوامیی دوبارەكراونەتەوە بەبێ پتەوداریەک بە ئارگیومەنتی نوێ. وەک دەیبینن بە قەڵەمی نۆێل سمیت (Noel Smith،) كە دوای چل ساڵ نوسیبووی:
<< باڵندەكە و مرۆڤۆچكەكە لە شكڵی باڵندەییدا باسی شامانیزمی سیبریاییمان بۆ دەكەن، باڵندە لای هەندەک لە خێلەكانیان دایک- ئاژەڵ یكە. لە باكور و دوورتر، باڵندە زۆرجاران وڵاخی شامانەكانە بەرەو جیهانەكانی تر، ئەم مێتافۆرە هەلبژاردەیەكی قبوڵكراو دەبوو بۆ كۆمەڵگەی چاخی سەهۆڵ، ئەگەر خاوەنی شامان بوونایە بۆ سەفەری خەیاڵی. >>

بۆ گواستنەوەی ئەو بیرۆكانە، دووەم بڵاوكراوەی كتێبی میرسێیا ئێلیاد ( Mircea Eliade ) لەسەر *شامانیزم و تەكنیكی كۆنی ئێكستاز*، ڕۆڵێكی گرنگی بینی. بە دانپیانانی نوسەر خۆی ئەم بڵاوكراوەیە كە بۆ ڕازیكردنی << زیاتر بە هۆگری بۆ میتۆلۆژی، ڕۆژهەڵاتناسەكان و مێژوونوسەكان و دینەكان، ئێلیاد (Eliade) — كە بەوبۆنەیەوە بۆیەكاریی و پەیكەری دیواریی دەرتۆقیوی تێكەڵ دەكرد ! — دوای پاساودانی چەوت، وەک ئەمەی خوارەوە:

<< باڵندەی نیشتوو لەسەر دار رەمزێكی بەربڵاوە لای شامانەكان . بۆ نمونە لەسەر گۆڕی شامانی یاكوت ئەیانبینینەوە. ***tàlto*** [28]یەكی هەنگاری دارێک یان دەستەكێكی لە بەردەم خێمەكەیدا بوو، باڵندەیەكی لەسەری نیشبوویەوە. باڵندەكەی دەنارد بۆ شوێنی مەبەست. ئێستا باڵندەیەک دەبینین لەسەر دارێک لە نەخشە بەناوبانگەكەی لاسكۆ ( پیاوێک سەری وەک باڵندەیە) كە هۆرست كیشنەر (Horst Kirchner) وەک شانۆیەكی شامانیكی بینیوە. هەرچۆنێک بێت، شكڵی باڵندەیەكی نیشتوو لەسەر دارێک زۆر دێرینە. >>

---

[28] ***<u>tàlto</u>*** **: بونەوەرێكە لە نێوان مرۆڤ و خواوەند. (وەرگێر)**

ساڵانی 1990، بێلیندا گۆڕ (Berlinda Gore)، بە وەرگرتنەوەی تێزی فیلیسیتا گۆدمان (Félicitas Goodman)، ئەنترۆپۆلۆگی باکوری ئەمەریکا، چەند دانیشتنێکی نیوشامانیکی رێک خست، پێێ وابوو کە دەتوانێت تێبینی ئەوە بکات کە << جەستەی شامان، بە ئاسۆیی ڕاناکشێت. لە بری ئەوە، بە پلەگۆشەی 37 لاردەبێتەوە ئەم گۆشەیە بە سەرنجەوە مۆرکی ڕاوێستانی سەفەری سپیریتوێڵە کە لەلایەن ڕاوکەرەکانەوە پەیڕەوی کراوە. بە تایبەتی بۆ سەفەرەکەیان بەرەو جیهانی ئاسمانیی. بۆ نموونە هەمان ڕاوێستاویی دوای 12000 ساڵ لە میسر دەبینرێت بە خستنەڕووی ئۆزیریس. ئۆزیریس دوچاری نمونەیەکی سەرەتایی شامانیکیی ببوو، کە تێیدا جەستەی پارچە پارچە کرابوو پاشان پێکەوە نوساونەتەوە لە لایەن خوشکەکەیەوە پێش ئەوەی سەفەرەکەی بکات بەرەو ئەوە و دنیا. لەم شانۆیەدا، ئۆزیریس بەهەمان پلەگۆشەی 37 ی شامانی ئەشکەوتی لاسکۆیە >>.

بە بێ ئەوەی بوونی بۆچونێکی شامانیکی میسری بەدرۆ بخرێتەوە ـــ کە شایەنی ئەوەیە وەک خەیاڵ ڕەچاوی لێ بکرێت ـــ، ئامێرێک دروست دەکات بە مەبەستی ئەوەی کە یاریدەدەرەکانی بە ئاسانی بکەونە حاڵەتی حاڵەوە. بەو پێیە، دەتوانن ڕاکشێن لەسەر تەختێک کە بە << تەواوی >> دەیان خاتە باری << شامان >> ی لاسکۆ **( وێنەی 12 )** ! بۆچوونمان هەرچۆنێک بێت داڤید لویس ولیام (David Lewis-Williams) کە خۆی سەرهەڵداودەکات بە نوسینی بوونی پەیوەندیەکی لەو جۆرە << بوختانی بێ مانا >> دەردەخات، ئەم نمونەیە بە جوانی نیشاندانی ڕونیی ئاشکرای هەندەک تێزی لێکۆڵەرەوەکانی هونەری ئەشکەوت و مرۆڤناسییە، یان پراتیزەکردنی نیوشامانیکە داپۆشراو بە سەدەی نوێ.



**وێنەی 12. ئەو ئامادەکاریەی بەکارهێنرا لە لایەن دکتۆ Berlinda Gore بۆ یاریدەدەرەکانی وەک باری پیاوەکەی لاسکۆ. لە چوارچێوەکەدا: بەرامبەرەکی دەبینرێت وەک لاسکۆ ( DAO d’après Gor 1995 : 173 et 177 ; modifié ).**

تێزی شامنیزم بەشێوەیەکی ئاسایی بەرەو زیادەڕۆیی دەمان بات، بەڵام ئەوەی گرنگە، ئەوەی پەیوەندی بە شانۆی بیرەکەوە هەیە، کە زۆرینەی قسەکەران وێنەی پیاوێکی مردویان تێدا بینیوە، یان لەژێر چەپۆکی **"مردنی بچووک**[29]**"** ی حاڵ دایە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجێکی گرنگ، لە کەسایەتی دکتۆر سونجنس (Seuntjens) دا کە سەرنجی دابوو شانۆی بیرەکە نەخشکرابوو << لەسەر تەختێکی هەڵتوقیو بە لولەی کۆڵەکەیی فراوان بەرەو ژوروو، وەک لەسەر ئەستونێکی فراوانی لارەوەبوو >>. بەو هۆیەوە << ئاراستەکان جیاوازن بۆ کەسی بینەر و فۆتۆگرافەر لە گۆشەنیگای جیاوازەوە >>. بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی ئەو فۆتۆگرافیانەی کە نیشاندراون، بە جۆری سڕینەوەی << چاڵ و چۆڵی کۆڵەکەکە، زۆر بە ڕوونیی لە گۆشەنیگای دوورەوە >>، هەر بە ڕای هێنرین سونجونس (Henrin Seuntjens) ، بۆ ئەوەی وێنەیەک جێگای کۆی شیوەمرۆڤکە و بیزۆنەکە بگرێتە خۆی، فۆتۆگرافەرەکان ناچار بوون خۆیان بخەنە پاڵ ئەو پەیژەیەی پێیدا هاتونەتە ناو بیرەکە و ئامێرەکەیان بە شەست یان هەشتا پلە گۆشە لار بکەنەوە بە دەستە ڕاستا.


<< بەو هۆیەوە ئەمە دەبێتە هۆی هەڵگێڕانەوەی پیاوەکە بە پشتا، سنگی قوت، بیزۆنەکە بە ئاسۆیی دەردەکەوێت، بەتوانایی و بەهێزیی ئاژەڵمان بۆ دەردەخات، لە هەمان کاتا جێی شکە کە بینەرانی **ماگادێلینیان**[30] ئەو خاڵە پەسەندەیان هەڵبژاردووە یان بۆ هەڵگەڕانەوەی پیاوەکەیە، لە کاتێکدا لە باقی هەناوی جەستەی و بوونی بە پێوە و کەوتنی، بە هاوگیری لەگەڵ چاڵ و چۆڵی دیوارەکە، یان بۆ بینینی هاوکاتی وردەکاری کۆڵەکەکەیە. >>

ڕاستە کە فۆتۆفرافییەکی ڕۆنێ لابۆری (René Laborie) ، زۆر کەم نیشنادراوە، پیاوەکە بە تەواوی لەباری ستونی نیشان دەدات، بە جەستەیەکی ستونی، بەڵام بە ڕوونی کووڕە، وەها دەردەکەوێ کە سنگی دەردەپەڕێنێت بۆ ترساندن یان زاڵبوون بەسەر ئاژەڵەکەدا **( وێنەی 13).**

---


[29] **مردنی بچوک: دەستەواژەیەکی فەرەنسییە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو هەستەی دوای گەیشتن بە ئۆرگاسم، هەستێکی بێ هیواییە لەدوای ڕەحەت بوون، زۆربەی جار لە بواری دەرونشیکاریدا وەک نمونە دەهێنرێتەوە.(وەرگێڕ)**

[30] **ماگادێلینیان: Magadaléniens دواهەمین کەڵچەری ئارکیۆلۆژی پالیۆلیتیکی ئەوروپای ڕۆژاوا...)**



**وێنەی 13: فۆتۆگرافی René Laboirie بەکارهێنراوە لە لایەن Henri Seuntjens، بۆ پاڵپشتی ڕوکردنەوەی شانۆی بیرەکە لە گۆشەنگایەکی تری لەوەی کە بڵابۆتەوە زۆربەی جار (DAO بە پێی Seunjens fig.2 : 1955 ).**

دوو کڵێشە، یەکەماین ئەوەی فێرناند ویندلس (Fernand Windls) کە لە لایەن لابێ بغۆیەوە بڵاو کرایەوە ( **وێنەی14**)، ئەوی تریان پێش دامەزراندنی پەیژە ئاسنییەکە گیراوە بۆ ئاسانکردنی دابەزین بۆ بیرەکە ( **وێنەی15**)، ئەوە پشت ڕاستە دەکاتەوە کە، بە گوێرەی ئەو شوێنەی تێی دەڕوانین، دەتوانرێت پیاوەکەی لاسکۆ بە ئەستونی ببینرێت، بە جەستەیەکی کەوانەیی.



**وێنەی 14 : وردەکاریفۆتۆگرافیەکی بیرەکەی لاسکۆ لەلایەن Ferdinand Windels . شانۆکە لە چەپەوە و ئەراستەکەی بەتەوای جیوازە لەو وێنانەی بڵاوکرونەتەوە.زیاد لەوەش، جەستەی فۆتۆگرافەرەکە چەماوەیە ( d'après Breuil 1952f : 148 et seuntjien 1955 : fig. 3 ) .**




**وێنەی 15 : کلێشەیەکی تر لە گۆشەنیگایەک نزیک لەوەی نوسەری ئیولستراسیۆنی پێشو، پشتڕاستی ئاراستەی گشتی شانۆکە دەکاتەوە ( D'aorés le Roi-Gourhan 1979 : fig. 54 ) .**

لەوەو بەر ئەم دەستنیشانکردنانە کرابوون، سونتجێنس (Seuntjens) بەردەوامی پێ دەدات:
<<  با بچینە سەر باسی بیزۆنەکە: شتێکی ڕوونە کە تەنها لە خەیاڵی هەندەک قسەکەردا پڕ هەڕەشەیە، بەڵام ئایا شکڵی یەکدەگرێتەوە لە گەڵ سروشتێکی پڕ هەڕەشەدا؟ ئەمە تەنها بە هۆکاری ئاراستەی چۆقەکانییەوەیە، پێکدژییە لەگەڵ باقی جەستەی ئاژەڵەکە. ئەو بریندارییە دژوارە، بەو ڕیالیسمەی ڕیخۆڵەکانی دەرهاوێژراوون، بە کونکردنی لەم سەر بۆ ئەو سەری هەناوی، بە مانای مردنی ڕاستەوخۆ دێت. هیچ شتێک جگە لە سنگی پیاوەکە کە وادیارە ڕێی تێ ناچێت، پێمان بڵێت کە بیزۆنەکە چۆقێکی دژواری لێ دابێت: تاوانباری ناوبراو بە نیشانەیەکی فیزیۆلۆژیکی تەندروستباش خۆی نیشان دەدات. >>

تێگەیشتن لەم بۆچوونە ڕامان ناوەشێنێت، بە گۆشەنیگای بەرجەستەکراوی بغۆی (Breuil) و لوغووا گوغا ( le Gouran le Roi) و مۆدیت (Maudit) و وێندێل (Windels) و باندی مارنجەر (Bandit-Maringer) و زۆر لە شیکەرەوەکانی تریش:
<< ئەو لێکدانەوەیەی کە سەرنجم ڕادەکێشێت بە پێچەوانەی ئەوانی ترەوە: پیاوەکە دوور لەوەی کە براوە بێت، لەباری ستونیدایە، سنگی دەردەپەڕێنێت، سەرکەتوو، بیزۆنەکەش مردووە یان دەمرێت، بە پشتا کەوتووە. >>
ئەم پاساودانە وەرگیراوەتەوە لە لایەن سیگفراید جیدیۆن (Sigfried Giedion) ەوە، بۆ ئەو <<  پرسیاری بنەڕەتی ئەمەیە: پیاوەکە بە ڕاستی کەوتووە بە پشتا بە هەڵەوگێڕاوەیی؟ >>. بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە بڕیار دەدات خۆی دەگەڵ فۆتۆگرافەرێکدا بچێیت و بەچاوی خۆی بیبینێت:
|<< کاتێک بۆ یەکەم جار سەردانی ئەشکەوتەکەم کرد ساڵی 1949 داوام لە فۆتوگرافەرەکە کرد فۆتۆیەکی پیاو- باڵندەکە بگرێت بەگونجاندنی لەگەڵ تەختایی "بیر" ەکە، بە بێ ئەوەی کامێراکە سەربەرەوخوار بکاتەوە، نە بە بەکارهێنانی ئامێری تر. >>

ئەم فۆتۆیە لەلایەن نوسەرەوە بڵاوکرایەوە ( **وێنەی 16**) کە بەم شێوەیە باسی دەکات:

<< پیاو- باڵندە بە قنجی بە هەموو توانای خۆی دەوەستێت. شانۆکەی لە جێگایەکی ڕێوڕیسمی زۆر گرنگدا ڕوودەدات، نزیک لە قوڵایی ئەشکەوتەکە. چووونی بۆی تۆزێک گرانە، جیابۆتەوە لە ئاستی ئاسایی ئەشکەوتەکە بە دیوارێکی تاشە بەرد. ئەگەر لێرەوە سەیری بکەین بەرەو خوارەوە، لە ناو "بیر"ە کەدا، فیگورەکە جارێکی تر دەبینینەوە بە ستونی [ ... ] هاوڕام لەگەڵ دوایین کاربەدەستی شوێنەواری مێژوویی ( S.Blanc)، بە بیری ئەو،  پیاو- باڵندە بە ستونی وەستاوە، لە کاتی جادووە هەرە باڵاکەیدا. >>.




**وێنەی 16 : فۆتۆی پیاوی لاسکۆی بە گوێرەی داوای Sigfried Giedion ( d’après Giedion : 379 ; gig.344).**

بە ڕای سیگفراید جیدیۆن (Sigfried Giedion)، ئەگەر شیوەئاژەڵی بیرەکە << بە نیشانەی هەژان و کۆکردنەوەی هێز خۆی نمایش دەکات >> لەبەر ئەوەی زۆر دوورە لەوەی کە مردبێت: جۆرێک لە ڕێوڕەسمی زاڵبوون بە سەر ئاژەڵەکەدا پەیڕەوی دەکات.

وەڵامی ئەم ئارگیومەنتانە دراونەوتەوە بەوەی لە ڕاستیدا << پیاوەکە بە گۆشەی 45 پلە کەوتووە بە پشتا، دارە ستونەکەی باڵندەکەی بەسەرەوە یە ئەوە دەسەلمێنێت.>> هەروەک ئەوەی کە دەردەکەوێت لە فۆتۆگرافیە ئێجگار قەشەنگەکانی نۆبێرت ئۆژولات ( Nobert Aujoulat ). هەرچۆنێک بێت، پێویست بەوە ناکات ڕەچاو لە دەرئەنجامەکانی دکتۆر سونتجێنس (Seuntjens) بکەین یان ئەوەی جێدیۆن ( Geidion) بۆ دانپیانان بەوەی کە باری سەرنجدەر بە هەموو مانایەکی واژە << ڕەوش >>، کاریگەرە لەسەر وتنی ئەوەی بینیویەتی. زیاد لەوەش، وەک ئەوەی بە بەردەوامی ڕوودەدات بۆ هەموو پێکهێنەکانی ئەشکەوتیی کە وەک "شانۆ" ڕەچاویان لێ کراوە، ئەمانە وەک مانیفێستی حاڵەتی ساتێکی بەردەوامییە کە ڕووداوی پێشویان نیشان نەدراوان. زۆر پێش دۆزینەوەی لاسکۆ بە هەمان شێوە بوو، بۆ نەخشێکی ئەشکەوتیی کە لەلایەن فرێدێریک کریستۆڵ ( Frédérique Christol)ەوە لە سالانی1880 دا دۆزرایەوە لە ئەفریقای خواروو و گریمانەی نیشاندانی گروپێکی بوشمان دەکات هێرش بکەنە سەر ڕەوە ئاژەڵێل (**وێنەی 16A**)، ئەم بۆیەکاریە وەک نمونەیەکی ئەو بابەتە پیشاندراوە لەناو ژمارەیەکی زۆری نامیلکەی ئەنترۆپۆلۆژی، ئێتنۆلۆژی، پێشمێژوو. بەڵام سەلماندنی ئەوە ئاسانە کە ئەم جۆرە تێڕوانینە تەنها دەرئەنجامی دەستنیشانکردنە لەلایەن لێکۆڵەرەوەکانی بوشمان، کە بە سیستەماتیکی وەک دزی مەڕوماڵات ڕەچاویان لێ کراوە لەلایان ئەو کەسانەوە کە ناتوانن وەک شوان ڕەچاویان لێ بکەن — کە ئەو سەردەمەشی بۆیەکاریەکان کراون ئەوە پیشەیان بووە.

دانیەل فابڕ (Deniel Fbre ) پەی بەوە بردبوو کە کە شانۆی بیرەکەی لاسکۆ بەهەمان شیوە بوو:



**وێنە (16A) نەخشی ئەشکەوتی ئەفریقای خوارو. بە هۆکاری ئەوەی هەندێک بەشی نەخشەکە لەلایەن خەڵکیەوە هەڵکەندراون و براون، بە ئامێری ئەلەکترۆنیک لەبەر فۆتۆگرافییە دێرینەکاندا دروستکراوەتەوە. (وێنەکە لە لایەن وەرگێڕەوە دانراوە)**

<< یان وەک لێدوانی هەموو قسەکەران، نەخشەکە دەستنیشانی ڕوداوێکی ڕابوردوو دەکات، شووێنەواری کردارێکە کە ڕویداوە، یان ساتی ئێستامان بۆ پێشنیار دەکات کە دەبێت ڕووبدات لە داهاتوودا. زیاد لە یەکەم پێشنیار یەکدەگرێتەوە دەگەڵ لێکدانەوەیی دۆکسا " **Doxa**[31]، ئاراستەکەشی بەهەر جۆرێک بێت ( کارەساتی ڕاو، ریتوێلی شامانیک، قوربانی، پەروەردە)، دواهەمینیان دەتوانێت خۆی بنیات بنێت تەنها لە سەر ئەو وردەکاریانەی کە وێنەکە دەخاتە بزاوتنەوە، واتە، لەو چوارچێوەیەی کە لەلایەن ژۆرژ باتایەوە دیاری کراوە، ڕێبوونی ڕوون و توندنی پیاوی ڕووت کە دەکەوێت بە پشتا و بریینداریی بیزۆنەکە و کۆتایی نەهاتنی برینداریی بیزۆنەکە بە "ڕەهێڵەی هەناو". >>

**[31] " Doxa : کۆی گشت ئەو بیروباوەڕانەی لە شارستانیەتێکدا هاتونەتەکایەوە وەک ڕاشکاویەک بە بێ دیبەیت " (وەرگێڕ)**

بەم جۆرە، خوێندنەوەی برۆدریک (Brodric)، کە لە سەرەوە ناوی هاتووە گریمانە دەکات کە ڕاستییەکان یەک لە دوای یەک بن ( << پیاوەکە بیزۆنەکەی بریندار کردووە، بیزۆنەکە پیاوەکەی کوشتووە، کەرکەدەنەکە ورگی بیزۆنەکەی هەڵدڕیوە، باڵندەکەش سەرنجی شانۆکە دەدات >> ) کەواتەهیچ شتێک، لە دیمەنەکەدا، بە ئۆبژەکتیڤانە دڵنیامان ناکەنەوە لە زنجیرەیی، نە تەنها بوونیشی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو مەیلەگریمانەیە زۆر بەربڵاوە، بۆ نمونە دەیدۆزینەوە لە ژێر قەڵەمی ئالان ڕۆژێ ( Alain Roge) کە پێداگریی دەکات لەوەی کە ئەم شانۆیە:
<< وابزانم ئەم [شانۆیە] بریتییە لە سەرەتایەک ـــ ڕوداوی ڕابووردوی بیزۆنەکە ـــ پاشان *دوایییەک* ـــبەکارهێنانی نێرتکەکە دوایی ـــ کە بە جۆرێک " نێوەندگیری " دەکات.>>

چەند کەسانێکی تر هەوڵیان داوە لێکدانەوە بۆ ئەم نەخشە بکەن. ساڵی ، 2017 ژۆن ئابێلانێ (Jean Abelanet) پێداگریی دەکات لەسەر ئەوەی کە << ئەم شانۆیە ڕوادوێکی ڕاو کردنە و بە کارەسات کۆتایی پێ هاتووە>>، پاشان دەقێکی وێنەیی و نمونەیی بۆ ڕاوکەرە شاگردەکە تەرخان دەکات:

<< بیزۆنێک پێکراوە لە بەشی هەناویا بە دەرهاوێژێکی درێژی نوکدار: بە داخەوە ڕیخۆڵەکانی بە هەڵواسراوی هاتونەتە خوارەوە، بەڵام، سەری دانەواو، چۆقەکانی بەرەو پێشەوە، هێرشی کردۆتە سەر ڕاوکەرەکە و بە زەویدا کەوتووە، باڵەکانی بڵاوە، بە تەنیشت ڕمەکەی و باڵندە سیحراویەکەی بەسەر دارەکەوە! بکەر ویستویەتی وانەی ڕاستیەک وەبیر مریدەکانی بهێنێتەوە. >>

هەروەها ژۆن پیێر دیوارد (Jean Pierre Duhard) وەبیری هێناینەوە کە، بەگوێرەی سەرنجی لابێ گلۆری (l’abbé Glory) لەژێر نەخشەکەدا << دە پەڵەی ڕەش و سێ چڵپاوی فراوان بە بۆیەی ڕەش >> لەوانەیە ئەمە جۆرێک بێت لە پاشماوەی<< **پالێت** [32]>> ی هونەرمەندەکە، هەروەها خوێنی ورگی هەڵدڕاوی بیزۆنەکە بێت >> لە ئەنجامدا،
<< یەکەم خوێندنەوە کە بە هزردا تێپەڕ دەبێت، شانۆی ڕاوی بیزۆنێکە. پیاوەکە، دوای ئەوەی بە یەک ڕم بریندار ی دەکات، ناوبراو خوێنی لە ڕیخۆڵەیەوە ڕۆ دەچێت ( ڕیخۆڵەکانی لەگەڵ جێگە چاڵەکانی)، کاربڕێرە، و بە بەچۆقێک دەیخات. بە پشتا کەوتنی، پیاوەکە بە خۆڕسکانە باڵ و پەنجەکانی دەکاتەوە، تیرەکەی تور دەدات و هێشتا کەوانەکەی لە دەستی ڕاستیدا گرتووە. >>


---

[32] **پالێت : ئەو جێگە یان ئەو تەختە یە کە هونەرمەند بۆیەکانی تێدا تیکەڵ دەکات بە مەبستی بەکارهێنانی بۆ بۆیەکاری.(وەرگێر)**

ئێمانوئێل ئەناتالی (Emanuel Anatali) وەهای باوەڕە کە << هێمای دار >> لە ژێر شێوەمرۆڤەکەدا << پێ دەچێت جۆری پەیوەندی لە نێوان دوو قەوارەی ئیدیۆگرامی تایبەت دەستنیشان بکات >>. بۆچی ئایا ئەمە بە ئیدۆگرام دەچوێنن؟ ئەوەیان ڕوننەکردۆتەوە. بە بیری ئەلفرێد دوگرازیبا ( Alfred de Grazia) ، ئاشکرایە کە شانۆی بیرەکە پەسەندکردنی دیوارنەخشێنی میسریە و لەباوەشکردنی نیوت " Nut" نیشان دەدات، خواوەندی ئاسمان، خۆی دەچەمێنێتەوە بەسەر جێب (Geb) دا، خواوەندی زەوی بە ڕەپوبوونی نێرتکی، کەواتە بریتیە لە بەیادهێنانەوەی بەیەکگەشتنی ئاسمانی ئافرێندەر کە نیشاندراوە وەک بیزۆنێکی مێینە دەگەڵ زەویدا لە ژێر شکڵی پیاوێکی نێرتک ڕەپدا. بە بۆچوونی دانیەل دێلزارد (Daniel Delzard) << پیاوە قنجەکە، مردوو بە ماسکی باڵندەوە، ڕۆح- باڵندە براوەی بێ هیوابیە لەبەر ئەوەی وادیارە ئەوەیە مانا و ئاراستەی ماسک و تەوتێم >>. بەڵام بۆچی ؟ وەڵامەکەی نازانین. بۆ کرستین دێکوێلۆر (Christine Dequerlor) ، نەک تەنها "پیاو- ئەژەڵ ی بیرەکە << شامانێکی بەهێزە، لێرەدا لە حاڵەتی زکردا، هەموو ئەو کەلوپەلانەی لە دەوری خۆی کۆکردونەتەوە کە توانا و هیزی پێ دەدەن >> زیاد لەوەش بە بیری ئەو، ئەو دارەی کە باڵندەکەی لەسەر نیشتوتەوە << بۆشە و نیشانەی یەکەم شکڵی چاویلکەی ئەستێرەناسییە >>. لە کاتێکدا ئەو خەتانەی کە وەک هاوێژەرەکەی بینراون لە لایەن هەندەک کەسی ترەوە وەک کەوانەخاچی بینراوە، ئەو ئامێرەی لە لایەن<< شامان >> ە کانەوە بەکار هێنراوە بۆ پێوانەی ئەستێرەناسیی.
ژۆن پیکارد (Jaque Picard) پێی باشترە << شانۆیی بیرەکە گێڕانەوەی میتۆلۆژیە لە نێوان پاشا- کەرکەدەن و شاژن- بیزۆن لەگەڵ شازادە- پیاو- باڵندە >>... بەڵام خۆمان دڵنیادەکەینەوە: لە کۆتاییدا، << خواوەند- کەرکەدەن براوەیە بە دواهەمین جەنگ لەگەڵ خواوەند – بیزۆن >>، ژۆن پیکارد (Jaque Picard) کۆتایی پێ دەهێنێت کە << شانۆی بیرەکە داستانی میتۆلۆژیە بۆ سەلماندنی سکرچەری باوکسالارییە کە بریتیە لە دەسەلاتی پاشا بەسەر کۆمەڵگەوە، سەردانەواندنی شاژن بۆ پاشا و خۆگونجاندنی لەگەڵ ئەو سکرچەرە لە هەموو چینێکی کۆمەڵگەدا. کۆمەڵگەی هەنوکەمان لە دەرئەنجامی سەرکەوتنی پادشای کەرکەدەنەوە بەسەر شاژنی بیزۆندا هاتۆتە کایەوە [ ... ] پیاو- باڵندە دەبێتە نیوە خواوەند، پاڵەوانی خێڵی لاسکۆ، ڕێککەوتن لەم جەنگە بێ بەزەییەدا کە تێیدا بەبێ زام دەربازنابێت. سەرکەوتنی خواوەند- کەرکەدەن دواهەمین پاساودانی سکرچەری باوکسالاریی پێک دەهێنێت. >>

میشێل ڕێپانگلوک (Michel Rappengluck) شانۆی بیرەکە وەک نەخشەی ئاسمانیی دەبینێت، کە تیایاد چاوی بیزۆنەکە، هی پیاوەکە و باڵندەکە وەک سێ ئەستێرەی هەرە بریسکەدار لە ئاسماندا نیشاندراون: نێب، ئەلتێر، ڤێگا (Dneb Altair، Vega)، لە بۆشایی ئاسماندا سێ گۆشەیەکی زۆر گەورە پێک دەهێنن کە ناوی << سێگۆشەی هاوین >> ە بەڵام لەبەر ئەوەی 16500 پ.ز ئەو سێگۆشەیە هەرگیز نەدەهاتە خوار ئاسۆوە تەنها سەرەتای بەهار نەبێت دەبینرا ــــ ئەمەش یارمەتیمان دەدات مێژووی ئەو نەخشە دیاری بکەین. بۆ باسی باڵندەکەش لەسەر چڵەدارەکە، مەبەست لە ئەستێرەی باکورە لەسەر ئاکسی جیهاندا دانراوە **(وێنەی 17).** ئەم تێزە و زۆر تێزی تر نیشاندراون لەو کتێبەدا کە ئەم

نوسەرە لە دوکتۆراکەیەوە وەری گرتووە لە ساڵی 1999 دا، چونکا ــــ ئایا باوەڕ پێ دەکەن؟ هەموو ئەمانە دەبنە تێزێک و ئاوا خۆی کورتی دەکاتەوە:




**وێنەی17 : وێنەی ڕونکردنەوەیی بەکارهێنراو لەلایەن Michel Raappengluck لە تێزەکەیدا بۆ ئەرگیومەنتی خوێندنەوەی ئاسمانیی نەخشەکەی شانۆکەی لاسکۆ ( DAO d’après Raapenglück, traduit et motifé**

<< (باڵندە- دار) و (پیاو- باڵندە) ئاماژەن بۆ تێگەیشتن لە شانۆکە. بۆ گەیشتن بە خاڵی بنەمای ئاسمانی کۆسمۆس. دەبێت شامانێک خۆی وەرچەرخێنێت بۆ باڵندە (بە تایبەتی بڵندەی کۆچەر) بفڕێت بە درێژایی ئاکسی **ڕێگای شیریی** [33]بە دەرگاکانی ئاکسی جەمسەریی و ڕێگای شیریدا، بە درێژایی دەرگای چینی کۆسمۆسدا، بە تەنیشت کۆڵەکەی ئاسمانەوە. (ڕۆح- یارمەتیدەر)ەکان (بڵندە، شیردەر، مار) پشتیوانن لەو سەفەرە گرانەدا. ئەگەر لە قوڵاییی بیرەکەوە سەیری بکەین، پیاو- باڵندە لارە و باڵندە- دار چەق نیشان دەدات، ئاراستەی ئاسمان، ستونیی و مێریدیەن (هێڵی سفر ی جەمسەریی. وەرگێڕ). بەڵام ئەگەر لە سەرووی بیرەکەوە تێی بڕوانین [... ] باڵندە- دار وادیارە بە لای خەتی خەیاڵیدا ئەشکێتەوە بە گەیشتنی بە بەشی خوارەوەی چڵەدارەکە و قاچی پیاو- باڵندە، کە وەک ستونیی دەبینرێت. گۆشەی نێوان دوو فیگورەکە 45.3 پلەیە. ئەگەر لەمە تێگەشتین لە گۆشەنیگای ئەستڕۆنۆمیکەوە، مانای ئەوەیە کە باڵندە- دار بەرەو جەمسەری باکوری ئاسمانیە بە بەرزی ئەشکەوتی لاسکۆ: 45.1 پلە. باڵندەی سەر چڵەدارەکە وەک بونەوەرێکی یەکپا دەردەکەوێت کە هەردەم بەستراوەتەوە بە ئاکسی جیهانیی بە گوێرەی میتپلۆژی دێرین لە جیهاندا. ئەگەر باڵندە- دار تەوەری جەمسەری بێت، ئاژەڵەکان لە دەستە ڕاست و لە چەپیەوە دەتوانن وەک فیگوری تەوتێمی بن و گەلەئەستێرەکان کە یارمەتی شامانکە دەدەن لە سەفەرەکەیدا. بەو شیوەیە توکی خوری و هەندەک بەشی کەرکەدەنەکە و گامێشەکە، پیاو-باڵندە و باڵندە- دار، بەرزایی **گەلەئەستێرەی دەورەجەمسەری** [34]بە بەرزایی ئەشکەوتەکە دەخاتە ڕوو لە 14500 پ.ز .
لەو سەردەمەدا ئەستێرەی(Cyg& 18) تەنها 3° لە جەمسەری باکوری ئاسمانیەوە بوو، گەلەئەستێرەی ئێستای سین (Cygne) لە لیر (Lyre) و لە دۆفین (Dopune) و لە ئێگل (Aigle)ەوە، هەروەها هەندەک بەشی گەلەئەستێرەی نزدیک، دەورەجەمسەریی بوون. چاوەکانی پیاو- باڵندە، لە باڵندەی سەر چڵەدارەکەوە و لە بیزۆنەکەوە سێگۆشەیەک پێکدەهێنن دەتوانرێت بناسرێنەوە وەک پێکهێن لە سین، لە ڤێگا لە لیر (Vaga , Lyre ،Cygne) ەوە و ڕۆتانێڤ(Rotanev) ی دۆفین (Dophin). هاوشێوەی ئەوەیە کە ئێستاکە ناومان ناوە سێگۆشەی هاوین، لەگەڵ ئەلتایر(Altaïr )ی ئێگل (Aigle) لە جێگای ڕۆکتانێڤ (Rotanev). پیاو – باڵندە گەلەئەستێرەیەکی زەبەلاحە لە ناوەڕاستی ڕێگای شرییدایە.
بەشی سەرەوەی پێکهاتووە لە ئەستێرەکانی گەلەئەستێرەی هەنوکەیی سین (Cygne) و هەوەوەها ڕۆنارد (Rernard)، بەشی خواروەی دروستبووە بە ئەستێرەکانی ئێگل (Aigle)، ئۆفیشیو(Ophiuchu)، هێرکیول(Hercules)،هەروەها فلێش (Fléch). لە سەردەمەکەماندا، باڵندەیەکی ئەستێرە دەتوانێت هەردەم خۆی ببینێتەوە بە فڕینی بە درێژایی ڕێگای شیریی: سین Cygne. مەچەکی چەپی پیاو- باڵندەکە بە تەوای لە شوێنی ئەستێرەی جەمسەرییە. بۆیەکاری ئەسپەکە کە بەرامبەر هەردوو وێنەکەیە لە جێگای ئێستای گەلەئەستێرەی لیۆن (Lion) ە . >>

---

[33] **ڕێگای شیری : Voie lactée " پێشی دەڵێن گالەکسی، پێکهاتووە لە 200 هەتا 400 ملیارد ئەستێرە و 100 ملیار هەسارە. زەویی و خۆر بەشێکن تێیدا. (وەرگێڕ)**

[34] **دەورەجەمسەری : Circompolaie (وەرگێڕ)**
**گەلەئەستێرە : constellation (وویرگێڕ)**

لە نێو هەموو ئەم تێرامانانەدا نوسەر دەتوانێت تەنها یەک دەرئەنجام بپێکێت ، ڕوون:
<< پیاو- باڵندە دەتوانرێت وەک شامانێک لە حاڵەتی ئێکستازدا ببینرێت کە سەفەر دەکات بە نێو چینەکانی کۆسمۆسدا بە درێژایی ئاکسی جیهانی و ڕێگای شیری، کە دەگاتە پانتایی ئەوە و دنیا، دەڤەری ئەستێرەی دەورەجەمسەری و جەمسەری ئاسمان 18 & Cyg کە، لە دەوری 1400 دا، لەناو ڕێگای شیریدا بوو، کەواتە دەستنیشانی شوێنی ڕاستەقینەی ئەفراندنە بە بیری پێشینان. >>

وەک زۆر لە لێکدانەوەی ئەستێرەیی بۆ هونەری پێشمێژوویی، ئەمیش باسی نزدیککردنەوەی بەڕێکەوتمان بۆ دەکات بەبێ ئەوەی هەرگیز یەکێکیان بسەلمێنێت. چۆن بزانین کە ئەو پیاوە شامانێکە ؟ پێمان ناڵێت، چۆن بزانین کە لە حاڵ (زکر. وەرگێڕ) دایە ؟ ناشزانین بۆچی بە ئاسمانا سەفەر دەکات؟ نەهێنیە. بۆچی چاوی پیاوەکە و باڵندەکە و گامێشەکە دەبنە ئەستێرە؟ بۆچی ڕێگای شیری کە جێگایەکی گرنگی گرتووە لە لێکدانەوەکەیدا نابینرێت؟ بێ شك هونەرمەند لە بیری چووە. کوان پلە جیاوازەکانی کۆسمۆس و دەروازەکانیان کە شامانی ناوبراو لێیەوە دەفرێت؟ وەڵامی ئەم دواهەمین پرسیارە ئاسانە: هیچ شوێنێک.
لە ڕووی وردەکاری دیاریکردنی ڕۆژەکان ( ناوی دەقی مێتۆدی)، بە ڕوونی دەگەڕێتەوە بۆ قەڵەمی کۆلین ئۆدیس (Kaulins Audis) کە، لە وتاریکدا کە ساڵی 2003 بڵاوی کردەوە لە ژمارەی 101 *Lexline Newsletter* دا، دیمەنی بەناوبانگەکەی 25 ی دێسەمبەری 9273 پ.ز. !


بە چ ڕێگایەک؟ زۆر ئاسانە: پیاوە مردووەکە ساڵانی بەسەرچوومان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کەواتە فیگوری خۆرگەڕانەوەی زستانە. باڵندەی سەر دارەکە باری پەروینی ئەو خۆرگەڕانەوەیە، لەبەر ئەوەی ئەم وێنەیە بە << تەواوی >> ئەو ئەستێرانە نیشان دەدات کە لە خۆرگەڕانەوەی زستاندا پێک دەهاتن لە ساڵی 9273 پ.ز دا. نوسەر کە لە بەردەم هیچ نەترسیەکدا سڵ ناکاتەوە، کۆتایی بە نوسینەکەی دەهێنێت بەوەی کە کەڵچەری، **ماکدالێنیان**[35] ( کە ئەم نەخشە بۆ ئەو سەردەمە دەگێرنەوە) زیاتر پەرەی بەردەوامیی بەخۆی داوە لەوەی کە پێش مێژووییەکان باسی دەکەن.

هەمان ئەندیس کۆلین (Andis Kaulins) کتێبێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا ئەو پلانە بڵاودەکاتەوە ( **وێنەی 18**) کە یارمەتی داوە ئاوا بە ئاسانی لێکدانەوەی نەگونجاو بۆ نەخشەکە بکات بە ئاسودەییەکی پەشۆکێنەر : بیزۆنەکە ئەسپەباڵندە "Pégase"یە لەگەڵ

---

[35] **ماکدالێنیان : دواهەمین کەڵچەری ئارکیۆلۆژیکی پالیۆلیتیکی سەروو لە ئەوروپای ڕۆژئاوا لە نێوان 14000- 17000 پ.ز. (وەرگێڕ)**

کاسیۆپیا "Cassiopé " وەک شکڵی باڵندە دانراو لەسەر سەری، پیاوە مردووەکەش ئەستێرەی **کەڵلەبەدەس** "Persée" ە، سەرەتای ساڵی نوێ دیاری دەکات، لە کاتێکدا ژێر ورگی بیزۆنەکە گوانێکە کە هیچ شتێکی تر نیە جگە لە دۆلکە (Verseau)، درزەکەی چەپی شانۆکە کە ئۆریۆن (Orion) ە، تایبەتمەندییەکی دیوارە بەردەکە بووە بە ئەستێرەی کاروانکوژە ( Sirius ). سەمەرە ئەوەیە هەرچەندە دان دەنێت ( بە بێ هیچ بەڵگەیەک) بە هەموو ئەم وردەکاریانەدا، وادیارە نوسەر شیوەئاژەڵە ڕاستەقینەکە ناناسێتەوە کە لە تەنیشتی نەخشەکەوەیە، لەبەر ئەوەی هەڵدەوەشێنەوە بۆ چەند ئەلیمەنتێک کە پێکەوە نەبەستراونەتەوە، کە جارێکی تر باسیان دەکات: پێیەکانی دواوەی << دوو فیگورن >> کە، لە بەر ئەوەی دوانن، تەنها دەتوانن دووانە (Gémeaux) بن (خوای گەورە، تەواو خۆیەتی !) ؛ کلک و گروپەکە — کە ئەوانیش ناناسێتەوە وەک ئەوەی کە هەیە و وەهای باوەڕە شکڵی مراوی (وەک ئەستێرەی مراوی. وەرگێڕ) وەردەگرن — وادەزانێت دەبنە شکڵی ئۆریگ (Aurige"). هەرچی هەڵتۆقیویی و ملی ئاژەڵەکەیە، تەواو لێی دەربازدەبن: ڕمێکی تێدا دەبینێت (!)، کامەیان، بە شێوەیەک کە ناتوانم پەی بە میکانیزمەکەی ببەم، وەک نیشاندانی ئەستێرەی شێر (Lion) دەیبینێت. گوایە هەموو ئەم وردەکاریانە بە مەبەستی پشتیوانیکردنی تێزەکەیەتی، وەک ئەوانەی **هێرمنۆتەکان** ی هونەری دێرین دەیدەن بە گوێماندا، بەتایبەتی ئەوەی پۆل بان (Paul Bahn) نازناوی شامانێکیی لێ ناون : ئەگەر وردەکاریەک ڕوون بکەینەوە، ئەوە هیچ ناسەلمێنێت، بەڵام ئەگەر وردەکاری زۆر ڕوونبکەینەوە، واتە تۆ ئەوە دەسەلمێنیت کە مەعریفەناسەکانی ئەنگلۆسەکسۆن ناوی دەنێن << *Best Fit Hypothesis* >>، بە مانای ئەو گریمانەیەیەی کە زۆرترین شت ڕووندەکاتەوە. تەنها کۆسپ، لەم چیرۆکەدا، ئەوەیە کە باشتر وایە بەچاکیی وردەکاریەک ڕوون بکەیتەوە لە بری چەندەهایان بە خراپیی. بەڵام لێرەدا، ڕونکردنەوەی بێ شومار بە داڕمانی کۆی هەوڵدانەکانی دەشکێنەوە، لەبەر ئەوەی دواهەمین ئەلیمەنتەکان کە ناوبراون بە ئاشکرا چەوتن: لێرەدا، بە ڕاستی، وێنەی شیوەئاژەڵیک کە بە گشتیی وەک کەرکەدەنێک ناسراوەتەوە، بە هیچ جۆرێک بە << دوو فیگوور >> نە بینراون، << ڕمێک >>، تاد. سەمەرەترینی ئەوەیە کە لە ژێر کلکی کەرکەدەنەکەوە شەش خاڵ دەبیرێن، هەتا ئاستێک دەتوانرا وەک مۆرکی ئاسمانیی ڕەچاوی لێبکرێت...بەڵام نوسەر لەبیری چوبوو لە پلانەکەیدا.





**وێنەی 18. پلانی خوێندنەوەی نەخشی لاسکۆ بە بیری ئۆدیس کۆلا (Andis Kaulins) (DAO به گوێرەی Kaulins 2003 , تەرجومەکراو و دەستکاری کراو).**
**(ناوی ئەستێرەکان بە فەرەنسی دانراونەتەوە لە لایەن وەرگێرەوە.)**

شانتال ژێگوس ۆرکویز (Chantal Jégues-Workiewiez) خوێندنەوەیەکی تری ئاسمانیی بۆ ئەم نەخشە دەکات، سەرمان سوڕنامێنێت کە بانگهێشت کراوە لەلایەن ژۆن کالۆتێز(jean Calottez)ەوە بۆ پێشکەشکردنی تیۆریە سەمەرەکەی لە ژمارەیەکی گۆڤاری (Dossier d’Archiologe ) دا، بە بیانوی ئەوەی کە گۆشەنیگای ئەو زۆر ڕەسەنە. بەڵام وەها نیە چونکا ئەم جۆرە خوێندنەوانە زۆر بەربڵاون. بۆ ئەو، ئەو کاتەی شانۆی ئەشکەوتەکە کراوە،

<< ڕۆحی- ئاژەڵی باڵندەکە- لەسەر- چڵەدارەکە ستونی بووە لە نیوە شەوی هەموو پایزەکاندا. پیشاندانێک، بە ڕیزکردنی لەگەڵ گەلەئەستێرەدا، لە لایەن هونەرمەندێکی شامانەوە نەخشکراوە لە قوڵایی ئەو بیرەدا، کە سەنتەری پیرۆزی لاسکۆیە [ ... ]. باڵندەکە بە ئاراستەی دەرگای ئەشکەوتەکەدا دەڕوانێت، لەو شوێنەی تیشکی ڕۆژی لێ دێتە ژورەوە لەکاتی خۆرئاوابووندا لەهەر وەرزێکی پایز و بەهاردا. ئەو پیرۆزگایە کە کراوەیە لە ڕۆژئاواوە ڕێگا دەکاتەوە بە چوونە ژورەوەی وزەی ئاسمان و زەوی-دایک هەتاوەکو لێوەیەوە بچنە ژورێ لە کاتی خۆر ئاوابوونی هەتاوی ڕۆژگەڕانەوەدا. لە هەردوو لای باڵندەی سەر چڵەدارەکە، هونەرمەندی شامان [ ... ] ڕۆحی ئاژەڵانی پیشانداوە کە لەو سەردەمەدا لەوەرزی پایزدا لە دوازدەی شەودا دەبینران. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنها ئەوانەی پیشان داوە کە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەسوڕێنەوە. کەواتە گەلەئەستێرە بوون و لە جەمسەر بەرزتر بوون، بەڵام نزمتر لە لوتکە. ئەوانەی کە لە ژێر "سەنتەری بێ جووڵە " کە لە چەپەوە بۆ ڕاستی ئاسۆ دەبزوان، لە بیرەکەدا پیشان نەدراون [ ... ] لە

ڕۆژهەڵات، ئەو بیزۆنە بریندارە لەبەر ئەوەی ڕیخۆڵەکانی دەرەوەی ورگی، بە ئاراستەی ڕۆژئاوای زەویدا دەڕوات بۆ ئەوەی تێییدا گووم ببێت. ڕمە درێژە تیژەکەی کە ئاژەڵەکە کوناودەر دەکات نیشاندانی ڕمی درێژی خۆری هاوینە کە ڕۆژانی هاوینان تێپەڕ دەبێت [ ... ] ئەم تیرە کورتەی نەخش کراوە لەسەر ئەو دیوارە. وەک تیری خۆر لە توانایدا هەیە بگات بە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە، هەروەها ڕمە درێژەکەیان نیشاندراوە. وەک تیشکی خۆری هاوین. بە ئاراستەی خاڵێک لەسەر دیوارەکەدا کە ڕیزبەندکراوە لەگەڵ کەوانەی ئاوابوونی خۆری زستاندا. ڕمەکەی تر، بچکوکەکەیان، وەک تیرۆژی کورتی خۆری زستانە و بەهەمان ئاراستەی ئەوان، ڕێگری ناکەن لە بریسکاندەوەی ئەستێرەکان >>.

بۆ ئیولستراسیۆنی بیرۆکەکانی ( دەتوانین ناوی بنێین نمایشت!) شانتال ژێگیوس پلانێکمان بۆ خوێندنەوەی شانۆکە نیشان دەدات **(وێنەی 19)** بە زیادکردنی چەند ئاکسێک کە وەهای نیشان دەدات << باڵندەکە- لەسەر- چڵەدارەکە لەسەر ئاکسی سفری جیهانی ئەزیمۆسی باکورە >> ە و هەروەها << چەکی توڕدراویش ئاراستەی ڕۆژگەڕانەوەیی هەتاو لە ئەشکەوتی لاسکۆ نیشان دەدات >>.



**وێنەی19. هێڵکاری لە لایەن Chantal Jégue-Wolkiewiez ەوە کراوە بە پشت بەستن بە خوێندنەوە ئاسمانیەکەی ( DAO بە بپێی Jégue-Walkieweiz 2011 : fig. 6 ).**

کاتێک کارەکتەری هەڵبژاردەیی ئەم هێڵکاریانە دەردەکەون کە بەراوردیان دەکەین لەگەڵ ئەوەی میشێل ڕاپنگلیوک (Michel Rappengluck)، کە لە سەرەوە پیشاندراوە **( وێنەی 17 )**، لەگەڵ ئەوەی ئالان تێستار(Alain Testart) **(وێنەی 20).**

ئایا دەتوانین لەوە زیاتر ڕوونکردنەوە بدەین کە ئەو هێلکێشیانەی لەلایەن ئالان تێستارەوە نیشاندراون هیچ ئامانجێکی تریان نیە جگە لە خستنەڕووی بنیاتنانی گرافیزمێکی بەڵگەنەویست بە بێ ئەوەی گرنگیی بە مانایەکی تایبەت بدرێت. ئەم نوسەرە، بە ئاقڵانە و بە خێرایی چەند ڕوونکردنەوەی کەسانێکی پێش خۆی لەو ڕووەوە دەخاتە ڕوو، بە زیادەوە :

<< هەروەها دەتوانین بیهێنینە پێش چاوی خۆمان کە ئەوە نیشاندانی ئەفسانەی سەرچاوەی مردنە ( وەک چۆن بوونی هەیە لە میتۆلۆژی هەموو گەلێکدا)، کە ئەو پیاوە ڕاوکەرێکی

ماسکاوییە و ماسکی لەسەر لابراوە، کە هەر ڕاوکەریش نیە، شامانێکیش نیە بەڵکو دوو ڕەگە، وەک ئەوانەی کە لە هونەری باوکسالاریی پالێۆلیتیکدا دەیاندۆزینەوە، کە باڵندەکە، دوو جار نیشاندراوە، بە سەرسوڕمانەوە بەستراوەتەوە بە کەرکەدەنەکەوە، وەک چۆن لە هەقیقەتی تێکەڵبوونی سەیردا ڕوو دەدەن لە نێوان کەسی باڵندە و شیردەرێکی گەورەدا... بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە پێوەرێکمان نیە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم ڕوونکردنەوە جیاوازانە، باشتر وایە خۆمان بە دووربگرین. >>
بە پێچەوانەی ئەم ئاگاداریە شیاوە میتۆلۆژییەوە، کە زۆر بە شێوەیەکی دەگمەن هاوڕای هەیە، یەکێک لە خەیاڵاویترین خوێندنەوە ئەوەی مارک برویٚ (Marc Bruet)ە، وەهای باوەڕە کە << باڵندەی سەردارەکە >> لەوانەیە داری **پێوەری خۆر** [36]بێت لە نەخشی بیرەکەدا دەوری ئەوەیە کە ناوی ناوە << یەکلاکردنەوەی گرافیک >> ی وێنە. ئەمەش بریتیە لە بەشبەشکردنێکی هەڕەمەکی بێ پاساو وەک ئەوەی فرۆید خەیاڵی بۆی چووە لە ناو تابلۆیەکی لیۆناردۆ داڤنچیدا ( **وێنەی A19**) باڵی داڵێک دەبینێت لە ڕۆبەکەی مریەمدا.




**وێنەی A19 : تابلۆی لیۆناردۆ داڤنچی ( Léonard de Vinci 1503-1519) .سینت ئانی داوێن پاک و عیسا دەگەڵ بەرخەکەدا یاری دەکەن). وێنەکە لەلایەن وەرگێروە دانراوە.**

بەم : << یەکالاییکردنەوانە>> نوسەر قاچەکانی شێوەمرۆڤەکە وەردەگرێت و دەیکات بە باڵ بۆ باڵندەکە کە لێی بێبەش بووە، پاشان سێکسی پیاوەکە دەکات بە << کلک >> ی ( ! )

---

[36] **پێوەری خۆر : Gnomon: ئەو ئامێرە ئەستڕۆنۆمیکەیە کە سێبەری بزاوتنی رۆژ لەسەر گومزەی ئاسمانی دیاری دەکات. شکڵە سادەکەی بریتیە لە دارێکی چەقێندراو بە ستونی لە زەویدا. (وەرگێڕ)**

باڵدارێک ( **وێنە.19).** دوای بەدیهێنانی ئەم ئۆپەراسیۆنە، سێکس و قاچی شێوەمرۆڤکە دەکات بەوەی کە باڵندەکە پێی بەخشیوە، بە بەخشینی هەموو ئەم ئەلێمەنتانە لەخۆیەوە.
.
یەکێکی تر لەو << یەکالاکردنەوە >> خەیاڵیانەی ڕێگا بۆ مارک بریوێ (Marc Bruet) خۆش دەکات، ئەوەیە کە پاشەڵی بیزۆنەکە وەک << پرۆفایلی باڵندەیەکی ڕاوکەر بە حەوادا، ئامادەیە نێچیرەکەی ڕاوبکات >> ببینێت. **(وێنەی. 20)** .



**وێنەی 20 : پلانی دوستکراو لەبەر پلانی هاوئەندازەیی شانۆی بیرەکە، وەک ئەوەی ڕونکراوەتەوە لەلایەن ئالان تێستارت (Alain Testart ) ( DAO بە پێی Testart 2016 : 78.fig ).**

هیچ پاساوێکمان نیە لەم نیوەڕێگە بەپێزەدا بووەستین، شیکارەکەمان بەردەوام دەبێت بە پێداگریی لەوەی کە ئەو هێڵکێشیانەی بە گشتیی کراون بۆ ڕیخۆلەی هەڵدڕاوی بیزۆنەکە لە ڕاستیدا پلانێکە بۆ << بە متریالکردنی >> فڕینی بازنەیی باڵندە ڕاوکەرەکە. **( وێنەی 21.)**.

دوای چەند بڕیاردانێکی هەرەمەکی تر، مارک بروێ (Marc Bruet) ڕێگا بەخۆی دەدات ئەم خوێندنەوەیەی خوارەوە پێشنیار بکات :

<< پیاوەکەی کە سەری وەک باڵندەیە لە چەقدا ڕاوێستاوە دەکەوێت بە پشتا لە بەردەم هەڕەشەی چۆقی بیزۆنەکە. کەوتنی لە دەرئەنجامی لێدانیەوە نیە لەلایەن ئاژەڵەکەوە بەڵکو

بە خۆلادان لەو پیلانەی کە تێیدا دەبێت وەرچەرخێت بۆ باڵندە . گیانەوەرە دوورەگەکە دەکەوێت بە پشتا پاشان دەسوڕێتەوە بە دەستە ڕاستا بە مەبەستی خۆهەڵگێرانەوەی بە بەردەوامیدان بە بزاوتنی بە هاتنە خوارەوەی بە فڕین و هاتنە خوارەوەی بە ڕاستەوخۆ [ ... ] بە پێچەوانەکردنەوەی، پاشان فڕینی پیاو- باڵندە لەم سێناریۆیەدا تێوەدەگلێت لەوەی کە شانۆکە لە لێواری لوتکەیەکدایە. گۆڕینی مرۆڤ بۆ باڵندەیەک بە گواستنەوەی ئەو بەشەی باڵندەی سەر چڵە دارەکە تێ دەپەڕێت. ناوبراو باڵەکانی و پەڕی کلکی خۆی دەداتێ کە وادیارە نەخشەکە لێی بێ بەشکراوە. ئۆرگانەکانی بەرێکی جێگەی دەگرنەوە لە بەردەم قاچیدا و لە جێگای سێکسی بوونەوەرەکەدا [... ] پەنجەی باڵندەکە دەبێتە میراتی پیاوەکە. شیوەدەستێکی چوار پەنجە پێکدەهێنن . تێ دەگەین کە پەڕی کلک دەبێتە سێکسێک بۆ بونەوەرەکە و ئەو باڵانەی کە ئۆرگانی بزوێنەری باڵندەن دەبن بە پا بە هۆی لێکچوونی جۆری بەکارهێنانی لای مرۆڤ [ ... ] بەرامبەر بە پیاو – **کوڕکوڕە** [37]بە ڕاستا لەسەر دیواری ئەشکەوتەکەدا، جەستەی بیزۆنەکە بێ جوڵەیە. لە هەمان کاتا بە دوو نیشانە بزاوتنی خۆی نیشان دەدات، سەری لار دەکاتەوە و کلکی دەجوڵێنێت. خۆی دەبینێتەوە لە بەردەم لێواری هەمان کەندەڵانی بەرامبەرەکەی [ ... ] لە جەستەی گیاخۆرەکە هەڕەشەیەکی دی دێتە دەرەوە. پێکەوەهاتووە لەگەڵ فڕینی بونەوەرەکەدا. هێرشەکە زۆلانە و دڕندانەیە. هەڵمەتەکە لە سەرەوە دێت، حەواییە. پرۆفایلێک بە وێنەی هەڵۆیەک، باڵی داخراو، خۆی دەشارێتەوە لەناو کڵاوپرچی کلکیا کە نەخشکراوە وەک شکڵی ڕمێکی سێ سەرە. باڵندە راوکەرەکە لە شکڵی هێرشبردندا نەخشی کراوە، لە کاتی فڕینی جێگۆڕکێیدا. هەردەم پێش لێدانی نێچیرەکەی دەکەوێت، ئەو قۆناغەیە کە تێیدا دەتوانێت بگاتە خێراییەکی بێ هاوتا بۆ خۆ پلیشاندنەوەی بەسەر نێچیرەکەیدا. دەتوانێت بە ئاسمانەوە ڕاوی بکات، خۆی بکێشێت پێیدا، چڕنوکەکانی بە گرژی و رەپی بۆ پێشەوە. زۆربەی جار هێرشەکە بۆ سەر بەشی دواوەی نێچیرەکەیە. کوڕکوڕەکە لە تابلۆی ڕاوی هەڵۆدا پیشاندراوە [ ... ] لەگەڵ ئەوەشدا هێرشی هەڵۆکە بە شکست کۆتایی دێت [ ... ] بە شێوەیەکی دوابەدوایی کەوتنی بە پشتا. پیاو – باڵندە ئاراستەی ڕۆژئاوایی دەدات بە فڕینی بەرەوخوار (بە گوێرەی **خاڵەکانی کاردینال**[38])، بە بۆنەی پەنجەیەوە بە ئاراستەی چاوی باڵندەکە لەسەر چڵەدارەکە [ ... ] نیشاندانی باڵندەکە لەسەرلا بە تەواوی، تەنها نەخشە لەو تابلۆیەدا کە کارەکتەری بەکارهێنانی چۆنیەتی پێوەری ڕۆژ نیشان بدات. باڵندەکە بە تەواوی جێگیرە لەسەر دارە ستونەکە و جەستەی بووە بە یەک لەگەڵیا. گەشتۆتە سەر تەوەرەکەی و بە ئاراستەی باکور دەڕوانێت بە گوێرەی پێکهاتەی چوار خاڵی کاردینال [ ... ] ڕیزبەندی چاوی باڵندەکە لەسەر سێ خاڵبەندی لە ڕیزی ناوەوە مانای دوبارەکردنەوەی سەرنجی چاوی باکوری جوگرافیایە. کە بە ئامێرەکەیان وەگەڕیان خستووە. بە مەبەستی پەیڕەویکردنی هەمان ڕێڕەوە. گەشتیارەکە دەبوا هەمان ئۆپەراسیۆنی دوبارەبکردایەتەوە

---

[37] **کوڕکوڕە : باڵندەیەکی چیاکانی باکوری و چەمسەری بوکووری پەڕ و باڵی لە زستاندا سپییە. (وەرگێر)**

[38] **خاڵەکانی کاردینال : خاڵێکی ئاسۆییە بۆ خۆ دۆزینەوە بەکار دێت لەسەر قیبلەنوما یان لەسەر نەخشەیەک.(وەرگێر)**

بە هەمان مەودا. لەم شیکردنەوەدا، کۆی خاڵبەندیەکە بۆ سێ دەبڵ خاڵبەندیی دابەشدەکرێت بە ڕیکسختیان بە ئاسۆیی. هەمان هێندەی نوێنەرایەتی جوتە چاو، بە جیاو سەربەست لە بەرگی جەستەییان، کە سێ بارە هەڵسەنگاندن لە شوێنی گرافیکدا مانادارە بە تێخستنێکی قوڵی ئەستێرەی باکوری. گریمانەی خۆر بە یەکلاییەوە نیشانی دەدات کە شانۆکە ڕەهەندی بۆشایی خۆر لە خۆ دەگرێت.



*وێنەی 21 : کۆلاژی قاچ و سێکسی پیاوەکە لەسەر <<باڵندەی سەر دارەکە >>، بۆتە خاوەنی دوو باڵ و کلکێک بە گوێرەی <<یەکلاکەرەوەی گرافیک >> ی Marc Bruet (DAO بە پێی 2012 Bruet fig. 18).*



*وێنەی 22 : <<باڵندەی ڕاوکەر >> کە Marc Brurt وەهای باوەڕە کە پاشەڵی بیزۆنەکە بێت (DAO بە پێی Brut 2012 : fig. 31) .*

*وێنەی 23 : <<یەکلاکەرەوەی گرافیزک >> پێشنیار کراوە لەلایەن Marc Bruet : قاچێکی ناوەوەی گامێشەکە لەوانەیە لە ڕاستیدا باڵندەیەکی ڕاوکەر بێت، هێڵی هێلکەیی لەژێر ورگی گامێشەکەشدا بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی فڕینی بازنەیی باڵندەکە بە ناراستەیەکدا .*



کاتێک ئەم پیاهەڵوتنانە دەخوێنینەوە، پرسیار لە خۆمان دەکەین: ئایا هەمان << شانۆ>> ی نوسەرەکەمان بینیوە؟ ژولیان هوی (Julien Huy) لەم دواییانەدا زیاتر بەرشتی جۆرێکی تر لە ڕوونکردنەوە دەخاتە ڕوو لەسەر << شانۆ >> ی بیرەکە، دەیبەستێتەوە بە حاڵەتێکی دێرینی ئەفسانەی ڕاوی کۆسمیکەوە، بنیاتنراوەتەوە بە مێتۆدێکی وەرگیراو لە فیلۆژێنێتک

( سەر بە ڕەوتی گەشەسەندن. وەرگێڕ). بە بیری ئەو شانۆ بەناوبانگەکە ڕوونکردنەوەی پرۆتۆ ئەفسانەیە:

<< سەرسوڕهێنەریی خاڵی ڕەشی دابڕاو نزدیک لە خوێنبەستی بیزۆنەکە لەوانەیە ئەستێرەیەک بێت. قنجیی ئاژەڵەکە، وەها دەرناکەوێت کە بەڕاستی لە هێرشبردندا بێت، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئایا گەلەئەستێرەیە یان کردەیەکە. زیاد لەوەش، بە بۆچوونی هەندێک لە شارەزایان، پیاوەکە لە ڕاستیدا خۆی بە خۆقنجکردنەوەیی نیشان دەدات، بیزۆنەکەش لە باری سەرکەوتندا، ئەمەش سەرکەوتنی ئاژەڵی پرۆتۆئەفسانەمان نیشاندەدات لە ئاسماندا >>.

گەورەترین گرفت کە ئەم بۆچوونە ڕووبەڕوی دەبێتەوە ئەوەیە کە ئەو شارەزایانەی باسی دەکات و پاڵپشتی بوون بە هەڵەدا چوون، وەک بینیمان: پیاوەکە بە ستونی نەوەستاوە، بیزۆنەکەش لە باری سەرکەوتندا نیە.

زیاتر پێداگریی، بە قسەکردن لەسەر پیاوەکەی لاسکۆ، خۆهەڵخەڵەتاندنە. کاتێک شارەزایان دوودڵن لەوەی وەک ڕاوکەرێکی سادەی قوربانی ڕوداوێکی تراژیدیا بێت یان شامانێک لە جەوهەری کارەکەیدا، لەهەردوو حاڵەتەکەدا بریتیە لە پیاوێک. بەڵام کێ ناڵێت ئەو پیاوە پاڵەوانێک نەبێت، ئەفرێندەرێک، یان خواوەندێک کە میوانەکانی پالیۆلیتیک دەیان توانی بەیەک چاوتروکاندن بیناسنەوە، وەک چۆن کاتێک ئێمە عیسا دەناسینەوە کاتێک دەچینە ناو کەنیسەیەکەوە؟ چۆن بتوانین بزانین ئەو باڵندەیەی لەسەر چڵە دارەکە نیشتۆتەوە، بە تەنیشتیەوە، جۆرێک لە خەسڵەت نیە بۆ ناساندنەوەی کەسایەتیەکە، وەک سینت لۆرەنت بە تۆڕی شیشەکەیەوە ( **وێنەیA**) خۆیمان پێ دەناسێنێت، یان سینت پییێر ( **وێنەی B**) و کلیلەکانی ؟




**وێنەی A : سانت پییێر و کلیلەکانی (وەرگێر)**



**وێنەی (B) : سانت لۆرەنت و تۆڕی شیشەکەی (وەرگێر)**

یان بیزۆنەکە جۆرێک نەبێت لە خەسڵەت، باسی ئەم یان ئەو ئەڵقەی چیرۆکی "ئەفسانە"ی کەسایەتیەکە بێت، وەک کەیسی بزنەکەی سینت ژیل ( **وێنەی C**) و ئاسکەنێرەکەی سینت ئیوبێرت ( **وێنەی D** )؟

(وێنیە C ) : ئاسکەکەی سانت هیومبێرت (وەرگێر)      (وێنەی D ) : بزنەکەی سانت ژیل (وەرگێر)

بۆچی تەنانەت، ئێمە خۆمان بەرامبەر هاوتەریبیەک لەگەڵ <<**چوار زیندوو** [39]>> ی مەسیحیدا نابینینەوە کە، وەک دەزانین بە وەرگرتنی شکڵێکی مرۆڤ بۆ سینت ماتیۆ، باڵندە ( باز) ێک بۆ سینت جۆن، بیزۆن ( گا) ێک بۆ سینت لوک، یان شێوە پشیلە (شێر) ێک بۆ سینت مارک؟ ئەمانە و چەندەها جۆری تری نمونە کە دەتوانین لە کەڵچەری جیاوازەوە وەریان بگرین، ئەمە بەسە بۆ ئەوەی کە بتوانین وێنەیەک کە شکڵی پیاوێکی هەبێت دەتوانێت شتێکی تر بێت، ئەوەشی وەک ئاژەڵ پیشاندراوە دەتوانێت بە مەبستی نواندنی پیاوێک بێت، خواوەندێک، پاڵەوانێک، کۆنسێپتێک، چوزانین. ئەم هۆکارەیە کە بۆتە هاندەری نوسەرانی پێشمێژوو، بەرامبەر بەم نەخشانە بە باشتری دەزانن باسی شێوەمرۆڤ و شیوەئاژەڵ بکەن. ئەو فیگورانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەن لە مرۆڤ و ئاژەڵ دەچن، ڕاستە، لە کەیسی دواهەمین ناوبراویان "شێوە ئاژەڵ" دەتوانین زۆر جار بڵێین کامەیانە، ئەمەش هیچ پەلەبڕیاردانێکی تێدا نیە لە بونەوەران یان مانای ئەو وێنانەی

---

[39] **چوار زیندوو: Thétramorphe بریتیە لە چوار ئاژەڵی باڵدار لە ئەپۆکالیپسی سانت جۆن.(وەرگێڕ)**

پیشاندراون بە ڕاستی بۆ ئەو کەسەی بە کلیلی چارەسەری دەزانێت. بۆ هێڵکاریەکانیش کە نە شێوەمرۆڤن، نە شیوە ئاژەڵ، نوسەرانی پێشمێژوو بە سادەیی ناویان دەبەن بە << نیشانە >>.

بە پوختی، << بیر>> ە کە بیرێک نیە، خۆی دەڕازێنێتەوە بە << شانۆ>> یەکەم هۆکار پێ دەچێت شانۆیەک نەبێت، بەڵام ئەگەر ڕێکخەرێکی گرافیزمی وەک شیوەمرۆڤ، چەند نیشانەیەک و شیوەئاژەڵێک، دەدەۆزینەوە، کە دەتوانین یەکێکیان بە دڵنیایەوە دەستنیشان بکەین وەک بیزۆنێک، ئەوی تر وەک... شێوەباڵندەیەک.

- o 0 o -

ڕێی تێ دەچیت، بەڵام پێویست ناکات لێکدانەوەیەکی ئەنتۆلۆژی تر بخەینە سەر ئەوانەی پێشو، لەبەر ئەوەی هێندە بەسە کە ئێمە ئێڤیدەنتێک وەبیر خۆمان بهێنینەوە: شانۆی بیرەکە نەخشێکی ناوازە و تاکە، بەم پێداگریە، هەندێک کەس کە << شانۆ>> ی تری بە هەمان شێوەی شێوەمرۆڤێک دەدۆزنەوە بە ڕوبەڕووبونەوەی بیزۆنێک، کە هاوشێوەی ئەمەی ئێمەیە. زۆر پەلە لە هەڵبەستنەکانیان دەکەن: پیاوێك داتاشراوە بە تەنیشت گای قەمور- بیزۆن لە سێڕ دورۆک ( Ser de- Rocs ) لە شارەنت (Cahrente) و یەکێکی تر بە تەنیشت بیزۆنێکەوە لە ڤیلار (Villars) ، نەخشێکی شمەکی تر لە دۆردۆین (Dordogne) لە فەرەنسا لە لۆژری باس (Laugerie-Bassse) ، پیاوێک پیشاندەدات بە دوای گایەکی کێویەوە.


یەکەمیان بریتیە لە یەک تەختەبەردی بەردەلمی داتاشراو، کە ئێستاکە پارێزراوە لە مۆزەخانەی ئارکیۆلۆژی سانت ژێرمان ئۆن لێ (saint-Germain-en-Lay) لە فەرەنسا. ئەو تەختەبەردە لولێکی دە مەتر درێژە، بە هەڵکۆڵراوی لەسەر دیوارێکی بەردگەچی دروستکراوە لە حەشارگەیەکی دۆڵی ڕۆک (Roc) سەر بە شارەوانی سێڕ (Ser) ( لە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی شارەنت) بۆ سەردەمی کەڵچەری پالیۆلیتیکی ژورووە دەگەڕێتەوە لە فەرەنسا (شوێنەکە داڕوخابوو لەو سەردەمەدا، بلۆکە نەخشەکە بە هەمان شێوە کەوتبوو بەسەرزەویەکی هەمان سەردەمەدا بەڵام پێ دەچYت دواجار دەستکاریکرابێتەوە لە دواهەمین سەردەمی پالیۆلیتیکی فەرەنسا.

ئاژەڵەکە بەگوشار دیارە، شیوەئاژەڵێک لە بەردەمیا دەبینین سەری تۆزێک شێواوە بە هۆکاری شیواوی تەختەبەردەکەوە کە لە سەردەمی خۆیدا داڕمابوو.هێنری مارتا ( Henri Martin) ئاوا باسی ئەم نەخشە دەکات:

<< شانۆیەکی ڕاستەقینەی گایەکە هێرش دەکاتە سەر پیاوێک [ ... ] سەری دانەویوو، بەشی پێشەوەی ڕەپە و پێیەکانی دواوەی پێشبەری دەکەن؛ گشت ئەم بزاوتنانە سازاون

دەگەڵ هەڵس و کەوتێکی جوانی سەرنجدراو: لەوەی گاکە کاتێک هێرش دەکاتە سەر دوژمنەکەی [ ... ] پیاوەکە، پێکدادان قبوڵ ناکات، دارەکەی خستۆتە سەر پشتی و هەوڵی کشانەوەیەکی تاودار دەدات. لە بزاوتنی خۆڕزگارکردنیدا زیادەڕۆیی تێدا کراوە بە کاردانەوەی ڕان و ئەژنۆی، هەروەها خۆدەربازکردنی لە پێشبڕکێکەیدا بە تەواوی دەردەکەوێت بە باری ڕانی کە تاویداوە بەرەو پێشەوەیە. >>

ئێمە بۆمان هەیە شک لە ناسینەوەی << داری سەرشان >> کە هەندێک سەرنجدەری تر بە باشیان زانیوە وەک چەکێک ڕەچاوی لێ بکەن و بەس، وەک ژۆن پییێر دیهارد (Jean-Paul Dyhard) بە ڕاستگۆیانەوە دانی پێدا دەنێت، << بە بەڵگەی ئاماژەپێکراو بریتیە لە ڕاوکەرێک >> دەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین وەک (بۆنمونە) پەڕێکی چەقیو لەناو قژیدا ببینین — جۆرێک لە خۆرازاندنەوە کە ڕاوکەرەکان، دەیانکرد لە سەردەمی **Solutéenne**[40] دا، بەتەواوی ڕێی تێ دەچێت. تەختەدیواری ڕۆک دو سێڕ (Roc-de-Sers) بە شێوەیەکی جوان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە لەلایەن سۆفی تیمیولا ( Sophie Tymula) ەوە، تێزێکی دۆکتۆرای بۆ تەرخان کردووە، هەروەها شیکارێکی زۆرجوانی بۆ کردووە **( وێنەی 24 ).**



**وێنەی24 : پەیکەری Solutéenne ی Roc-de-ser: یەکێک لە ڕونکردنەوەی شیکارییانەی دروستکراوی سۆفی تیمیولا sophie Tymula ( DAO d'après Tymula 2002 : fig . 104) .**

کارەکتەری ئەو لێکدانەوانە، دەسستنیشانکردنیان، بە کۆدی بەردەوام، بە ڕوونی جیاوازیی بکرێت لە نێوان ئەو شوێنانەی کە کاری لەسەر کراون لەگەڵ هەموو ئەو کەوموکوڕی و درز و بەشی تێکشکاوی پەیکەرەکە بە ڕوونی، کە بە هۆکاری جوانکاری کراون،

---

[40] **Solutéenne : نیوەی دووهەمی سەردەمی پالیۆلیتیکی ژوروو لە فەرەنسا.(وەرگێڕ)**

ناچارین کەموکوڕی بنوێنین لە بۆچونمان، ئەمەش ڕەخنەیەکی نەرێنی نیە: لێدوانی بێ خەوش بوونی نیە، هەریەکێک لەوانە دەبێت بە بەباشی ئەرکی تایبەتی خۆیان جێ بەجێ بکات: خەسڵەتی ئێستاتیکا، یارمەتی بۆ خوێندنەوە، شیکارکردنی بەکۆدکراوی دەستکاریکردنی لەلایەن مرۆڤەوە لەسەر دیوارەکە. بەو بۆنەیەوە زانیاریەکانی سۆفی ڕۆڵی خۆی باش دەبینێت، بەڵام بۆ ئەو بەشەی کە پێویستمانە، سەرنجی زیاد دەکات بەوەی کە ئاژەڵەکە خەریکی هێرشبردنە بۆ سەر مرۆڤەکە، دەگەڵ ئەوەشدا پەیکەرەکە لە ڕاستیدا لەسەر دوو سوچی گۆشەیەکە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شیوەمرۆڤەکە و ئاژەڵەکە لەسەر هەمان پلان نین، کەواتە بە ڕوونی جیا بوونەتەوە، **(وێنەی 25).** ئەمەش تێبینی کراوە لەلایەن ژۆن پۆل دیوهارد (Jean-Paul Duhard) ەوە:

<< نابێت ئەو دەستنیشانکردنە لەبیر خۆمان بەرین کە پیاوەکە لەسەر هەمان نەخشی ئاژەڵەکە نیە، لە ڕویەکی تری بلۆکەکەیە، ئەگەر وەهای دابنێین کە ئاژەڵە قەمورەکە بەردەوامی بە ڕێڕەوی بدات، پیاوەکەش لێی دەرباز دەبێت. وەهای نابینین کە لەبارێکی پڕمەترسیدا بێت. >>

ئەنجامگیرییەکە زۆر پرسن نیە، بۆیە پرسیار لە خۆی دەکات،

<< ئەگەر لەم شانۆدەرهێنانەدا دەبێت وەها ببینین " سێکسیست" یان هەردوو پاڵەوانەکە نێرینەن، مەیلەبۆچوون [ ... ] ی هەموو کەڵچەرێک بەلایەنی کەمەوە ئەفسانەیی گا ( لە خواوەند- گای سۆمەری، گای باڵداری ئاشورییەکان، مێناتۆری یۆنانی، گای زۆدیاک هەتا دەگاتە گای کۆریدای ئیسپانی ) >>.

بە بێ ئەوەی لێرەدا گەشە بەو پرسیارە بدەین، کە کراوە لە شانۆی بیرەکەشدا، ئەوە بەسە کە بزانین بە کۆدکردنی زۆرانبازی گا دیاردەیەکی نوێیە، پەیوەندی بە پێش مێژووەوە نیە، تەنانەت بە **ئەنتیکیتێ** [41]شەوە نیە، سەرەڕای نیشاندانی چەندها نمونەی پێچەوانە.

---

[41] **ئەنتیکیتێ: سەردەمی دۆزینەوەی نوسین هەتا کۆتایی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم.**




**وێنەی 25 : فۆتۆگرافی گرافیزمی ڕاگەیاندراو لەگەڵ ئەوەی پێشودا ( وێنەی 24 )، فۆتۆگرافیەکە لەسەر هەمان بلۆک، لەلایەن Henri Martin ەوە بڵاوکاروەتەوە، بەهۆکاری بوونی دوو ڕوییەوە، دەرئەنجامی بینین زۆر جیاوازە، ئاژەڵەکە وەها نابینرێت کە دوای شیوەمرۆڤەکە کەوتبێت، کە لەسەر تەختێکی تر خۆی دەبینێتەوە ( (d'après Martin 1928 : pl.IV**

ئەگەر بگەڕیینەوە سەر نەخشەکەی ڕۆک دوسێر (Roc-de-sers)، ئەبێ ئەوە دەستنیشان بکەین کە. سەرباری ئەوەش، چوارچێوەکەی دەوری هی سەردەمی خۆی نیە، لەبەر ئەوەی بلۆکەکە جارێکی تر داتاشراوەتەوە پێش ئەوەی ببرێتە مۆزەخانەکە، هەروەها << ناشزانین ئایا نەخشەکە نەشێواوە بەهۆکاری بڕینی بە سڕینەوەی هەندەک شوێنی نزیک پێشەوەی فیگورەکەی دەستە ڕاست >>.

لەم حاڵەتەدا، بە ئاسانی لەوانەیە، بە هیچ جۆرێک سوور نین، دەزانین کە بەرامبەر بە ڕاوکەرێکین لە بارێکی دژواردایە، ڕادەکات لە بەردەم ئاژەڵێکی پڕ هەڕەشە. زیاد لەوەش، هەموو خوێندنەوەیەکی هەقیقی بۆ هەموو ئەم پێکهێنەیە تەنها دەبێتە یادگاریی شانۆیەکی ڕاستەقینەی هەڕەشەی ئاژەڵێک بۆ سەر مرۆڤێک ڕووبەڕووی کارەکتەری لەوانەیە ناهەقیقی وتراوی ئاژەڵ کە، بە بیری سۆفی، لەوانەیە تێکەڵێک بێت لە گاقەمور-بیزۆن کە ناتوانرێت شوناسی ئاژەڵیی دیاری بکرێت. تەنها ئەو بەڵگەیە بەسە بۆ ئەوەی دژی خوێندنەوەیەکی سروشتیانە کە باسی << ڕوداوێکی ڕاو>> بکات، ئەگەریش ئاوا بە ئاسایی پێشنیار بۆ ئەم پێکهێنە کراوە وەک نەخشی بیرەکەی لاسکۆ.

دووهەم ئەلیمەنتی بەراوردکردن نەخشی گا کێویەکی سەر شاخی ئاسکە کێوی، دۆزراوەتەوە لە چینی ناوەڕاستی سەردەمی پالیۆلیتیکی ژورووی لۆژری باس (Laugerie-Basse) (**وێنەی26** )،کە لە لایەن ئێلی ماسێنا (Elie Massenat) ەوە دۆزراوەتەوە، لە نەخشەکدا دەیبینی،



**وێنەی 26 : هەڵکۆڵراوی شاخی ئاسکە کێویی دۆزراوەتەوە لە لۆژری باس Laugerie-Basset ، بە ڕەوانی وەک شێوەی شانۆی بیرەکە ڕەچاوی لێکراوە. ئەم زانیاریە دێرینە زۆر ڕەوای نییە، بەڵام بەهۆی تێکشکاوی نەخشەکە لەوەتەی دۆزراوەتەوە بە ناچاری ئاماژەی پێدەکەین ( d’après Massenat 1869 : pl.21,g-fig.2 )**

<< ئۆرۆش ( جۆرێک لە گای لەناوچوو. وەرگێڕ) ێکی قەشەنگی نێر، خۆی دەربازدەکات بە تاوداری لە بەردەم پیاوێکی ڕووتدا کە وادیارە تیرێکی تێ دەگرێت؛ ئۆرۆشەکە و پیاوەکە بە باشی نەخش کراون؛ ئۆرۆشەکە سەری دانەواو، پڕتووک و ئێجگار قەبارەی گەورەیە، قۆچەکانی پڕهەڕەشەن، کونەلوتەکانی زۆر کراوەن، کلکی بەرزەوەبوو، چەماوە، وەک گایەکی ترساو دەبینرێت، دەیەوێت خۆی ڕزگاربکات لە دەست دوژمنێکی ترسانک >>.


ئەم جۆرە ڕونکردنەوەیە بووە ئیلهامی هەموو ئەو لێدوانانەی کە هەتا ئەمڕۆش بەردەوامییان هەیە، لەوەی ژۆن پۆل دیهار (Jean-Paul Dyhar)ەوە کە بۆ شێوەئاژەڵەکە << ڕوکەشەکەی ئیلهامی شاگەشی ڕاوکردنمان دەورووژێنێت >> لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئۆرۆشکە دەکەوێت، << ئاژەڵی ترساو، هەوڵدەدات خۆی ڕزگاربکات لەو مەترسیەی کە رووبەروی دەبێتەوە >>، پاشان بە ڕای ئەدریان مۆرتێلێ (Adrien de Mortillet) کە وەهای دەبینی ئەو پیاوە خاوەنی << شێوەی گاڵتەئامێز>> ێکە خەریکی << تێگرتنی تیرێک یان ڕمێکە بۆ سەر ئۆرۆشە نێرەکە کە خۆی دەرباز دەکات >>، هەتا دەگاتە ڕای ژۆن پۆل بۆ ئەو کەسایەتیە کە بریتیە لە << نێرتک ڕەپبویەکی چەکدار >>، ئەمەش هاندەرە بۆ درورستکردنی پەیوەندیەک لە گەڵ شانۆی بیرەکەی لاسکۆ، کۆتایی پێ دەهێنێت کە لە هەردوو حالەتەکەدا ئەم نەخشانە << زاڵبوونی مرۆڤە بەسەر ئاژەڵدا >>.
بەڵام بەداخەوە، نەخشی هەڵکۆڵراوی لۆژری باس ( Laugerie- Basse ) زۆر شێواو و و دارماوە لەوەتەی دۆزراوەتەوە، بەتایبەتی بە هۆی ئەو کۆپیەی بە تەکنیکی دارڕێژراویی بۆی کرا خراپ دەرچوو، دەتوانین تەنها پشت بە زانیاریەکانی پێشینەیی ببەستین، بە ئاگایی بەوەی کە زۆر جێی ڕەوا نین. بە تایبەتی نێرتک و چەکی شیوەئاژەڵەکە زۆر جێگای شکن، هەروەها لە حاڵەتی ئێستادا، هیچ شتێک ڕێگەمان پێ نادات بە ئەرێنی ئەو نەخشە وەک نیشاندانی ڕاوکەرێک ببینین. سەرباری ئەوەش، هێڵێک

کێشراوە لە نێوان باڵ و سەری شیوەمرۆڤەکەدا << بە شێوەیەکی تەواو نا قایلکەر >> وەک چەکێک ڕەچاوی لێکراوە، بەڵام بۆ ئەم نوسەرەیان، دارەکەی بەرز کردۆتەوە ڕووەو ئاژەڵەکە، بۆ نوسەرێکی تر بە پێچەوانەوە پیاوەکەی بریندار کردووە. زیاد لەوەش، بۆ وەرگرتنی سەرنجێکی ئالان تێستار (Alain Testar)، لە هەموو ئەو وێنانەدا << نە دازانین بۆچی پیاوەکە دوای ئاژەڵەکە کەوتووە، نە بۆچی ئاژەڵەکە خۆی دەرباز دەکات >>.

دواهەمین چونیەکی لە بۆچووندا بۆ شانۆی بیرەکە نەخشێکی بۆیەکاری ئەشکەوتی ڤیلار (Villars) ە لە ناوچەی دۆردۆین (Dordone ) لە فەرەنسا، وەک نەخشی سەردەمی پالیۆلیتیکی دێرینی فەرەنسا ناسێنراوە، ڕاستەوخۆ وەها پێشبینی بۆکراوە گوایە << شیوەمرۆڤێکە خۆی وەرگێڕاوە بەرەو بیزۆنێک، نیمچە - خوار، بێ شک بە ماسکەوە، ئۆبژەیەک بەرزدەکاتەوە لەسەر پلانێکی چلورەیی بەکارهاتوو وەک قەڵغانێکی سروشتی یان پەرژینێک ( **وێنەی 27 و 28** ) بەکارهاتووە، بۆ لابێ گلۆری (l'abbé Glory) لێکچوویی لەگەڵ شانۆی بیرەکە بە تەواوی ڕوونە:



**وێنەی 27 : بۆیەکاری ئەشکەوتی Villars ( Dordogne ) : بیزۆنێک بە چەپا، شێوەئاژەڵێک بە ڕاستا، ( فۆتۆگرافی Jean-Dominique Lajoux ).**



**وێنەی 28 : هەمان وێنە، چاککراوە بە یارمەتی  موتوربەی DStretche بۆ وێنە ( sur ce procédé, voir Le Quellec 2013, Duquesnoy Defrasne 2015 ; le traitement utilisé cic est DStretch_YXXX ).**

<< شانۆی بیزۆنەکە بە هێرشکەردنی بۆ سەر پیاوێک، بە هەمان شێوە لە تێمی بیزۆنە ورگهەڵدڕاوەکەی ئەشکەوتی لاسکۆ دەچێت. ئاژەڵەکە بە هەڵهاتنی هەمان ڕووکەشی هەیە: سەری دانەواندووە لە نێوان پێیەکانیدا پێش ئەوەی خۆی بخاتە لاوە و کلکی بەرزبۆتەوە بە بڵاوی. پیاوەکە ڕوبەڕووی دەبێتەوە، نیوە- چەماوە وەک ئەوەی بازبدات، دەستی درێژدەکات بەرەو ئاژەڵەکە؛ زۆر درێژبۆتەوە، ڕێی تێ دەچێت ئۆبژەیەک بەرزبکاتەوە، یان ڕمێک. ماسکەکەی درێژبۆتەوە بۆ شکڵی دەنوکی باڵندە و پیاوی **tecctiforme**[42] ی خانوی لۆت (Lot ) و ئەوەی لادۆرا (L’Addaura) ی سیسیلمان لە ئیتالیا وەبیردەخاتەوە. وەک لە ئەشکەوتی لاسکۆ.  هێڵکاریەکان پێکهاتوون لە دوو خەتی ڕەشی تەریبی [ ... ] هەردوو تابلۆکە هەمان تێمی فیگوراتیف نیشاندەدەن بیرمان بەلای ڕیوڕەسمێکی شانۆی کوشتنی پێشوەختە دەبات لە بری یادگاریەکی گرافیزم لە دەرئەنجامی ئێمۆشنێک یان ڕوداوێکی ڕاوکردن. >>

پشتبەستن لەسەر زانیاری چەوت کە بۆ ماوەیەکی زۆر تەنها نمونەی بەرجەستە بوون، نۆێل سمیت (Noel Smith) لە سەرەتای ساڵانی 1990 دا نوسیبووی کە شیوەمرۆڤەکە دەنوک و باڵی باڵندەی هەیە. لێرەوە وەهای بۆ دەچوون کە هیچ دوودڵیەکی تێدا نیە لەوەی کە وەک ئەوەی لاسکۆیە.

---

[42] **Tecctiforme : لە هونەری پالیۆلیتیکدا تێکتیفۆر، نیشانەیەکە وەک شکڵی سەربانێکی قوچ، بە نیشانەی هەندەسی ئاڵۆز.....(وەرگێر)**

<< لەو شانۆیانەدا شامان- باڵندە یان باڵندە- تەختی هەڵگر، براونەتە نزدیک چاودێر- بیزۆن کە بە دوای یارمەرتیدا دەگەڕێت ــــ مەگەر بە هۆی ڕێگەچارەی بۆیەکاریەوە بێت، هونەرمەند خۆی بە دوای هەوڵدانی بیزۆن- پاسەواندا گەڕاوە. >>

بەڵام بریژیت ( Brigitte ) و ژیل دێلیوک (Gilles Deluc) ڕوونی دەکەنەوە کە ئەو نمونەیە لە سەدەی بیستەمدا ڕەتوشکراوە، نمونەیەکی تر دەهێننەوە کە زۆر باشترە لەوەی لابێ گلۆری ( l'abbé Glory )، **( وێنەی 29)**. لەگەڵ ئەوەشدا پشکنینێکی زۆر وردی بۆکرا، نە ڕم نە ماسکیان دۆزییەوە کە لابێ گلۆری وەهای باوەڕ بوو کە بینیبووی (باڵی باڵندەش بە هیچ جۆرێک !) پاشان دواجار وەها مەزەندەی دەکەن کە هیچ << پەیوەندیەکی سینتێکسیک >> نیە لە نێوان ئەم دوو پاڵەوانەدا. ژۆن پیێر دیوهار (Jeanpierre Duhard) لەگەڵ هەمان ڕادا نیە، زیاتر بەلای شانۆی ڕاوکردندا دەیشکێنێتەوە. دەرئەنجام دەردەکەوێت کە کۆدەنگیەک نیە لە نێوان باشترین پسپۆری سەردەم. چارەسەری ئەنفۆرماتیک و باشترین فۆتۆگرافی لە لایەن ژۆن دۆمینک لاژو ( Jean Dominique Lajoux ) وێنەیەکی وەگەڕخستووە بە یارمەتی ئەلگۆریتمێکی موتوربەکراو بۆ وێنە، پشتڕاستی دەکاتەوە کە نە ماسکی تێدایە، نە چەک. ڕاستیەکەی ئەوەیە، هیچ شتێک ڕێگەمان پێ نادات باسی ڕاوکەرێک بکەین: دەتوانین بێ شک باوەڕ بە بوونی توانای ڕێژەیی ڕاوکردن بکەین لەو پێکهاتەدا، بەڵام ڕێی تێ دەچێت بیرمان بۆ شتێکی تر بچێت. بۆ نمونە دەتوانین لەسەر ئەو دیوارەدا << جادوگەر>> ێک ببینین بیەوێت خۆی زاڵ بکات، یان بۆ کۆنترۆڵی << ڕۆح- بیزۆن >>، بۆ وەرگرتنەوەی جۆرێک لە خوێندنەوەی دووبارەبوەوە لە بەراوردکردنی تێروپڕی لابێ بغۆی (Breuil) و کارتاییاک (Cartaillhac)، کە وەرگیراوەتەوە لە لایەن پارتیزانەکانی تیزی شامانیک. زۆر خۆم بەم پێشنیارەوە نابەستمەوە، نە بەوانی تریشەوە، تەنها مەبەستم ڕونکردنەوەی ئەوەیە کە هیچ ڕێگایەکمان نیە بۆ هەڵبژاردن لە نیوانیاندا. لێرەوە، لەگەڵ بیری میشێل لۆبرانشا (Michel Lorblanchet) یەکدەگرمەوە، وەهای باوەڕە کە << باری پیاوەکە و ئاژەڵەکە لە ڤیلار (Villars) لێڵواتایە>>.



وێنەی 29 : وەرگیراو لە هەمان پێکهێن لە لایەن Brigitte و Gilles Delluc( بە پێی Delluc 1974 ) .

ئێمە خۆمان دەبینینەوە بەرامبەر بە سێ نەخش کە شیکاری ئۆبژەکتیڤی هیچ چەکێک ناخاتە ڕوو، لێرەوە دانپیانان بە دژایەتی لە نێوان ناونراوێک << ڕاوکەر>> و ئاژەڵێک دوورە لە دڵنیاکردنمان، هەرچەندە دەتوانین زیاتر بەرگری لە لێکچوویی لەگەڵ نەخشی ڤیلاردا بکەین. لێکدانەوە بۆ ڕایەکان لەسەر ئەم وێنانەی کە بونەتە باس، دەریدەخەن کە لێکدانەوەیان وەک << شانۆی ڕاوکردن >> ــــ خەمبار یان نە ــــ ئەوەی کە هەرخێرا دێت بە بیری ئەوکەسەی یەکەم جار دەیدۆزێتەوە، ئەوانی دواییش بە شێوەیەکی گشتی هەمان بۆچوون دووبارە دەکەنەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی باشتر بیسەلمێنن. بە پێچەوانەوە زانیاری وورد و لێکۆڵینەوەکانیان ڕووبەڕوویی شکمان دەکەنەوە. تەنانەت ڕێی تێ ناچیت کە << شانۆ >> یەک بێت، بریتیش نییە لە چەند ڕەمزێک بە تەنیش یەکەوە، هیچ کام لەم دوو جۆرە خوێندنەوەیە دژایەتیمان ناکەن. لەگەڵ ئەوەشدا با وەهای دابنێین کە، بە گریمانە، ئێمە ڕووبەڕووی سێ << شانۆ >> دەبینەوە و پەیوەندیەکیان هەیە بە ڕاوکردنەوە: بەڵام بە لایەنی کەمەوە شوێنەواری باڵندەیەک نادۆزینەوە، لە هەمان کاتا لە شانۆی بیرەکە ناچێت. دەرئەنجام، پێکهێنی شانۆی بیرەکە لە هیچ شوێنێکی تر نادۆزینەوە : بە ڕاستی تاک و شازە، هیچ هاولێچوویەکی ڕاستەوخۆ نادۆزێنەوە لە کۆی هەموو هونەری پێش مێژوودا کە لە ئێساتادا ناسراون.

لەگەڵ ئەوەشدا، وەها دیارە ڕای پێچەوانەش زاڵ بێت لای شارەزایانی پێش مێژوو. کە لەلایەن ئەندغێ لوغوا گوغا (André Leroi-Gourhqn) گوزارشتی لێ کراوە:

<< شانۆی بیزۆنەکە [ بیرەکە...] کلێشەیەکی زۆر ناسراوە. بەتەواوی هەمان نەخشی سەر شاخی ئاسکە کێوییەکەی لاژری باس (Laugerie-Basse) مان بۆ دوبارە دەکاتەوە

که لەسەر لایەکی بیزۆنێک بە خەتێک دەستنیشانکراوە و پیاوێکی نێرتکڕەپیش بە باڵی کراوەیەوە، لەودیویشیەوە ئەسپێک نەخش کراوە. هەمان شانۆ، بە هەمان دژایەتیکردن، داتاشراوە لە ڕۆک دو سێر (Roc-de-Sers) و نەخشکراوە لە ڤیلار (Villars). بەوبۆنەیەوە بریتیە لە مژارێکی ناسراوی سەردەمی Solutréen وmoyen Magdalénien . <<

لە بۆنەی ڕێزگرتن بۆ یادی حەفتا و پێنج ساڵەی ژێرمێن دیێلتێرن (GermaineDieterlen)، جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر هەمان بۆچوونی بە ڕوونکردنەوەی بەم جۆرە:

<< لە ڕاستیدا چەند پشکێکی کاتیی ڕەمزی کە لە هەر یەکێکیاندا دەبینرێت سەلمێندراوە کە ئێمە ڕوبەڕووی زنجیرەیەکی زارەکین کە هەریەکێکیان جێبەجێکەرێکە، بە چەند سەدەیەک لە نێوانیاندا، بە خۆڕسکانەیی ئەڵقەی جیاوازی وەرگرتووە: دژ، ئەفسانە، گێڕانەوە، لە راستیدا گرنگ نیە. >>

ئەم بیرۆکەیە بە فراوانی وەرگیراوەتەوە لەلایەن هەندەک وتارنووسی جیاوزەوە، نمونەیەکی باشی ئەم بۆچوونە دەدۆزینەوە لای ئیناسیۆ گۆتس (Ignacio Gotz)، پرۆفیسۆری دێرینی بەراوردکردنی دینیی لە دانشگای هۆفسترا (Hofstra) لە لۆنگ ئیسلەند (Long Island) :

<< لەوانەیە چەند ئەفسانەیەکی گرنگ نیشاندرابێت لە بۆیەکاری گای ورگهەڵدڕاوی لاسکۆ و " پیاو – باڵندە" ی بیرەکە، یان ئەشکەوتەکەی لاسکۆ. بۆیەکاریەکی لە هەمان جۆر لە ڤیلار (Villars) دەدۆزینەوە، هەوەوەها لە ژێر شکڵی پەیکەرێکدا لە رۆک ئۆن سێر (Roc-en-Ser). بەهۆکاری ئەوەی پێنج هەزار ساڵ لە نێوان پەیکەری رۆک ئۆنسێر و بۆیەکاری لاسکۆداهەیە، لەوانەیە دەستنیشانی ئەوە بکات کە ئەم ئەفسانەیە کاتێکی زۆری خایاندووە لە ناوجەرگەی کەڵچەرێکدا کە ڕاڤەی بۆکردووە. >>

شتێکی چەندپاتەیە کە نوسراوی نوسەرە پێش مێژووەکان، بەم شێوەیە وەرگیراونەتەوە لەلایەن دیندارەکانەوە. وەرگرتنەوە ... و هەندەک جار بە زیادەڕۆییشەوە، وەک لە پەرەگرافی کتێبێکی کارێن ئەمسترۆنگ (Karen Amstrong) لەسەر چەمکی خودا و داهاتوی دین.

>> وێنەیەکی سەرنجڕاکیش، دەگەڕێتەوە بۆ 12000 ساڵ پ.ز، لە جێگایەکی ئەشکەوتیدا لە لاسکۆ، ناونراوە کریپت (**Crypte**)[43] چونکا زۆر قوڵترە لە بەشەکەی تری ئەشکەوتەکە، بیزۆنێک بە ورگهەڵدڕاوی نەخش کراوە، پاشەڵی بە ڕمێک پێکراوە. لە بەردەم ئاژەڵە بریندارەکەدا پیاوێک ڕاکشاوە، بە شێوەیەکی زیاتر سەرەتایی تر نەخشکراوە لە ئاژەڵەکە، بە باڵی کراوەیی، نێرتکی ڕەپی، لەگەڵ ئەوەشدا لە ماسکی باڵندە دەچێت. دارەکەی، بە تەنیشتیەوە لەسەر زەوی دانراوە، باڵندەیەکیش بە سەری دارەکەوە دەبیرێت، لە پیشاندانی ئەفسانەیەکی ناسراو دەچن، پێ دەچیت میتۆلۆژی بنیاتنەری ناشتن بێت. هەمان شانۆ دووبارە دەبێتەوە لەسەر شاخی ئاسکە کێوییەک لە ڤیلار، شوێنەوارێک نزدیک لەو، لەسەر بلۆکێکی دیواریی داتاشراوە لە جێ پەنایەکی ڕۆک دو سێر (Roc-de-Ser ) [ ... ] کە پێنج هەزار سال دێرینترە لەوەی لاسکۆ. پەنجا و پێنج نەخشی هاوشێوە لە ئەشکەوتی تردا دۆزینەوە [ ... ] . >>

لە سەرەتاوە چوار نەخشمان هەبوو، بە زۆری زۆردای کردنمان بە پەنجاو پێنج **!** لەگەڵ ئەوەشدا، چۆن پێداگرییە ناچونییەکانی لوغوا گوغان (Leroi-Gourhan) سەرنجی خوێندەرە دڵناسکەکانی ڕاناکێشن؟ چۆن دەتوانین بڵێین کە شانۆی بیرەکە >> بە تەوای وەک نەخشی لۆژری باس کراونەتەوە؟ هەروەها وێنەی ڤیلار و ڕۆک دوسێر دووبارەکردنەوەی >> هەمان شانۆ>> یە؟ ئەگەر نوسەرە پێش مێژووەکان نەرەنجێنێت، ئەوا بە ڕاستی گونجاو نیە. بەداخەوە، لەم نمونەیەشدا جارێکی تر، ئەم پشتراستکردنەوە خۆڕاییانە دووبارەکراونەتەوە بە بەردەوامیی بە بێ بچوکترین ڕەخنە.

ئەمەش چەند رکابەرێکی. ژۆرژ کاریێر (George Charrièrre) ڕیککەوتوە لەسەر ئەوەی کە >> لەو چوار نمونەیەدا، ڕاڤەکرن بۆ تێمێکی نزدیک لە یەک بە فەنتازمەوە >> بەڵام ئێستاکە کە بریتیە لە >> هەمان تێم >> بە زیادکردنی ئەوەی کە >> بۆ خوێندنەوەیەک بە مەبەستی ڕاوکردن، هەریەک لەم پیشاندانە جیاوازانە، زیاتر بە ڕشتی بنیاتنراو لەسەر ئەم یان ئەو ورودەکاری چیرۆک ئاسا، تەواوکەرن لەگەڵ ناوەرۆکێکی هاوبەشی بەهای پەروەردەیی >>. بە بیری ژۆزێف کامبێل ( Joseph Campbell) ئەو چوار دۆکیومەنتە نیشاندانی >> شانۆی بڕیاردەری چەند ئەفسانەیەکی سەرەکین >>: بریتین لە >> پێکهێنەری دێرینیترین میتۆلۆژی بە دۆکیومەنتکراو (لەگەڵ ئەوەشدا نەناسراوە) >>— هەموو ئەم پێداگرییە خۆڕاییانە لەم دواییانەدا لەلایەن میشێل ڕوسۆ (Michel Rousseu) ەوە وەرگیراونەتەوە.

میشێل روسۆ هەموو ئەم پێکێهێنانە کۆدەکاتەوە لەناو هەمان بابەتا: بەوەی >> پیاوی کوژراو >> یان >> مرۆڤی قوربانی >> بە گرەدانی لەگەڵ >> ئاژەڵ – شیوەمرۆڤ و

---

**Crypte[43] : ژێرخانێکە بۆ ناشتن لە هەندێک کە نیسەدا. (وەرگێڕ)**

برینداربییەکە، مردن >>. دۆمینیک بافیێر (Dominique Baffier) هەژماریان دەکات بە << شانۆی ڕاوکردن و پیاوی بریندار>>، بریژیت (Brigitte) و ژیل دولیوک (Gille Delluc) لە نێو << شانۆی ڕاوکردن >> دا. لیڤۆدۆبرێز (Livo Dobrez) پشتراستی دەکاتەوە کە << هاوبەندی فیگورەکان ڤیلار دوبارەکردنەوەی شانۆی لاسکۆیە >>، بە زیادکرنی ئەوەی کە << ئەم جۆرە دوبارەبوونەوەیە دیاردەیەکی ناسراو بووە لە پالیۆلیتیکدا >>. ڕۆمان پیژۆ (Romain Pigeaud) وەهای باوەرە کە بریتیە لە << تێمی " ڕاوکردنە لە کێشەدا" >>.

هەروەها مارسێل ئۆت (Marcel Otte) بوێری هەبوو بنوسێت کە << بیرۆکەی " ڕاوکەری ڕاوکراو" بە شێوەیەکی ڕێکوپێکی تەواو خۆی دەناسێنێت وەک **"Mythéme[44]"** ێک، ئەلیمەنتێکی ئەفسانەیی جێگیر و داڕشتەیی >>. لەگەڵ ئەوەشدا، بیانوهێنانەوە بۆ چوار کەیس لە سەر حەوت هەزار و هەشت سەد شێوەئاژەڵی ناسراو لە سەرجەم ئەشکەوتی ڕازاوە ڕێگامان پێ نادات باسی << ڕێکوپێکی >>بکەین، ( کە چەندە هەیە، زیاتر ناڕێکوپێکە ! ) سەرباقی ئەوەش کەمتر لە << ئەلیمەنتیکی میتۆلۆژی جێگیر >>.

کەواتە خۆمان ڕوبەڕووی یەکەم دەرئەنجام دەبینینەوە: ناتوانین بە هیچ جۆرێک << خوێندنەوە>> ی ئەم بێ وێنەیە کورتبکەینەوە بە خۆبەخۆیی، واتە بە بێ شایەتحاڵی هاوچەرخ، بە بێ تێکستی ڕوونکردنەوە...<< وەک خۆی لە خۆیدا دواجار نەمرێتی دەیگۆڕێت >> هەرکەسێک ئازادە بیکات بە پشتیوانی خەونەکانی، یان وەک ڕۆنێ شار (Rene Char) بیکات بە هەوێنی هۆنراوەیەک، بەڵام هیچ کەسێک ناتوانێت پەی ببات بە مەبەستی سەرەتایی هونەرمەند.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕیی تێ دەچێت بەردەوامی بە بۆچونەکانمان بدەین بە بەکارهێنانی تەکنیکی دۆزراوەی مۆدێرن بۆ نەخش. بە هەمان شێوە شیکاریش بۆ ئەو کەرەسە و ڕەنگانە بۆ دەستنیشانکردنی << جۆری ڕەنگ >> کە بەکار هێنراون لە لایەن هونەرمەندەوە، ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە کەرکەدەنەکە لە لایەن هەمان هونەرمەندەوە نەکراوە. تاقیکردنەوە بۆ ڕەنگەکان بە میکرۆسکۆپی ئەلکترۆنیک لە وزەدا دەریخستووە کە کەرەسەی نەخشی بیرەکە هەمووی پێکهاتووە لە ئۆکسیدی مانیانێز (Manganése) ی جیاواز دەوڵەمەند بە باریۆم، بەڵام جیاوازە لە وردەکاریدا. بۆ شیوەئاژەڵەکەی دەستە چەپ، بە ئۆکسیدێکی سروشتی کریپتۆمێلان و تۆزێک تۆدۆڕۆکیت کراوە، سەرنجی دەزولەیەکی باریک بە ئەستوری 5um دەدەین بەڵام بۆ باقی << شانۆ >> کە، واتە باڵندەکە، شیوەئاژەڵەکە و بیزۆنەکە بە هۆڵەندیت نەخشکراون، بریتیە لە پەڕە بە قەبارەی

---

[44] **Mythéme " : شکڵی بنەڕەتی ئەفسانەیە، داڕێژگەری خەیاڵی مرۆڤ.(وەرگێڕ)**

له سەرو 5um. جگە لەوەش، ئەستورییان جیاوازە :170 um   لە یەکەم کەیسدا، کەمتر لە 40 um لە وانی تردا. کەواتە، نەک تەنها پێکهاتەی ڕەنگەکان جیاوازن، هەروەها جۆری بەکارهێنانیشیان: بە تەکنیکی فوو کردن بە یارمەتی لولەیەک بۆ شێوەئاژەڵەکەی دەستە چەپ، بەکارهێنانی فلْچە بۆ باقی نەخشەکە. ئەو دەرئەنجامەش مشت و مڕی تێدا ناکرێت: << کەرەکەدەن >> ە کە بەهەمان << بۆیە >> ی نەخشەکانی تر نەکراون، پێ دەچێت هێلْکاریەکەی پێویستی بە ئامادەکاریەکی تر بووبێت، تەکنیکێکی تر، جۆرێکی ترە لە بەکارهێنانی ماتریاڵ. بەڵام، هەموو نەخشەکانی تری شانۆی ئەشکەوتەکە هەموویان پێکەوە گرە دراون، بە تەنها بە یەک تێکەڵەبۆیە کراون...— سوپەرایز—ئەسپەکەی کە لەولاوە بە جیا نەخشکراوە لەسەر دیوارەکەی بەرامبەر بە شیوەمرۆڤکە و باڵندەکە و بیزۆنەکە بە هەمان شێوە کراوە !

زیاد لەمەش، ناتوانین لێکدانەوە بکەین بۆ ئەو شەش خاڵە ڕیزکراوانە بە دواندوانی لە ژێر کلکی شیوەئاژەڵەکەوە وەک << تەپوتۆزی کەرکەدەن >> ە کە. ئاماژەپێکردن لەو << نیشانە >> یە بە تەوای لێمان دەرباز دەبێت، بەڵام جێگای تێبینییە کە لە شوێنی تر، لە ئەشکەوتی تردا بونیان هەیە، لە هەموو شوێنێکیش نا، لەبەر ئەوەی دەیانبینینەوە لە قوڵایی دورترینی دیڤێرتیکول فێلان (Diverticule de Félins ) ەوە. بۆ ئاندرێ لوغوا گوغا (André Leroi-Gourhan)  << زۆر گران دەبوو خۆمان ڕووبەڕوی نمایشتی لەوە ڕونتر بە کارەکتەری ئۆرگانیزەی جێ بەجێکردنی کاری هونەریی ئەشکەوت بدۆزینەوە >>  ئەم سەرنجدانەش زۆر بڕواپێهێنەرە لە هەر کەیسێکدا، دوو شوێنپەنجەی تری کەمتر ڕوون لە ژێرەوە تۆزێک بە چەپی دوو خاڵەکەی سەنتەردا، کارێکە کە درۆدۆنگی ناکەین بە ڕێکەوتی بزانین.

گەشەکردنی زانست لە تەکنەلۆژی ئاژەڵدا ڕیگەمان پێ دەدات سەرنجەکانمان جوانتر بکەین. فرنسوا سوبێران (Francois Soubeyran) تێبینیەکی داوە کە بیزۆنێکی بریندار هەرگیز هێرشبەر نیە. زیاد لەوەش، ئەگەر هێڵە هێلەکەییەکانی زگی بە مەبەستی پیشاندانی ورگی هەڵدڕاوی بێت، بە بیرمانادا نایەت ئەو ئاژەڵە داماوە ببینین بە ورگی هەڵدڕاویەوە هێرش بکات ! ئەگەریش زۆر سورنین لەوەی کە بە سەرسوڕمانەوە سەیری ورگی هەڵدڕاوی بکات لەکاتی هاتنەدەرەوەی ڕیخۆڵەکانی، ئەمەش باری دانانی کەلەسەریمان بۆ ڕونبکاتەوە، پێویستمان بەوە کەمترە کە واز لەو بیروبۆچونانە بهێنین کە گوایە پیاوەکە یەکەم جار بیزۆنەکەی بریندار کردووە، پاشان خۆی وەرگێڕاوە. لەوانەیە کە ئایا مردبێت بە سەرنجدان لە پێیە قنجەکانی، هەروەها باری سەمەرەی سەری، کەوتووە بەسەر سنگیا، دەتوانێت تێمان بگەیەنێت، چونکا زۆر لە ئاژەڵێک دەچێت کە بەنجکرابێت یان کەوتبێت.

ئەم شیکارانە دەیسەلمێنن هەتا چ ئاستێک دەزگاکان، سەرنجدانی دەستبەجێ، خوێندنەوەی << ساویلکە >>  دەتوانن هەڵخەڵەتێنەربن. بینیمان کە زۆر لە نوسەران شیوەئاژەڵەکەی

دەستە چەپیان خستبووە هەمان << شانۆ >> وە و کردبویان بە بەرپرس لە ڕوداوی ( ؟ ) ورگهەلدڕانی بیزۆنەکە یان کوشتنی ( ؟ ) پیاوەکە...کەواتە هەمویان بە هەڵەدا چوون. بە خستنە ڕوی لێکۆڵینەوەی زانستی بۆیەکەش، کەس بۆی نەدەچوو کە ئەسپەکەی سەر دیواری بەرامبەری ببەستێتەوە بە کۆی هەمان << شانۆ >> وە. کوتوپڕ تێ دەگەین کە شانۆکەمان یەک شانۆ نیە، ئەو ئەلیمەنتەی کە بە سەمەرە دێتە بەرچاومان، بە تەواوی جیا لە کۆی نەخشەکە، کاتێک چاومان وەردەگێرین بەرەو پشتەوە دەبینین، لە ڕاستیدا کاری هەمان دەستکردە، بەشداری هەمان کاری هونەری دەکات!

ئەم سەرنجانە بە هیچ شێوەیەک جۆرێک لە ئاماژەپێکردنی بنچینەییمان بۆ ڕوون ناکەنەوە، بەڵام کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە بە بەرپەرچدانەوە و لەبیربردنی هەموو ئەو خوێندنەوانەی کە شیوەئاژەڵەکەی دەستە چەپیان دەخستە ناو هەمان << شانۆ >> وە. بۆچی باسی << شێوەئاژەڵ >> بکەین لەبری کەرکەدەن؟ لەبەر ئەوەی، خوێندنەوەیەکی تر، زۆر بە ڕشتی ئارگیومەنتکراو، ڕێگەی پێداین دژی شکی شوناسی بووەستینەوە: هەرچەندە شارەزایەک وەک نیشاندانی Dicerohinus hemitoechus دەیناسێتەوە، یان << کەرکەدەنێکی دەشتەکی >> ئەگەری زۆر هەیە کە بیزۆنێک بێت، یان بەلایەنی کەمەوە بونەوەرێکی تێکەڵ بیزۆن- کەرکەدەن. کەواتە ئێمە هەرگیز هۆشیار نین.

لە سەرێکی ترەوە، زۆربەی نوسەرانی شانۆی بیرەکە پشتیان بە زانیاری و وتارەکان بەستووە، ئەمەش بە بێ کێشەنانەوە نیە. بینیمان یەکەم وتاری لابێ بغۆی ( l'Abbé Breuil) لەسەر وێنەیەک کە بەند بوو لەسەر ئەوەی کە نێرتکی ڕەپی سڕابویەوە، هەمان ئۆپەراسیۆن لەسەر یەکەم فۆتۆگرافی بڵاکراوە دووبارە بوویەوە. ئەگەر لابێ بغۆی بە تەوای لای دابوو بە تیۆریەکەی لەسەر ئونگۆن << ongones >>، هەموو ئەوانی تر چۆنایەتی کاری بغۆی دەناسنەوە کە بەرجەستەی کردبوو لە باسی ئەشکەوتەکەدا، ژمارەیەکی زۆری خوێندکارەکانی هەتا ئەم سەردەمەش بەکاری دەهێنن، بە تایبەتی بۆ شانۆی **(وێنەی 30 ).** بەڵام لێرەشدا کێشەیەک سەرهەڵدەدات: لابێ گلۆری نوسیبووی، لە دەوری بۆیەکاریەکە، نەخشی سەرنجڕاکێش...کە هیچ کەسێک نەیتوانی بیبینێتەوە، ڕێی تێ دەچیت گیرۆدەی دیاردەی پارێیدۆلیو **"Paréidolieù"**[45] بوو بێت : وەهای باوەڕ بوو لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە شوێنخەتی بینیبێت، بەڵام لە ڕاستیدا بوونایین نیە، یان ئەوەیە کە بینیبوێتی بەڵام لە بنەچەوە لەلایەن مرۆڤەوە نەکراون، بۆیە هزری لێکدانەوەی بۆ کرد بە تەواوکردنی بە پێی زانیاریەکانی لەسەر هونەری پێشمێژوو. سەرباری ئەوەش << ڕمە درێژەکە >> وەها پێشبینی بۆکراوە کە ورگی بیزۆنەکەی هەڵدڕیبێت خاوەنداره لەسەر زانیاری، چەماوەییەک کە ناتوانرێت ببینرێت لەسەر فۆتۆگرافییەکە. بەڵام، ئەوەی

---

[45] **"Paréidolieù" : پالرێلۆدۆلیۆ : بە مانای دۆزینەوەی شکڵێل دێت لە نەخشێکدا یان لە ناو سروشتا، بۆ نمونە دۆزینەوەی شکڵێکی فیگوراتیڤ لە ناو پەڵە هەورێکدا.**

بە ڕوونی نیشانی دەدات کە بە شێوەیەکی گشتی وەک تەنها چەکی هەڵدان لە ڕاستیدا بە دوو هێڵی بەیەک نەگەشتوو کراوە. هەرچۆنێک بێت: ئەو<< ڕمە درێژە >> ئەو << تیرەی کە بە بیزۆنەکەدا دەچەقێت >> لەوانەیە تەنها لە خەیاڵی نوسەراندا دەنا هەرگیز بوونی نەبووبێت. ڕاستە کە ئەو خەیاڵە بێ سنورە: بۆ نۆێل سمیت (Noel Smith،) ئەو ڕمە گوایە << کە وەها دیارە بە دوانەیی کراوە [... ] هیمای چونەژورەوە و هەتنە ژورەوەی هێزی ژیانە >>.




**وێنەی 30 : وابێژی لە شانۆی بیرەکەوە، بە بپێێ دوو کالکی L'abbé Glory، تۆزێک گۆڕانکاری تێدا کراوە. خەتی باریک بە بیری نوسەر هێڵکارین ... کە هیچ کەێک دوای ئەو نیتوانی بیدۆزێتەوە ( DAO بە بپێێ Vialou، ( pl. XXIII : a 1979**

متمانە بە کێ ببەستین ؟ بەشبەحاڵی خۆم، نەمتوانی خۆم بگەیەنمە ئەشکەوتەکە، بەڵام شیکاری فۆتۆگرافی بڵاوکراوە، وەک ئەوەی ڕوو- هاوشیوە، ڕازیم ناکات. بۆ نمونە، پرسیارێک کە هەرگیز نەکراوە ئەمەیە: ئەو<< نێرتک >> ە ئایا بە هەمان ئەو دەسەتە کراوە کە شێوەمرۆڤەکەی کردووە؟ زۆر دنیا نیم و، لە ئێستادا، بە نەبوونی لێکۆلینەوەی *ad hoc*، هیچ کەسێک ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە بە ڕوونی. ئەگەر وایە بۆچی ڕاڤە لەسەر ڕاڤە کەڵەکە بکەین؟ بۆ کارەکتەری پیاوە ڕەپبووەکە —— واتە بە هەستاویی —— ئەوەش دڵنیام ناکاتەوە، جگە لە ڕووکەشێکی لەوانەیە هەلخەڵەتەێنەر. لەو ڕوەوە، بە بۆنەی نامیلکەیەکی هەڵکەندراوی ئەشکەوتی مارش (Mrche) لە ڤییەنا، لیۆن پالێس (léon Pales) وماری تاسین (Marie Tassin) دان بەوەدا دەنێن کە یەکێک لەو کەسایەتیانەی کە تێیدا نەخش کراوە << چوکێکی بچوکی هەستاو >> وەک ئەوەی کە دەیبینین زۆر جاران لای منداڵان لە کاتی میزکردندا بە هەمان شێوە، بەڕەگەزیی ناسراوەتەوە لای بوشمانەکان >> بێگومان سەرسام نابین بە بەکارهێنانی دەستەواژەی << ڕەگەز >> لە ژێر قەڵەمی سەربازێکی دەستبەکار لە ڕابوردودا لە وڵاتی چاد، لە تەمەنی گەنجیدا چەند لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردەوە بە ناوی؛ ڕەگەزۆلۆژی بەراوردی

دانیشتوانی ڕۆژهەلاتی ئەفریقای فەرەنسی" Raciologie comparative des population de l’A.O.F".

ئەوەی دەبێت بیزانین لێرەدا ئەوەیە کە هەرزەکارەکانی کۆمەڵگەی سان (San) لە ئەفریقای خوارو زۆربەی جار خاوەنی ئۆرگانێکی << هەستاو لە کاتی پشودا بە لیگامەیەکی پەنجەیی بەتەواوی قنج >> ڕوکەشێکی ڕەپی هەڵخەڵەتێنەریان دەداتێ ( **وێنەی 31** )، کەواتە چۆن بزانین هەمان دیاردە نیە کە لە لاسکۆ دوبارەبۆتەوە؟



**وێنەی 31 : نێرتکی ڕەپ لای مرۆڤی سان San ( بە پێی Seiner 1912 :279 )**

ئەم کارەکتەری *نێرتکی ڕەپ* یە بە باشی ئەناسرێتەوە لە نەخشی دێرینی بۆیەکاری دیواریی سان (San) لە ئەفریقای خوارو، بۆیە بە هەڵەدا دەچین بە قسەکردن لەسەر << ڕەپبوو >> ئەگەر ئەوخەسڵەتە ئەتۆمییە بەربڵاوە دەناسینەوە لای ئەو کۆمەڵگەیە. با وەهای دابنێین کە ئەوە کارەکتەرێکی سەرەتاییە، تەنانەت میراتی پیاوی نێندەرتاڵیشە، ئەنترۆپۆلۆگ هەروەها کریپتۆزۆلۆگ هێلموت لۆف ویسۆوا ( Helmut Loof-Wissowa، -)، دڵنیایە لە ڕەسەنایەتی ئەفسانەی پیاوی مینێسۆتا (Minnesota)، کە ئاماژەی پێکراوە، ئەو وێنە دەگمەنانەی کە وایان دەبینین << ڕەپبوو >> پێش مێژوویی دواهەمینیان بە هەتایی دەکات ( یان— بە بیری ئەو— پێش— دواهەمین ! ) . کە *Homo nendertalensis* پێشان دەدات. بەم جۆرە، بۆ ئەو، کەسایەتی لاسکۆ پیاوێکی نێندەرتاڵە!

لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوە لەسەر *نێرتکی ڕەپ*، یان ناوهێنانی، ژمارەیان زۆر نین لەسەر ئەفریقای خوارو کە ئەو کارەکتەرە بوونی هەیە لای لە سەدا 65 ی دانیشتوانی سان (San). سەرنج لەم تایبەتمەندییە دراوە لە شوێنی تری جیهاندا، بە تایبەتی باکوری ڤێتنام، ئەگەر بوونی لە جیهاندا لە ئێستاد باش نەناسراوە. هەمان هۆکاری سەرەکی کەیسی سەردەمی ئەنتیکیتێ و پێش مێژووشە. بەبێ ئەوەی بکەوینە زیادەڕۆیی هێلموت لۆف ویسۆواوە، دەتوانین پالیۆلیتیکەکان بەدەرکەین، بەتایبەتی شێوەمرۆڤی لاسکۆ، سەرباقی ئەوەش نێرتکی ئەمیان تیژە، بەو هۆیەوە وەک نیشانەی **فیمۆزی** "Fimosis"[46] لێکدانەوەی بۆ کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئۆرگانی تیژ کارەکتەرێکە دەبەسترێتەوە بە نێرتکی ڕەپەوە.

وەک دەبینین، ئاسانە زێدە لە پرسیارەکاندا بکەین، سەرەڕای بێخەمیی لە دڵنیایی هەموو نوسەرەکان کە یەک لە دوای یەک هەموویان سوربوون لەوەی خوێندنەوەیکی دروستیان پەیڕەوی کردووە، دواجار لێکدانەوەیەکی باشیان بەدەستهێناوە. بەڵام تەنها دانپیانانێکی گونجاو، ئەوەیە کە شانۆی بیرەکە بەرخۆدان بەرامبەر هەموو لێکدانەوەکان دەکات...ئەمەش بۆ هەموو نەخشە بەردیەکان و ئەشکەوتیەکان، تەنها لە هەندەک کەیسی نوێدا نەبێت کە بکەرەکانی ناسراوون.

لەهەمان کاتا هەندەک داشکاندن ڕیی تێ دەچێت، بۆ نمونە، چەندپاتە کە سروشتی، ڕواڵەتی، ڕوداوی سروشتی دیواری ئەو ئەشکەوتانەی کە نەخشیان لەسەر کراوە، بۆیەکاری بێت یان هەڵکەندراو، کارەکتەری پێشوەختەی بەرجەستەکراو بەکار هێنرابێت بۆ کردنی هەندەک فیگوری ئەشکەوتەکان. لە بیرەکەی لاسکۆدا، هێڵی پشتی گامێشەکە تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ درزێکی بچوکی دیوارەکە، پاشەڵیشی سنووردار کراوە بە هەڵتۆقیوەیەکی هەمان شێوە، جەستەشی شکڵی شڵپەیەکی گڵە سورەی زەردی هەیە بێگومان بە تەواوی جیادەکرێتەوە لە کلسی سپی دیواری ئەشکەوتەکە، پێ دەچێت لەو کارەکتەرەدا ئێمە دەبێت بە دوای هۆکاری ڕەوشی کەلەسەری نائاسایی سەریا بگەڕیین.

- o 0 o -

پتەواندنە خۆڕاییەکان دەربارەی شانۆی بیرەکە بەردەوامیان هەیە لە گەشەسەندنیان لە ژێر قەڵەمی زانایاندا، بەوبۆنەیەوە ستانیسلاس دێهێن (Stanislas Dehaene)، خاوەنی بڕوانامەی Psychologie Cognitive Experimentale لە کۆلێژی فەرەنسا، لە

[46] **Phimosis فیمۆزی : (دیاردەی تەسک بوونەوەی چوکی مندال لە بەشی پێشەوەیدا کە کێشە دەنێتەوە بۆ لابردنی پێستی لەسەر پۆپەی، نەشتەرگەری بۆ دەکرێت دوای تەمەنی دوو ساڵ).(وەرگێڕ)**

سەرەتای کتێبەکەی بە ناوی کۆدی زانین (code de la conscience) بە کۆمێنتێکی دورو‌ودرێژ، ئاوا باسی لاسکۆ دەکات:

<< پیاوەکە بە پشتا راکشاوە، باڵەکانی بڵاوبونەتەوە، پانایی دەستی بەرەو سەرەوە وەرگێڕاوە. بە تەنیشتییەوە باڵندەیەک لەسەر چڵەدارێک نیشتۆتەوە. لەولاترەوە، ڕمێکی شکاو کە ورگی بیزۆنێکی گەورەی هەڵدڕیوە و ڕیخۆڵەکانی هاتونەتە دەرەوە>> پاشان تێزی میشێل ژوڤێ (Michel Jouvet) وەردەگرێتەوە کە چۆن ئەم شانۆیە ئاماژەیە لە خەونێک و باسی ناوەرۆکی خەون دەکات:

<< [ ... ] پیاوێک راکشاوە، وادیارە خەوتووە یان چۆتە ناو قوڵایی خەونەوە. بەو بۆنەیەوە کارەکتەری ڕەپبوونی قۆناغی خەوتنی پارادۆکسالمان نیشان دەدات، کە خەونەکان تێیدا زۆر بە گوڕن. بە تەنیشتیەوە بیزۆنێکی ورگ هەلدڕاو و باڵندەیەک. بە ڕای میشێل ژوڤێ (MiChel Jouvet)، شارەزا لە بواری خەوندا، لەوانەیە بریتی بێت لە دەستنیشانکردنی یەکەمین خەوبینین و ناوەڕۆکی خەونەکەی.>>

پاشان نۆرەی ئارگیومەنت- ناڕاست، کە پێشتر زۆرجار دووبارە بونەتەوە، کە بریتیە لە هەوڵدان بۆ پشترارستکردنەوەی ئەو جۆرە گریمانانە بە پشتبەست بە زانیاری تەکنەلۆژیای نوێیی یەکنەگرەوە، هەلخەڵەتێنەر و بە هەمەکی کراو.

<< لە زۆربەی کەڵچەرەکاندا، باڵندە هێمای فڕینی ڕۆحە لە خەوندا یان دوای مردن. ئایا بەشێکی زۆری خەون بەرپرسە لە مەزەندەکردنی دیوالیسم، ئەم بیرۆکە هەڵەیەی بەگوێرەی ئەوەی کە ڕۆح و جەسەتە لە دوو پانتایی تەواو جیاوازدان ؟ >>

چۆن نەیبینین کە بە زیادکردنی نمونەی وامگر لە چەند کەڵچەرێک هیچ نەسەلمێنن؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ئەو مانۆڤەرەیە کە ستانیسلاس دێهێن (Stanislas Dehaene) پەیڕەوی دەکات، بە زیادکردنی نزدیککردنەوەی بێ سەلماندنی شانۆی بیرەکە لەگەڵ میتۆلۆژی ئۆزیریس و چەند بەراوردکردنێکی تریش کە پێی وابوو لە فەنتازیایەکەوەیە << مۆدێلی کۆمەڵەی ڕێکخراو archetypale association >>:

<< شرۆڤەکردن دەتوانێت وەک فەنتازیا ببینرێت، ئەگەر لە هونەر و رەمزی کەڵچەرە هەرە جیاوازەکاندا نەیان دۆزینەوە، ئەم بەیەکگەیشتنییە بەکۆمەڵییانەی خەون، هی باڵندەکە، ڕۆح و رەپبوون. لە میسری کۆندا، باڵندەیەک بە کەلەی مرۆڤەوە، زۆر جار خاوەنی نێرتکێکی سەمەرەی ڕەپە، ڕمزی (Ba) یە، ڕۆحی بێ ماتریاڵە. هەموو کەسێک (Ba ) یەکی نەمری دالّدە داوە و دوای مردنی فڕیوە و جێی هێشتووە. پیشاندانێکی ترادیسۆنێلی خواوەندی ئۆزیریس، بە سەرسوڕمانەوە هاوشێوەی شانۆی لاسکۆیە، پیشانی دەدات ڕاکشاوە لەسەر پشت، نیڕتکی هەستاوە، لەکاتێکدا ئیسیسی کونەپەپوو بەسەریا

